دیکشنەریی ئەندێشەی مارکسیستی

بەشی سێیەم

ئیدیتۆرەکان:
تۆم بۆتۆمۆر
ڤی.جەی
کیرنان لارێنس هەریس
رالف میلیباند

وەرگێڕانی: هاوڕێ یوسفی

تیۆلۆژیای ڕزگاری
(liberation theology)

یەکەم بەردی بناغەی تیۆریی ئایینی مەسیحی لە جیهانی سێیەم، بە مەبەست و ئامانجی ڕزگاربوون لە ستەم وەک بابەتێکی ئایینیی گشتی دانرا. تیۆلۆژیای ڕزگاری کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکای لاتین و ڕابردووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1960، کۆمەڵێک چەمکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا لێکدەهاڵێنێت و تێکەڵیان دەکات. هەم تیۆلۆگەکان و هەم کۆمەڵناسانی هاوڕا لەوانەیە بە ڕوانینێکی ڕووکەشیانەوە تیۆلۆژیای ڕزگاریدەر -بەتایبەت بۆ کەڵک وەرگرتن لە تیۆری کۆمەڵایەتیی مارکسیستی و نیۆ مارکسیستی- بە فۆرمێکی تیۆریی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ دابنێن کە ئەخلاقی باو کە بنەماکەی دادپەروەریە لە ڕوانگەکەیدا دەگونجێنێت. لەڕاستیدا وەڵامی فەرمیی ئەم دواییانەی کڵێسای کاتۆلیک بە تیۆلۆژیای ڕزگاری گومان لە پێگەی مەعریفەناسانەی ئەو تیۆلۆژیایەی کە هەوڵدەدات بنچینە ماتریالیستیەکانی مارکسیزم و توخمە بەرزەجێکانی مەسیحییەت بکات بە یەک دەکات. («مەجمەعی ئامۆژەی باوەڕ» 1984). فۆرمی پەیوەندیئامێزی تیۆلۆژیای ڕزگاریدەر لەمپەرێکی سەرەتایی بۆ پێناسەکردن. دەتوانین بچینە پێشتر‌ەوە و بڵێین کەڵکوەرگرتن لە ناوی تاکانە، واتە تیۆلۆژیا، بۆ وێناکردنی کۆی سەرچاوە ڕزگاریدەرەکان، وەک ئەوەی بڵێی لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ بەراورد لەگەڵ تیۆلۆژیای سیستماتیکی کلاسیک دەبێت، چەواشەکارانەیە. چەندان تیۆلۆژیای ڕزگاریدەر بوونی هەیە: تیۆلۆژیای ڕزگاریدەری ڕەش پێستەکان (کانی 1969)، تیۆلۆژیای ڕزگاریدەری جولەکە (ئێلیس 1987)، تیۆلۆژیای ڕزگاریدەری ئاسیایی (سوو گوانگ سوون 1983)، تیۆلۆژیای ڕزگاریدەری ئەمریکای لاتینی (هایت 1985). جگە لەمانە، تیۆلۆژیای سیاسیی درۆیینیشمان هەیە کە لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی فرانکفۆرتدایە و ڕەنگە بکرێت بە تیۆلۆژیای ڕزگاریدەری کۆمەڵگای ڕۆژئاوا پێناسەی بکەین (مێتز 1969). بە دەربڕینێکی دیکە، پتر «تیۆلۆژیا ڕزگاریدەرەکان» بوونیان هەیە تاکو «تیۆلۆژیایەکی ڕزگاریدەر».

ئەگەرچی پێناسەیەکی یەکگرتوو و ڕوون بوونی نیە، کە بتوانین ئەم تیۆلۆژیایە لەژێر ناوێکی یەکگرتوودا لێکهەڵێکەین، چونکە لە گریمانەکان لەمەڕ پێویستیی تیۆلۆژیای هاوچەرخ بۆ ئاڕاستەی جوواڵیان لەسەر سێ بەها کۆکن: یەکەم، شیکاریی ستەم و فۆرمە ڕزگاریدەرەکانی هاتەریبی، دووهەم، بەکارهێنانی شیکاری و تیۆری کۆمەڵایەتی وەک ڕاستکردنەوەیەکی شێوازی «»تایبەتیکراو»ی تیۆلۆژیای نەریتی و سێیەم، کەڵکوەرگرتن لە پارادایمی ڕزگاری بەپێی «سفری دەربازبوون».

ستەم و ڕزگاری

ئەو شێوە جیاوازەی تیۆلۆژیاگەری کە لە توێژینەوە ڕزگاریدەرەکاندا پەروەردەکرا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی شیکاریی ئەزموونەکیی تێر و تەسەلی فۆرمەکانی ستەم و شیکاریی کۆمەڵناسی و سیاسییەکان. لە ئەمریکای لاتیندا تیۆریسینەکانی پەروەردە و ڕاهێنان بۆمونە پاولۆ فریێرێ (1970) نیگارکردنی هەژاری و لاوازیان لەناو جەماوەردا هەڵکشان. لە ڕەوتی سازدانی ئەو فۆرمە نوێیانەی پەروەردە و ڕاهێناندا، ئەم خاڵە دەرکەوت کە شیکاریی کۆمەڵایەتی- ئابووریەکانی مارکس لە دەسنیشانکردنی ئەم فۆرمانە، وەک لێکەوتە ناچارەکیەکانی یەکێتی سروەت و دەسەڵاتی تایبەتی سەرمایەداری، شیکاریەکیکاریگەر و کارامەیە. بەشێکی ئەو تیۆلۆگانەی لەگەڵ خەڵک لەسەر ئەزموونی هەژاری ڕامان، دەستیان بە دوان کرد لەسەر «بونیادەکانی سەرکوت» و بە شڕۆڤەی بارودۆخ لەڕوانگەی تۆلۆژیاڵەوە، زاراوەی «بونیادەکانی تاوان»یان قبووڵکرد. ناڕوونە ئایا تیۆلۆگە ڕزگاریدەرەکان لەنێوان تیۆلۆژیاگەریی تایبەتی خۆیان و شیکاریی تایبەتی مارکس لە ستەم لە ڕەخنە لە فەلسەفەی دەوڵەتی هێگل

(1843)دا کۆمەڵێک پەیوەندیی گرتبێت بەپێی دەق. بەڵام وێکچوونەکان ئاشکران. مارکس چینی ستەمکار بە دوو شێوە دەسنیشان دەکات: «جیسمانی سنووردارێتی»ەکەی... «کە دەبێتە هۆی هەڵەی گشتی» (لەڕوانگەی تیۆلۆژیای ڕزگاریدەرەوە ئەمە دەتوانێت هەمان بونیادەکانی تاوان بێت کە هەژاریی بەربڵاوی لێدەکەوێتەوە)، یاخود لەڕێگەی کەمایەسی و پێنەگەیشتوویی پانتایەکی تایبەت کە وەک « تاوان و جنایەتی ڕیسوای کۆی کۆمەڵگایەک»ی لێدێت (کە دەتوانێت پێگەی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی [بەدەستی] نازیەکان نیشان بدات لە تیۆلۆژیای ڕزگاریدەری جوودا) (مارکس 1844، لە نووسینەکانی خولی سەرەتاییدا، 1975). لایەنی بەرجەستەی تیۆلۆژیای ڕزگاریدەر گوزەر و تێپەڕینی تێگەیشتنی کەسی و دەروونناسانەیە لە بنچینەکانی تیۆلۆژیا بەپێی تەفسیر و شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسانە لە واقیع. بۆنموونە، پێشنیازەکانی کلێسەی کاتۆلیک لەمەڕ شێوازی ژیانی زەینی بەپێی هەژاری، لە تیۆلۆژیای ڕزگاریدەردا جێگەی خۆی بەخشیوەتە «بژاردەی لە قازانجی هەژاران». لەوێوە کە کلێسا لەگەڵ خاوەن سروەتی ستمکاردا ڕێکەوتووە، هەنووکە دەبێت بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاریدا دەست بخاتە نێو دەستی هەژارەوە. ئەم پێشنیازە بۆ «بژاردەی بنچینەیی لە قازانجی هەژاران» بۆ ئەم ڕوانگەیەی مارکس دەگەڕێتەوە کە «گەر بڕیار وایە چینێک بەشێوەیەکی تەواوەتیی ببێتە چینێکی ڕزگاریدەر، ئەوکات دەبێت چێنەکەی دیکە چینێکی ستەمکار بێت» (1975، 154).

ئەنجامگیریەکەی مارکس (بە دەنگدانەوە تیۆلۆژکە غەریبە تایبەتەکانی خۆی) بەو پێیەی کە ستەمی کۆمەڵایەتی لەم چەشنە بەمانای «کەوتنی تەواوەتیی مرۆڤایەتیی، کە لێرەوە تەنیا دەتوانێت لەڕێگەی ڕزگارکردنی تەواوەتیی مرۆڤایەتیەوە خۆی ڕزگار بکات» (ل 156)، ناواخنی دواڕۆژناسیی خەبات لەپێناو سازدانی «مەلەکووتی خودا»ی گشتی (بە لێکەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیەوە) بەشێوەیەکی سێکۆلار موتوربەدەکات کە جێگەکەی جەرگی تیۆلۆژیای ڕزگاریدەرە. ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئامۆژەی برایەتیی گشتی لە حوکمێکی وادا، دەتوانێت ئەم گوتەیەی مارکس سەبارەت بە «قسەی بێمانا دەربارەی عەشقی گشتی» بەڕووی ئەو تیۆلۆگە ڕزگاریدەرەدا بداتەوە کە ئەم گوتە بێمانایانە دەگێڕێتەوە. سەرباری هەموو ئەمانە، چەند پارچە لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفیەکاندا هەیە کە وەبیرهێنەرەوەی ناواخنی یەکێتیە لە لە تیۆلۆژیای ڕزگاریدەردا و ئەنجامگیریی ڕەخنەی مارکسیستی لە پرسی جوو نووسینی باوێر بیرهێنەرەوەی هەرئەم ناواخنەیە.

تیۆری کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ

گشتیکردنەوەی پەیامی دیانەتی مەسیحی، ناتوانین لە ڕەوتی پێشکەوتن و سرووشتی تیۆلۆژیای ڕزگاریدەر تێبگەین مەگەر بە تێبینی و تاڕادەیەک، یەکەم وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر تاکگەرایی تیۆلۆژیای کلاسیکی ڕۆژئاوا و دووەم، بەرامبەر بۆچوونی تیۆریکی کۆمەڵایەتیی ئەندیشەی کۆمەڵایەتیی کاتۆلیکی نەریتی. بۆ چارەسەرکردنی لاوازیی یەکەم دوو هۆکار کاریگەرییان هەبوو: تیۆلۆژیای سیاسیی ئەڵمانیا کە مێتز (1968، ل3) بە «ڕاسکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئاراستەی تیۆلۆژیای هاوچەرخ بۆ چڕبوونەوە لەسەر تاکی تایبەتی» پێناسەی دەکات و وەبەرهێنانەوەی واتای کۆمەڵایەتیی کتێبی پیرۆز لەلایەن مەسیحیەکانی ئەمریکای لاتینیی دەرگیر لەگەڵ خەبات بۆ دادپەروەری و یەکسانی. تیۆلۆژیای ڕزگاریدەر هەوڵیدا لاوازیی دووەم بەم شێوەیە چارەسەر بکات کە لەڕێگەی بەکارهێنانی هاریکاریە فیکریە مارکسیستیەکان ئەم خاڵە بسەلمێنێت کە شیکاریی ستەمی کۆمەڵایەتی پابەندە بە تیۆرێک سەبارەت بە لێکدژی و کردەوە. تیۆلۆژیای مەسیحی هەوڵیدا لە کەڵەرگرتن لە ڕوانگە مارکسیستیەکان بژاردەکارانە بجوولێتەوە و سیستمی مارکسیستی قبووڵ نەکات، بەڵام زۆربەی شرۆڤەکارانی مەسیحی گومانیان هەیە لەوەی کە ئایا دەتوانین شیکاری

بەکاربهێنـی بەبێئـەوەی هەروەهـا تەفسـیر یـان شرۆڤەیەکـی ماتریالیسـتی لـە مێـژوو قبـووڵ بکەیـن.

ئـەو شـتەی بۆچوونـی تیۆلۆژیـای ڕزگاریـدەر لـە فۆرمەکانـی پێشـوو جیادەکاتـەوە و لـەوە گرینگـتر، ئـەوەی مەعریفەناسـیە جیاوازەکـەی پێکدەهێنێـت، لـە کەڵکوەرگرتنـی لـە زاراوەی پراکسیسـدا کورتدەبێتـەوە. تیۆلۆگـە ڕۆژئاواییـەکان لـە نەریتێکـدا پـەروەردە و ڕاهاتـوون کـە ناسـینی تیۆریک پێشـدەخەن و لەپێشـەوەی دادەنێـن. سـەرەتا حەقیقـەت دێـت پاشـان بەکارهێنانەکـەی. تیۆلۆگـە ڕزگاریـدەرەکان گۆمـان لـەم پێکهاتەیـە دەکـەن و بـۆ کـردە وەپێشـدەخەن و لەپێشـەوەی دادەنێـن، پراکسـیس پێـش تیـۆر دێـت. بەبێئـەوەی کەڵکداریـی ئـەم بۆچوونـە بـۆ تیۆلۆژیـا ڕەتبکرێتـەوە، دەتوانیـن بپرسـین کـە ئایـا ئـەم کەڵکوەرگرتنـە لـە پراکسـیس شـتێکە جگـە کەڵکوەرگرتنـی ئاریسـتۆ لـەم زاراوەیە بـۆ پێناسـەکردن و وەسـفی ئـەو پرسـانەی پەیوەندیـان بـە ژیانـەوە هەیـە لـە پۆلیـس یـان دەوڵەت-شـاردا، لەحاڵێکـدا بـۆ مارکس «پراکسـیس» ئامـاژە یـان گەڕانەوەیەکـی تایبەتـە بـەو کردەیـەی کـە پەیوەندیـی لەگـەڵ پەیوەندیـە بەرهەمهێنەرەکانـدا هەیـە. جارێکـی دیکـە، پەیوەندیـە نزیکەکانـی نێـوان چەمکـی پراکسـیس لـە مارکسـیزم و تەفسـیری ماتریالیسـتی لـە واقیـع دەبێـت کۆمەڵێـک دژواری بـۆ تەفسـیری تیۆلۆژیکاڵـی مێـژوو سـازبکات.

پارادایمی دەربازبوون

سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، سـەرمان لێدەشـێوێنێت ئەگـەر بەجۆرێـک دەربـارەی تیۆلۆژیـای ڕزگاریـدەر بدوێیـن کـە چـما بەردەوامەتیـە لۆژیکیەکـەی بەشـێوەیەکی سـنووردار بەپێـی هاوتەکیـی وردی و دروسـتی لەگـەڵ مارکسـیزمێکدا حەتمیـە، بەتایبـەت لەسـەردەمێکدا کـە مارکسـیزم لـە بێخەوشـیی سرووشـتی گشـتیی و یوونێقێرسـاڵی گـوزارە ئابووریەکانـی خـۆی، خـۆی پـتر لـە جـاران بـەلاواز دەزانێـت. ڕەنگە لـەم بڕگەیـەدا مارکسـیزم دەبێـت شـتێک لـە تیۆلۆژیـای ڕزگاریـدەرەوە فێربێـت.

لـە 1912دا، ئێرنسـت بلـۆخ، لـە تەفسـیرە نـوێ و سـەربەخۆکەی خـۆی لـە مارکسـیزم، دژی ئـەم بۆچوونـەی ئێنگێلـس و ئەوانیدیکـە بەڵگـە دەهێنێتـەوە کـە ئـەو زمانـەی کـە تومـاس مۆنسـتێر لـە جەنگـی وەرزێرانـی 1542دا بـەکاری هێنـا نـەک فۆرمێکـی گـۆڕدراو و داپـۆشراوی ئامانجـە سیاسـییە گەردوونیـەکان، بەڵکـو دیارکەوتنـی ئەزموونـە دینیـە قووڵەکانـە کـە دەربەسـتیی سیاسـیش پـەروەردە دەکات. لـە تیۆلۆژیای ڕزگاریدەردا «سـفری دەربازبـوون» لـە هەڵکشـاندنی هەوڵـی مەسـیحی بـۆ دابـڕان لـە کۆتوبەندەکانـی سـتەم خـاوەن پێگەیەکـی گرینـگ و پاڕادایمیـە. لـە چیرۆکـی دەربازبوونـدا، ئیـمان و سیاسـەت دەکەونـە شـانی یەکـتر‌ەوە، کـرداری خەڵـکان و کـردەی خوداوەنـد یەکێکـە، واقیعـی سیاسـی و ڕووداوی تیۆلۆژیـک هاوتەریـن.

لـە گۆشـەنیگای پڕۆسـەی ڕزگاریـدەر خۆیـەوە، «سـفری دەربازبـوون» دوو بڕگـە دستنیشـان دەکات: ڕزگاری لـە (سـتەمی فیرعـەون)، و ڕزگاری بـەرەو (خاکـی مەوعـوود). هەرئـەوم پاڕادایمەیـە کـە بەشـی هـەرەزۆری تیۆلۆژیاگەریـی ڕزگاریـدەر ئاراسـتە دەکات. پێـش ئەمـە لـە 1968دا، «کۆنفرانسـی قەشـەکانی ئەمریـکای لاتیـن» لـە بەڵگەنامـەی بەناوبانگـی مێدلیـن (کـە بـە فەرمـی پەرژایەسـەر ناواخنـە ڕزگاریـدەرەکان) ئامـاژەی بـە هێـزی شۆڕشـگێڕانەی ڕامـان سـەبارەت بـە ڕزگاری لـە «دەربازبـوون» کـرد و گۆتیـرز (1973، ل 159) باسـی ئـەوە دەکات کـە «ئـەو سـفری دەربازبوونـە» بـەردەوام زینـدوو و هاوچەرخـە چونکـە خەڵکانـی خـودا دەکەونەبـەر ئەزموونـە مێژووییـە هاوشـێوەکانەوە.»

بـۆ زانیاریـی زیاتـر بڕوانـە بـۆف، ئێـڵ. 1985، بـۆف، ئێـڵ. وێ بـۆف، سـی. 1987، بونینـۆ، جـەی. 1983، کۆنسـیلۆم 1987، کانـی، جـەی. 1969، ئێلیـس، ئێـم. ئێـچ. 1987، فرێـرێ، پـی. 1970، گوتیـرز، جـەی. 1973، هایـت، ئـارِ. 1985، لیـن، دەی. 1984، مارکـس، کارل 1975، مێتـز، جـەی. بـی. 1968، 1969، سـابرینۆ، ڤـەی. 1978، سـوو گوانـگ سـوون، دەی. 1983.

فرانسیس پی. مەک هیڤ

ئیمپراتۆریاکانی ڕۆژگاری مارکس (Marx,s empires day)

مارکس و ئینگێلس سەرنجێکی زۆریان داوەتە ئیمپراتۆریاکان، کۆمەڵێک ئیمپراتۆریای جۆراوجۆر و ناهاوچەشن: لە ئەورووپای کۆندا ئیمپراتۆریای ڕۆما، لە سەردەمێکی نەک زۆر دووردا ئیمپراتۆریای ڕووخاوی مەغوول لە هێند و لەوکاتدا دەسەڵاتی ڕوولە کەوتنی ئیمپراتۆریای مێنچۆ لە چیندا. مارکس و ئینگێلس لە بەرینکردنەوەی ئەورووپای سەردەمی خۆیدا لەژێر هەمان تیشکدا دەخوێندەوە کە سەرمایەداریان لەناو ئەورووپادا. هەردووکیان وەک خۆیان وەحشیانە و قیزەون بوون، بەڵام بۆ ئەوکەسانەی گرفتاریان بوون، بە پاڵنەرانی پێویستی پێشکەوتن دادەنران. ئەفریقا و ئاسیا ژیانێکی ماندووکەریان هەبوو و مارکس و ئینگێلس گومانیان لەوە نەبوو کە درز و کەلێنێکی گەورە لەنێوان ئەم ناوچانە و تەنانەت دواکەوتووترین حکوومەتەکانی ئەورووپا دەمی کردۆتەوە. مارکس ڕێزێکی زۆری بۆ کۆنت گۆرۆسکی، یەکێکلە وتەبێژانی ڕووسیایی پان سلاڤیزم، قایل بوو، مارکس ڕقی لە گۆرۆسکی وەک ئامرازی دەسەڵاتی تیزاریزم بوو، بەڵام ڕێزەکەی لەبەر ئەوە بوو کە گۆرۆسکی پشتیوانی لە «یەکێتی دژی ئەورووپا و ژیاری ئەورووپی» نەدەکرد و مۆڵگەی ڕاستەقینە بۆ [دەرکەوتنی] توانستە سلاڤۆییەکانی بە «وێرانیی سەقامگیری» ئاسیای دەزانی. لەوێدا «ڕووسیا دەسەڵاتێکی ژێاربەخشە» (پرسی ڕۆژهەڵات، ژمارەی 98). هیچ ئیمپراتۆریایەکی ئاسیایی نەیدەتوانی خاوەنی فەزیلەتێکی وەها بێت، تەنانەت ئیمپراتۆریای تورکەکان کە پایەکی لە ئەورووپادا بوو. بۆ مارکس ڕوون بوو کە دۆخی نیمچە وەحشیانەی ناوچەی باڵکان پتە لەبەر ئامادەیی ئیمپراتۆریای تورکەکانە، ئەگەر خەڵکانیی ئەم ناوچانە ئازادی خۆیان دەستەبەر کربا زۆری نەدەخایاند کە نەفرەتێکی قوڵیان لە ڕووسیای تێزاری هەڵدەگرت، وڵاتێک کە چما ناچاربوون داوای پشتیوانی لێبکەن (پرسی ڕۆژهەڵات، ژمارەی 1).

دواکەوتوانی فێقریە کۆمەڵێک گەڵاڵەی گشتیان بۆ جۆرێک ئیمپێریالیزمی یۆتۆپیایی لەگەڵ سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی خۆیاندا دارشت و گرێدراویەکی تایبەتیان پەیدا کرد بە ئافریقای باشوور وەک بواری پەرەسەندنخوازیی فەرانسا و هیواداربوون ئەم کارە لەڕێگەی پڕۆسەیەکی پتر پێکەوەژیانی دۆستانە لەگەڵ دانیشتوانی ئەم ناوچانە بکرێت. مارکس و ئەنگلس وەها وێنایەکی خۆشبینانەیان نەبوو، بەڵام وەک زۆربەی هەرەزۆری ئەورووپیەکان داگیرکردنی ئەلجەزایەر بەدەستی فەرانسایان بە پێشکەوتنێک لە سنووری شارستانیەتدا دەزانی. زۆر پاشتر، لەکاتی داگیرکردنی میسر لەلایەن بریتانیاوە، ئینگێلس ئامادەبوو یەک لەسەر دە قومار بکات کە عەرەبی پاشا، سەرکردەی ناسیۆنالیست، خەونێک لەمە زیاتری نەبوو کە لەبری ئەوەی بهێڵێت سەرمایەدارانی بیانی وەرزێران بڕووتێننەوە بۆخۆی بیوانێت ڕووتیان بکاتەوە، «لە وڵاتێکی وەرزێرانەدا، وەرزێر تەنیا لەبەر ئەوە بوونی هەیە کە بچەوسێندرێتەوە» ئینگێلس دەڵێت کە دەکرێ هاوەردی بکرێ کۆمەڵانی ستەملێکراودا و «بێبەزەیی ئینگلیزیەکان مەحکووم بکرێت بەڵام هاوکات بەهیچ شێوەیەک نەبینە لایەنگری لایەنێکی سەربازیی هەنووکەیی» (نامە بۆ بێرنشتاین، 9ی ئووتی 1882).

بەڵام ئەم ڕوانگە گشتیە ڕێگر نیە لەبەردەم ئەوەی ئەو و مارکس سەبارەت بە فرەچەشنیی دامەزراوە لۆکاڵیەکان، پاڵنەرەکان و مێتۆدەکان بەئاگا بن. هیچ تیۆرێکی یەکە لەمەڕ ئیمپێریالیزم وەک ئەوەی مارکسیستەکانی دوایی هەوڵیاندا گەڵاڵەی بکەن، ناتوانێت کۆی پڕچەکدارەکانیان بگرێتەوە. مارکس ڕووی نەکرایەوە بەرووی هەموو سەرکەوتنە کۆلۆنیالیەکاندا، تەنانەت لەم ڕووەوە کە ڕەنگبێ ببنە لەمپەر لەبەردەم ئەو شتەدا کە بۆخۆی بە کارێکی گرینگیدەزانی لەناو ئەورووپا خۆیدا، وەک ئەوەی سەبارەت بە

جەنگی دووهەمی بڕیمێ هەتە پێشەوە. مارکس بە سەرکۆنەکردنی بۆچوونی بریتانیا لە 1853دا ڕایدەگەیەنێت کە جەنگەکانی بریتانیا لەو ناوچەدا بێپاساوترین جەنگەکانی بریتانیایە: لەوێ ناتوانرێ بانگەشەی هیچ هێڵکی ستراتێژیک بکرێ، هەر بەوشێوەیەی کە لە سنووری باکووری ڕۆئاوادا ئەم مەترسیە بوونی هەیە و هێچ بەڵگەیەک لە نەخشە بانگەشەکارانەکانی ئەمریکا لەبەردەستدا نیە. لەڕاستیدا هیچ هۆکارێک بۆ ئەم کارە بوونی نیە ڤگە «پێویستیی دەستبەکاربوون بۆ ئاریستۆکراسیەکی خوازیار»_ ئەو هۆکارەی کە تۆژینەوەی دوایی مارکسیستی سەبارەت بە ئیمپێریالیزمی بریتانیا دەیتوانی بەتوندی لەو ئاستە کەمتر بەراوەردەی بکات. هەروەها سەرنجی دایە ئەوەی کە بە تێچووی ئەو لێکدژیانەی لە ئاسیادا کە «کەوتۆتە سەرشانی هێندیەکان»، لەبەریەک هەڵوەشانەوەی دارایی هێند دەتوانێت ئەوەندە دوور نەبێت («جەنگ لە بڕیمێ» 30ی ژووییەی 1853). لە هەمان ساڵدا، مارکس بە جۆشدانی ڕابوون و بشێوی لە چیندا بە گوشاری دەستێوەردان و بازرگانیی بریتانیا، بەشێوەیەکی پێشگۆیانە ئەم پرسە دەهێنەتە ئاراوە کە «چلۆن ئەم شۆڕشە لەکۆتاییدا کاریگەری لەسەر بریتانیا و لەڕێگەی بریتانیاوە لەسەر ئەورووپا دادەنێت» («شۆرش لە چین و ئەورووپا» 14ی جوونی 1853).

ئێنگێلس، لە 1883دا لە دریژەی ئۆپێراسیۆنی سەربازیی فەرانسا لە هێند و چین، وەک دواییین ئیلهامبەخشی ئیمپێریالیزم لە ناوچە گەرم و ئۆستووایەکاندا، دەست دەخاتەسەر «بەرژەوەندیی تەڵەکەبازانی بورس» کە هەنووکە «بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ» هەم لە هێند و چین و تووندسدا سەرقاڵن (نامە بۆ کاوتسکی، 18ی سێپتەمبەری 1883). دیسانەوە، تیۆری مارکسیستی دوایی کە دەربەستی دۆکترینی هۆبسۆن- هیلفێردینگ- لێنین سەبارەت بە هەناردنی سەرمایە وەک ڕۆحی ئیمپێریالیزم کردبوو سەرنجێکی زۆر کەمی دابوویە تێگەیشتنە سەرەتاییەکانی وەک ئەم تێگەیشتنە لە سەرمایەداری و عەمەلکەردەکانی. ساڵی دوایی، ئێنگێلس حوکمڕانیی هۆڵەندی لە جاوەدا بە «نموونەیەکی سۆسیالیزمی دەوڵەتی» لەقەڵەمدا، بەم مانایە کە حکوومەت بەرهەمهێنانی بەر و بوومی فرۆش بۆ هەناردن و چنینەوەی قازانی ژانقیەی جەکان «بەپێی کۆمەڵە لادێیە کۆمۆنیستیە کۆنەکان» ڕێکدەخات (نامە بۆ بێبێل، 18ی ژانقیەی 1884). بە باوەڕی ئەو، جاوەش وەک هێند و ڕووسیا جارێکی دیکە پیشانیدا کە «کۆمۆنیزمی سەرەتایی چۆن ئەورۆکە... باشترین و بۆشترین بنچینەی

ئیرلەند، کە تاڕادەیەک یەکەم قوربانیی ئیمپێریالیزمی ئینگلیز و تاڕادەیەک بە یەکەم پانتایی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی- سکۆتلەندی دادەنرا، سەرنجی مارکس و ئێنگێلسی لە هەموو ماوەی مانەوەیان لە ئینگلتەرادا بەتووندی ورووژاند



چەوساندنەوە و ئیستبداد فەراهەم دەکات.» تا چەندە دەبێت سڕینەوەکەی ڕەچاو بکەین (نامە بۆ کاوتسکی، 16ی فێقریەی 1884).

یەکێک لە تایبەتمەندییە زۆر تایبەتەکانی ئیمپراتۆریای بریتانیا، بە لەبەرچاو گرتنی پێگەی ڕووسیا لە سیبێری وەک هاوشێوەیەکی تاقانە و دوورەدەست، گونجادنی کۆلۆنیە بەربەرینەکان لە ئیمپراتۆریاکەیدا بوو کە خاوەن دانیشتوانی لۆکاڵیی زۆر کەم بوو. مارکس وەک زۆربەی مارکسیستەکانی دوایی کەمتر سەرنجی ئەم ناوچانەی دا ت کۆمەڵێک ناوچەی وەک هێند، بەڵام چاپتەری کۆتایی بەرگی یەکەمی سەرمایەی تەرخان کرد بۆ گەڵەکەی گیبۆن ویک فیلد دەربارەی کۆچی ڕێکخراو.ئەم گەڵاڵەیە بۆ ئەوە داڕێژرا بوو کە نەزمی کۆمەڵایەتی ئینگیلز پەرە بدەن بیگشتینن بۆ کۆلۆنیەکان: ئەم کارە بە بەدەستەوەگرتنی ڕکێفی فرۆشتنیعەرز و بەرز ڕاگرتنی نرخەکەی، بەمەبەستی بەرگرتن لە دانیشوانی ناو کۆلۆنیەکان لە هەبوونی کێڵگە تایبەتەکانی خۆیان بەڕێوە دەچوو کە بەڕای ویلد بەمانای جیاکردنەوەی سروەت بوو و بە لەمپەری پەرەسەندنی ئابووری دەزانرا. مارکس هاوار و نزاکەی ئەوی بەسەر ئەو خاوەن کارەی کە حەشیمەتێکی کرێکارانی هاوردوتە ڕۆژئاوای ئۆستۆرالیا، بەڵام پێیدەزانێت کە هەرکە گەیشتنە جێ پاکیان دەڕۆن، دەگێڕێتەوە. لێرەدا وێنەیەکی شکۆدار لە سرووشتی ڕاستەقینەی سەرمایەداری بەدەستەوە دەدرێت: پارە تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت ببێتە سەرمایە کە کارێکی بۆ دیبێتەوە تاکو بتوانێت بیچەوسێنێتەوە. ئێنگێلس چاوەڕوان بوو «کۆلۆنیە ڕاستەقینەکان» وەک کۆلۆنیە هەبووەکانی ئۆستۆرالیا لەمێژبووبێت سەربەست بووبێتن (نامە بۆ کاوتسکی، 12ی سێپتەمبەری 1882). ئێنگێلس لەکاتی دیداریکورتی لە کەنەدا لە 1888دا بەشێوەیەکی مەنفی چووە ژێر کاریگەریی سستی و کەمخوێنیەکەیەوە (ئەو پتر کەنەدای فەرانسای بینی)، و پێیوابوو کە تەنیا بە دە ساڵ ئەم وڵاتە شادمان و کەیخۆش دەبێت کە هاوپێچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببێت، کە خەریک بوو لەوێ لەباری ئابووریەوە باڵادەست دەبوو و بریتانیاش هەیچ چەشنە ناڕەزایەتیەکی نەبوو (نامە بۆ سۆرژ، 10ی سێپتەمبەری 1888). لە دیدی مارکسەوە، کێڵگە کۆنەکان، کە هەنووکە بە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتیدەگوێردران، لە وتەزای کۆلۆنیەکاندا دەگونجا. ئەو و ئێنگێلس لە 1865دا بەشدارن لەو ڕابوونە گشتیە بەربڵاوەی سەبارەت بە «ڕیسواییەکانی جامایکا»، ئەو ناوەی کە ئێنگێلس لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی لەسەر ئەم ڕووداوەی دادەنێت (1ی دێسەمبەری 1865)، و ئەو سەرکوتە دڕندانەی کە بەدوای نائارامیەکی بچووک لەنێوان ئەو ڕەشانەی کە لە ڕەنج و میحنەتە ئابووریەکاندا عەزابیان دەکێشا، ڕووەدا. لە ناوچەی ئۆقیانووسی ئارامدا کۆچبەران و دانیشتوانی کۆلۆنیە بریتانییەکان هێچ حەزیان لە پێشخستنی زێدەخوازیە تایبەتەکانی خۆیان نەبوو و لە 1883دا ئێنگێلس پەرژایە سەر دوان لەسەر گەڵاڵەیەک بۆ داگیرکردنی گینەی نوێ، وەک بەشێکی گەڕان بەدوای ئەو شتەی بە کاری کۆیلەیی لەسەر کێڵگەکانی شەکری کوینزلەند دادەنرا (نامە بۆ کاوتسکی، 18ی سێپتەمبەری 1883).

ئیرلەند، کە تاڕادەیەک یەکەم قوربانیی ئیمپێرایالیزمی ئینگلیز و تاڕادەیەک بە یەکەم پانتای کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی-سکۆتلەندی دادەنرا، سەرنجی مارکس و ئێنگێلسی لەهەموو خوڵی مانەوەیان لە ئێنگیلزدا بەتوندی ورووژاند. ئێنگێلس کە پلانی نووسینی مێژووەکەی داڕشتبوو، ئەوکاتەی کە لە 1856دا ئەم دوورگەیەی بینی لە هەژاری و بێدەرەتانی و دواکەوتوویەکەی شۆک بوو (نامە بۆ مارکس، 23ی مای). مارکس، پاش وشکەساڵی و لەناوچوونی سیستمی کرێی تاقەت پڕووکێنی کۆن، پەرژایە سەر یادداشت هەڵگرتنی ورد لەسەر تێپەڕبوون و گوزەری ئابووری لە کشت و کاڵیەوە بۆ شوانکارەتی، لەگەڵ

ئـەو بێئامرازکردنـەی کـە وەرزێرانـی والێدەکـرد خۆیـان پتـەو و قایـم بکـەن و لێشـاوی کۆچبـەران (نامـە بـۆ ئینگێلـس، 30ی نۆڤەمبـەری 1867). مارکـس کـە لـە شکسـتی چینـی کرێـکاری بریتانیـا پـاش چارتیـزم بـۆ پیشـاندانی هەرچەشـنە وەرەیەکـی سیاسـیی خەباتکارانـە مەنـگ و گێـژ ببـوو، هۆکارێکـی ئەمـەی لـە توانـای خـاوەن پیشەسـازیەکان بـۆ کەڵکوەرگرتـن لـە کاری هـەرزان لـە ئیرلەنـد دا دۆزیـەوە، و بـەم چەشـنە بـوو کـە بۆشـایی خسـتەنێو کرێکارانـەوە: کرێـکاری ئینگلیـزی ڕقـی لـە مانگرتنـی شـکێنی ئیرلنـدی دەبێتـەوە و بەچـاوی ئەندامێکـی ڕگـەزی نـەوی و پەسـت لێـی دەڕوانێـت. مارکـس دەنووسـێت ئەگـەر هێزەکانـی بریتانیـا بکشـێنەوە، شۆڕشـی عـەرز لـە ئیرلەنـددا زۆر دوا ناکەوێـت و کەوتنـی دوابـەدوای خانەدانیـی عـەرزدار ئەنجامەکـەی ڕووداوێکـی هاوشـێوەی ئینگلێسـتانە و ڕێگـە بـۆ لەناوبردنـی سـەرمایەداری تەجـت دەکات (نامـە بـۆ مایـەر و فۆکـت، 9ی ئاپریلـی 1870). ئـەم بەڵگاندنـەی مارکـس لەوانەیـە بەپێچەوانـەی زۆربـەی بەڵگاندنەکانـی کەمـتر قەناعەتپێکـەر دەرکـەون، چـما لەمبـارە چنـگ لـە تاریکـی دەسـوێ.

بـۆ زانیاریـی زیاتـر بڕوانـە مەشـکین، ئێـم. ئێـن. 1981.

ڤەی. جەی. کێرنان

ئیمپێریالیزم و بازاڕی جیهانی (imperialism and world market)

لەنـاو هەمـوو چەمکەکانـی تیـۆری مارکسیسـتیدا، ڕەنگـە ئیمپێریالیـزم چەمکێـک بێـت کـە تێکەڵتریـن شـێوە یـان زۆرتریـن گوێپێنـەدان بـەو بنچینـەی تیۆریکـە بەکاردەهێنرێـت کـە ئـەم چەمکـە پشـتی پێبەسـتووە. گشـتیترین بەکارهێنانـی ئـەم زاراوەیـە لـە گەڕانـەوەی سـنووردار بـە پەیوەندیـی ئابـووری و سیاسـی وڵاتانـی پێشـکەوتووی سـەرمایەداری و وڵاتانـی دواکەوتـووە. لەڕاسـتیدا، لـە کاتـی جەنگـی جیهانیـی دووهەمـەوە وشـەی ئیمپێریالیـزم لەگـەڵ سـەرکوت و «چەوسـانەوە»ی وڵاتانـی لاواز و هـەژار بـە دەسـتی وڵاتانـی بەهێـز هاوتایـە. زۆربـەی ئەو نووسـەرانەی وەهـا تەفسـیرێکیان لـە ئیمپێریالیـزم بەدەسـتەوە دەدەن باسـی لێنیـن وەک سـەرچاوەیەکی تیۆریـک دەکـەن، هەرچەنـدە کـە لێنیـن ڕەنـە لـە کاوتسـکی دەگرێـت لەبـەر ئـەوەی کـە ئیمپێرایالیـزم بـەم شـێوەیە پێناسـە دەکات. ئیمپێریالیـزم ئاماژەیـە بـە پڕۆسـەیەکی کەڵەکەکردنـی سـەرمایەداری لـە ئاسـتێکی جیهانـی لـە سـەردەمی سـەرمایەداری مۆنۆپۆڵـی و تیـۆری ئیمپێریالیـزم وەک تۆڕێنەوەیەکـە دەربـارەی کەڵەکەکـردن لـە ناوکۆیـی بازاڕێکـی جیهانـی کـە ئـەم کەڵەکەکردنـە ئافرێنەریەتـی. ئـەم تیۆریـە خـاوەن سـێ توخمـە:1) شـیکاریی کەڵەکەکردنـی سـەرمایەداری 2) خولبەندیـی سـەرمایەداریی بـۆ سـەردەمەکان و 3) پێگـەی خۆجێـی دیـاردە لـە ناوکۆیـی دابەشـکردنی سیاسـیی جیهـان بەسـەر «وڵاتـان»دا. لەوێـوە کـە توخمـی یەکـەم دەلالەتـە لـە توخمـی دووهـەم، تەنیـا دوو توخمـی لێکجیـا لەئارادایـە. ئـەم توخمانـە لێکدەهاڵێـن تاکـو هێڵـە تۆڕێنەوەییـەکان بەدیبهێنـن کـە بەشـێوەیەکی چـڕ لێکهەڵپێکـراون بـەڵام لێکـدی جیـان، 1) پەیوەندیەکانـی نێـوان وڵاتانـی سـەرمایەداریی پێشـکەوتوو («ڕکابارییـ ئیمپێریالیسـتی»)، 2) کاریگەریـی سـەرمایەداری لەسـەر شـێوەبەندیە کۆمەڵایەتیـە ناسـەرمایەداریەکان (دەربڕینـی شـێوازەکانی بەرهەمهێنـان)، 3) سـەرکوتی ئـەو خەڵکـەی کـە دەسـەڵاتدارێتی سـەرمایەداری بندەسـتی کـردوون («پرسـی نەتەوەیـی» بڕوانـە نەتـەوە). لـە چوارچێـوەی تیـۆری مارکسیسـتی ئۆرتۆدۆکسـدا، کارەکـەی لێنیـن بنچینـەی تیۆریکـی ئیمپێریالیـزم پێکدەهێنێـت. بەناوبانگتریـن بەرهەمـی سـەبارەت بـەم بابەتـە پەڕتووکێکـە هـەر لەژێـر ئـەم نـاوەدا، بـەڵام هەڵەیـە ئـەم پەڕتووکـە بـە یارمەتیـی تیۆریکـی لێنیـن بـۆ شـیکاریی پەرەسـەندنی سـەرمایەداری لـە ئاسـتێکی جیهانـی دابنێـن. بنچینـەی تیۆریکـی ئـەوەی لێنیـن نـاوی دەنـا «گشـتێتی گەڵاڵەیەکـی سـادە» دەبێـت

لـه دوو وتـاری درێـژدا بدۆزینـەوە کـه تاڕادەیـەک دوو دەیـه پێـش نووسـیبووی و ناوەکانـی بریتیـه لـه «دەربـارەی «پرسـی بـازاڕ»ی دروێیـن» و «وێناکردنێـک بـۆ ڕۆمانتیزمـی ئابـووری». مەبەسـتی ئـەم وتارانـه هـەم بەرگریکردنـه لـه تیـۆری کەڵەکـەی مارکـس لەهەمبـەر بەڵگاندنەکانـی «تیـۆری» کـەم مەسرەفـی و لێـرەوە پەروەردەکردنـی تیۆرێـک لەمـەڕ بـازاڕی جیهانیـی سـەرمایەداریوە و هـەم سـەڵماندنی سروشـتی پێشـڕەوی سـەرمایەداری، بەمەبەسـتی ڕەخنـه لـه سۆسـیالیزمی یۆتۆپیایـی (هەروەهـا بڕوانـه پـرۆدۆن).

لێنیـن لـه پەرتووکەکەیـدا لیسـتێکی تایبەتمەندیـه جیاوازەکانـی ئـەم دیاردەیـه بەدەسـتەوە دەدات کـه هەنووکـه لیسـتێکی بەناوبانگـه: 1) «هەناردنـی سـەرمایە» لەگـەڵ هەناردنـی کاڵا، گرینگیەکـی پلەیەکەمـی هەیـه، 2) بەرهەمهێنـان و دابەشـکردن لـه تراسـتەکان و کارتێلـه گەورەکانـدا چڕدەبێتـەوە، 3) سـەرمایەی بانکـی و پیشەسـازی لەگـەڵ یەکـتر تێکـەڵ دەبـن، 4) دەسـەڵاتی سـەرمایەداری جیهـان بەسـەر پانتاکانـی دەسـەڵاتدا دابەشـدەکەن، 5) ئـەم دابەشـکردنی «جیهـان»ە کامـڵ و تـەواوە دەبێـت و دەلالەتـه لـەوەی کێشمەکێشـی نێـوان_ سـەرمایەداریی داهاتـوو بـۆ دابەشـکردنەوەی جیهانـه. خاڵـی یەکەمـی ئـەم تایبەتمەندیانـه، «هەناردنـی سـەرمایە»، زۆرجـاران وەک تاقـه هـۆکاری شوناسبەخشـی سـەردەمی ئیمپێرایالسـتی ڕەچاودەکرێـت. سـەرباری هەمـوو ئەمانـه، هـەر بەوجـۆرەی لێنیـن لـه دوو وتـاره تیۆریکەکەیـدا بیرمـان دێنێتـەوە ئـەم زاراوەیـه لێڵـه. ئـەم لێڵیـه لێرەوەیـه کـه کاڵاکان سـەرمایەن، یەکێکـن لـەو فۆرمانەی کـه سـەرمایه لـه ڕەوتـی گەڕانـدا دەیگرێتـه خـۆی بـەم چەشـنه، -M-C… P… C" M" (سـەرمایەی پارەیـی_ سـەرمایەی بەرهەمهێنەرانـه_ سـەرمایەی کاڵایـی، ئـەوکات دیسـانەوە سـەرمایەی پارەیـی). پێـش پشـکنین و پێداچوونـەوەی ئـەم خاڵـەی کـه بـۆ تایبەتمەندیـەکان تایبەتەکانـی ئیمپێریالیـزم هەناردنـی پـارە و سـەرمایەی بەرهەمهێنەرانەیـه، دەبێـت کاربـردی وشـەی هەنـاردن بخوێنینـەوە و پێیـدا بچینـەوە. لـەم سـەرچاوانەدا، ئیمپێریالیـزم بـه زاراوەی خووڵـەی سـەرمایە نـاوازە نابێتـەوە بەڵکـو بە وشـەی تایبەتـی هەنـاردە دیـاری دەکرێـت کـه لەنێـوان ئـەو جووڵـه سـەرماییەیانەی کـه نەتەوەیـین و ئـەو جووڵـه سـەرمایەییانەی کـه نێونەتەوەیـی بەزەقـی جیـاوزی دادەنێـت. لەوێـوە کـه تەنیـا تێپەڕاندنـی سـنوور یـان وێسـتگەی گۆمریکـی گۆڕانێک لـه سـەرمایەدا ڕوونـادات، دەبێـت ئـەم دابەشـکارییە شـیکارانە ڕوون بکەینـەوە کە سـنووره سیاسـیەکان بـۆ جووڵـەی سـەرمایە مانـای چیـه. بەگوتەیەکـی دیکـه، دەبێـت ڕوونـی بکەینـەوە کـه بۆچـی کۆمەڵێـک چەمکـی دیکـه پێویسـتن (بۆنمونـه ئیمپێریالیـزم بۆخـۆی) تاکـو بتوانرێـت لـه کۆمەڵگایەکـی سـەرمایەداری ئابسـتراکتەوە بـەرەو ڕێسـابەندیەکی دیاریکراوتـر بڕۆیـن کـه دابەشـکردنی جیهـان بەپێـی وڵاتـان دەخوێنێتـەوە. ئـەوەی لێـرەدا بـه ئاشـکرا مەبەسـته مانـا پاڵەکیەکانـی چەمکێکـه بـۆ وڵاتێـک. ئـەوەی تێگەیشـتنی لێنیـن لـه ئیمپێریالیـزم لـه تێگەیشـتنی کاوتسـکی جیاوەکاتـەوە شـیوازی ڕووبەڕووبوونـەوەی ئاشـکرایە لەگـەڵ دابەشـکاریی سیاسـیدا. لـه ناوبەندیـه لێنینیسـتیەکەدا، هەناردنـی سـەرمایە لـه ناوکۆیی سیاسـەتدا ڕوودەدات کـه چینـه باڵادەسـتە جۆراوجـۆرەکان دابەشـیان کـردووە و دەسـەڵاتەکەی دەوڵەتـی هـەر وڵاتێـک نوێنەرایەتیـی دەکات. بـەم چەشـنه هەناردنـی سـەرمایە دەڵاڵـەت لـه دەوری نێوەنجیکارانـەی دەوڵەتـان و پێکناکۆکیـی هێزەکیـی بەرژەوەندیـی چینـی باڵادەسـتە. ئـەم پێکناکۆکیـه هێزەکیـه دەتوانێـت لەنێـوان دەولەتانـی سـەرمایەداری (ڕکابەریـی نێوان سـەرمایەداری)، یـان لەنێـوان دەوڵەتێکـی سـەرمایەداری و دەوڵـەت یـان چینێکـی باڵادەسـت پێـش سـەرمایداری بێـت (بەردەوامێتیـی شـێوازە بەرهەمهێنەرانەکان و پرسـی نەتەوەیـی). لێنیـن جەغدێکـی تایبەتـی لەسـەر ڕکابەریـی نێـوان سـەرمایەداری کردەوە و ئـەم ئەنجامگیریه سیاسـیه گرینگـەی خـۆی پـەرەدا و پـەروەردەی کـرد کـه کەڵەکەکـردن لـه

سەردەمی ئیمپێریالیستیدا گرۆیەتیەک بەرەو جەنگگەلی نێوان سەرمایەداری سازدەکات. لەم چوارچێوەدایە کە جەنگی جیهانیی یەکەمی بە جەنگی ئیمپێریالیستی ناودێرکرد و ئەمەی کە کۆمینتێرنیش جەنگی جیهانیی دووهەمی تا کاتی هێرشی نازیەکان بۆسەر یەکێتی سۆڤیەت هەر بەم شێوەیە باس کرد. لەلایەکی دیکەوە، کاوتسکی ئیمپێریالیزمی وەک پەیوەندیی نێوان وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو و وڵاتانی پەرەنەسەندوو («ناوچە کشت و کاڵیەکان») پێناسە دەکات و بە ئاشکرا پێیوایە کە پێکناکۆکیەکانی نێوان چینە باڵادەستەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری لە درێژەی سەردەمی ئیمپێریالیزمدا ڕوولە هەبا بوون و بزربوونە. ئەم دووانە بنچینەی تیۆری کاوتسکی لایەنی جیاکەرەوەی سەرچاوەکانی پەیوەندیداری ئیمپێریالیزم لە کۆتایی جەنگی جیهانیی دووهەم بەملاوە و بە ڕوونترین شێوە لە تیۆری وابەستەییدا بووە. ئەم سەرچاوانە هەموو جەغدیان لەسەر سوڵتەی ئیمپێریالیستی بەسەر وڵاتانی دواکەتووە، بەم ڕوانگە داپۆشراو یان ئاشکرایەوە کە چینی سەرمایەداری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە جەنگی جیهانیی دووهەم بەملاوە، ئەوەندە بەهێزبووە کە بتوانێت سەرجەمی چینە سەرمایەدارەکانی دیکە بۆ ئاستی مشتەریەک دابەزێنێت.

ئەمەی کە کامە لەم تەفسیرانە لەمەڕ ئیمپێریالیزم ڕاستە، هەم پرسێکی ئەزموونی و هەم تیۆریکە. تیۆری ئیمپێریالیزمی لێنین دەرەنجامی تیۆری کەڵەکەی مارکسە. سەرمایەدار دەرخەری فۆرمێکی تایبەتی کۆمەڵگای چینایەتیە و یاسا تایبەتەکانی پێشکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازێک کە بەو پێیە بەرهەمێکی زیادە لە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ هەڵدەهێنجرێت. ئەم هەڵهێناجاندنەی بەرهەمی زیادە لە بەرهەمهێناندا ڕووەدات و لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەپێی کڕینی و فرۆشتی هێزی کارە. کڕین و فرۆشتنی هێزی کارە کە هەم دەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی جەوهەریی سەرمایەداری و هەم ئەم سرووشتە جەوهەریە دیاری دەکات. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جیایی کرێکاران لە کەرەستەکانی بەرهەمهێنان (بڕوانە کەڵەکەکردنی سەرەتایی)، و هەر ئەمەی کە ئەم جیایی دەستەبەربوو پێگەی کاڵایی هێزی کار شێوازێک دادەسەپێنێت کە لەڕێگەیەوە کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەم بەرهەمهێنانەوەیە دەبێت لەڕێگەی گەڕانی کاڵاوە دەستەبەربێت: دەبێت حەقدەست بدرێت بەە کرێکارانەوەی خاوەندارێتیەکەیان لە زەوت کراوە تا ئەو کاڵایانە بکڕن کە بۆخۆیان چیتر ناتوانن بەرهەمیبهێننەوە، سەرمایەداران دەبێت کاڵاکان بفرۆشن تاکو سەرمایەی

کاوتسکی ئیمپێریالیزمی وەک پەیوەندیی نێوان وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو و وڵاتانی پەرەنەسەندوو پێناسە دەکات و بە ئاشکرا پێیوایە کە پێکناکۆکیەکانی نێوان چینە باڵادەستەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری لە درێژەی سەردەمی ئیمپێریالیزمدا ڕوولە هەبا بوون و بزربوونە



پارەیی دەستەبەر بکەن بۆئەوەی بتوانن هێزی کار و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان دابینبکەن و سەرلەنوێ پڕۆسەی بەرهەمهێنان دەستپێبکەنەوە.

لێرەوەیە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری بە بازنەیەکی بەردەوامی دانووستاندن، بەرهەمهێنان و مسۆگەریی (مەداری سەرمایە) بەرهەمدەهێنرێتەوە و لێرەوەیە کە مارکس سەرمایە بە بەهای خۆبەرینکردنەوە دەزانێت. سەرمایە بە دانووستاندنی بڕێکی دیاریکراوی بەها بۆ فۆرمی پارە لەهەمبەر هێزی کار و هەروەها کەرەستەکانی بەرهەمهێنان، پڕۆسەی بەرهەمهێنانەوە دەستپێدەکاتەوە و لەبەرهەمهێنان ئاپۆرەیەکی کاڵا بەهادارە بەرینکراو سەرهەڵدەدات کە دەبێت وەک سەرمایەی پارەیی مسۆگەر ببێت. ئەم پڕۆسەی خۆ بەرینکردنەوەیە، لە بەستێنی ڕکابەری، لە ئاستێکی گەشەکەردا پێشدەکەوێت و وەک تیۆری بەرینکردنەوەی سەرمایەیە. ئەم تیۆرەی بەرینکردنەوەی سەرمایەیە بەتەواوەتی گشتیە و جودایە لە هەر چەشنە بەستێنێکی شوێنگەیی. هەرکە بپەرژێیەسەر پشکنین و خوێندنەوەی دابەشکردنی سیاسیی جیهان، هێچ تیۆرێکی تایبەت لەمەڕ بەرینبوونەوەی سەرمایە پێویست نابێت. ئەم تیۆرەی کە مارکس لە سەرمایەدا پەروەردەی دەکات، خاڵی بەرامبەری شیکاریی کەم مەسرەفگەراکان، بەتایبەت شیکاریی لۆکزەمبۆرگە کە ئەم ئەنجامگیریە ڕەت دەکاتەوە کە سەرمایەداری خۆبەرهەمهێنەرە و لێرەوە ڕاستکردنەوەی تیۆرێکی تایبەت سەبارەت بە جوولەی سەرمایە لەنێوان ناوچە جوگرافیەکان بە پێویست دەزانێت.

بۆچوونی مارکس ئەنجامەکەی خوڵبەندیی زەقی سەرمایەداری بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هۆکاری نێونەتەوەیی سەرمایە لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانیدا (سەرمایەی پارەیی، سەرمایەی بەرهەمهێنەرانە و سەرمایەی کاڵایی)ە. هەر بەوشێوەی کە باسکرا، سەرمایە بەپێی سروشتەکەی خۆی بەرینەکاتەوە. لە قۆناغی سەرەتایی پەرەسەندی سەرمایەداریدا ئاسۆی جوولەی سەرمایەی پارەیی و بەرهەمهێنەرانە لەبەر پەرەنەسەندوویی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەمهێنان بەرتەسک و سنووردارە. لەهەموو ئەوشتەی مارکس ناوی دەنێت «قۆناغی کارگەیی» یان مانۆفاکتۆردا، دامەزراوە کریدیتیەکانی سەرمایەداری تارادەیەک پەرەنەسەندوون و جوولەی سەرمایەی پارەیی، هەم لەناو شێوەبەندیی کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری و هەم لەنێوان ئەم شێوەبەندیانە و شێوەبەندیە پێش سەرمایەداریەکان، دژوار دەکەنەوە. سەرباری ئەوە، لەم قۆناغە سەرەتاییەی پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، بەشێکی بەرجاوی جیهان، پێش سەرمایەداری و دەوری پارە گەلێک سنووردار بوو و لێرەوە جوولەی سەرمایەی پارەیی و بەرهەمهێنەرانە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوەی شێوەبەندیە کۆمەڵایەتیەکان سنووردار دەکردەوە. لێکەوتەی جوولەی نێونەتەوەیی سەرمایە لەم خولەدا بەپلەی یەکەم سەرمایەی کاڵایی (بازرگانی)ە، و ئەم بازرگانیە زیاد لە پێشوو بازاڕێکی جیهانی بۆ بەرهەمهێنان پەرەدەدات. لەم بازرگانیەدا ئەو کاڵا بەرهەمهێنراوانەی خاوەن سەرچاوەیەکی سەرمایەدارین گرۆیرتیان هەیە بۆ دانوستاندن لەهەبەر مەتریالی خاو و بەرهەمە خواردەمەنیەکان کە لە چوارچێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە پێش سەرمایەداریەکان (وەک کۆیلەداری) دا بەرهەم دەهێنرێن. بەدواهاتی ئەم بازرگانیە بۆ شیوەبەندیە کۆمەڵایەتیە پێش سەرمایەداریەکان جێگەی باس و موناقەشەیەکی بەرچاوە و بەتایبەت بەلەبەرچاو گرتنی شێکاریی بەردەوامەتیەکانی شێوازە بەرهەمهێنرانەکان، بۆ تیۆری ئیمپێریالیزم ڕەهەندێکی گرینگە. بەشێکی نووسەران بەڵگاندن بۆ ئەوە دەکەن کە بازرگانی وەک خۆی تەواوە تاکو شێوەبەندیە پێش سەرمایەداریەکان بکاتە سەرمایەداری (سویزی و ئەوانیدی 1967)، و ئەمەی کە لەدرێژەی سەدەی نۆزدەهەمدا ناوچە پەرەنەسەندووەکانی جیهان لەڕاستیدا هەر بەم چەشنە گۆڕانیان بەسەردا

هاتووە (بڕوانە شێوازە بەرهەمهێنەرە ناسەرمایەدارییەکان). سەرباری ئەمە، مارکس بەڵگاندن بۆ ئەوە دەکات کە بازرگانیی جیهانی بەتەنیا، لەژێر سوڵتەی سەرمایەی بازرگانیدا، بەرەو وشککردنەوەی پەیوەندیە پێش سەرمایەدارییەکان دەڕوات. لەڕێگەی بەدواداچوونی ئەم هێڵەی بەڵگاندن دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە پێگەیشتنی سەرەتایی بازاڕی جیهانیلە ئاراستەی پێشگرتن لە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە وڵاتانی لێنین گوتەنی «دواکەوتوو» یان ناوچە کۆلۆنی یان نیمچە کۆلۆنیەکاندا دەجووڵێت. بەم چەشنە، لەم خولەی بەرهەمهێنانی کارگەییدا، بەرینبوونەوەی سەرمایەداری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی گۆڕی و هێزە بەرهەمهێنەرەکانی لە وڵاتانی سەرمایەداریدا پەرەدا، بەڵام بووبە لەمپەر لەبەردەم هەمان گۆڕان و پەرەسەندندا.

سەرباری ئەمە، لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەرمایەداری چووە ناو قۆناغێکەوە کە ناوی نا «پیشەسازیی مۆدێرن» (سەرمایە، ب 1، بەتایبەت چاپتەرەکانی 13 و 14)، لایەنی جیاکەرەوەکەی بەرهەمهێنانی بەهای زیادەی ڕێژەیی و هاوتەریب بوو بۆ گردبوونەوەی سەرمایە و پەرەسەندنی دامەزراوە کریدیتیەکان بۆ هاسانکردنەوەی ئەم گردبوونەوەیە بوو. ئەم قۆناغە دەسپێکی سەردەمێکە کە لەژێر ناوی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلیدا ئاماژەی پێدەکرێت، و تیایدا بەرهەمهێنان لە بەراوەردێکی هەردەم ڕوولە گەشە (چڕبوونەوە) دا، ئاراستەیەک بەرەو مۆنۆپۆلکاری لە ئاستێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیدا بەدیدەهێنێت. لە ڕێسابەندیی تیۆریکی مارکس و پاشان لێنیندا، ئەم پرۆسەی مۆنۆپۆلکاریە دەبێتە هاوشانی ڕکابەریەکی تووندەوە. ئەم خاڵەش باس وروژێنەرە.بەو شێوەی کە باسکرا، کاوتسکی مۆنۆپۆلکاریی بەمانای ڕاستەقینەی وشەکە، وەک دژبەری ڕکابەری و وەک هێمای کۆتایی ڕکابەریی نێوان سەرمایەداری شرۆڤە و تەفسیر کرد. بوخارین پرابێرژانسکی هەڵوێستێکی میانەیان وەرگرت و لەو باوەڕەدا بوون لە قۆناغی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلیدا، ڕکابەریی ناو وڵاتانی سەرمایەداریدا لەناو دەچێت، بەڵام لەناو وڵاتانی سەرمایەداریدا درێژەی دەبێت. زاراوەی سەرمایەداری مۆنۆپۆلیی دەوڵەتی بەکارهێنرا بۆئەوەی وا شوێنگەیەک وێنا و پێناسە بکات.

بە پەیڕەویکردن لە بەڵگاندنەکەی مارکس و لێنین، پێکهاتەی مۆنۆپۆلکاری و ڕکابەریی تووندەوبوو لە سەردەمی ئیمپێریالیزمدا قوت دەبێتەوە. ئەم پێکهاتەیە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ئاراستەیەک لە شێوەی جەنگی نێوان سەرمایەداری دەخولقێنێت و لە پانتای ئابووریدا ئەم لێکدژیە شێوەی هەناردنی سەرمایە دەگرێتەخۆی. پەرەسەندنی سیستمی کریدیتی تێکهەڵکێشت سەرمایەی دارایی و پیشەسازی هاسان دەکاتەوە (بڕوانە سەرمایەی دارایی)، بەجۆرێک کە هەناردنی سەرمایەی پارەیی لە ئاستێکی بەربکەڵاودا مسۆگەر دەبێت. لەهەموو سەردەمی ئیمپێریالیزمدا هەناردنی سەرمایەی پارەیی (و سەرمایەی بەرهەمهێنەرانە کە لەخوارەوەدا باسی دەکەین) لەنێوان وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا بەڕێوەچووە و ئەنجام دەدرێت و هەر ئەم خاڵە سەبارەت بە جووڵەی سەرمایەی کاڵاییش ڕاستە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەرەنەسەندوویی هەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و هەم هێزە بەرهەمهێنەرەکانە لە وڵاتانی دواکەوتوودا. دوو باسی سەرەکی لە سەرچاوە پەیوەندیدارەکان بە ئیمپێریالیزمەوە ئەمەیە کە ئایا لایەنی جیاکەرەوەی ئەم سەردەمە ڕکابەریی نێوان سەرمایەداریە و ئەمەی کە کارتێکەریی هەناردنی سەرمایەی پارەیی و بەتایبەت سەرمایەی بەرهەمهێنەرانە لەسەر ناوچە پەرەنەسەندووەکان چلۆنە. پرسی دووهەم، لە ڕوانگەیەکی مارکسیستیەوە، بریتیە لەمەی کە ئایا هەناردنی سەرمایە لەم چوارچێوانەدا ڕووی لە گۆڕانی وڵاتانی پەرەنەسەندووە و سەرمایەداری لەم جۆرە وڵاتانەدا

پەرەدەدات. ئەگەر وابێت، سەرمایەداری لە سەردەمی ئیمپێریالیزمدا بە پێشڕەو دادەنرێت، تا ئەوشوێنەی کە گرۆیەتیی سەرمایەداری لەڕێگەی بەرهەمهێنانەوەی خۆیەوە لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا پابەندە بە پەرەسەندنی پێشڕەوی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیدابوونی پرۆلێتاریا وەک هێزێکی گرینگ لە پانتای خەباتی چینایەتیدا بێت.

لەم خاڵەی تیۆری ئیمپێریالیزمدایە کە خوێندنەوەی ڕاشکاوانەی دابەشکردنی سیاسیی جیهان پێویستە. ئەگەر هەر بەوشێوەی مارکس بەڵگاندنی بۆ دەکات، دانوستاندن بە تەنیا پەرەسەندنی سەرمایەداریی دەستەبەر ناکات، کەواتە تووندوتیژی پێویستە تاکوو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە پێش سەرمایەداریەکان تێکبشکێنێت کە دەبنە ڕێگەر لەبەردەم پەرەسەندنی هێزی کاری کڕی گرتەی ئازادا و بەکارهێنانی تووندوتیژی چاودێری و باڵادەستیی دەوڵەتی پێویستە. گەر بۆ لێنین بگەڕێینەوە، قوتابخانەیەکی بیرکردنەوەی مارکسیستی بەڵگاندنی بۆئەوە کردووە کە چینە باڵادەستەکان لە وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا ڕوویان لە یەکێتیە لەگەڵ چینە باڵادەستە پێش سەرمایەداریەکان لە وڵاتانی دواکەوتوودا و ئەمەی کە ئەم یەکێتیە بوورژوازیی خۆجێیی وڵاتانی دواکەوتوو لە برپاکردنی شۆڕشی بوورژوایی سەرکەوتووانە کە دەسەڵاتی دەوڵەتیی بۆ بەدیهێنێت ڕادەگرێت (بڕوانە بوورژوازیی نەتەوەیی). بەبێ دەسەڵاتی دەوڵەتی بوورژوازی خۆجێی لاواز و سەرمایەداری پەرەنسەندوو وەک خۆی دەمێنێتەوە.

لەم شیکاریەدا سەرمایەداری بە پێشڕەو دادەنرێت، بەڵام سوڵتەی ئیمپێریالیستی لەسەر جیهان لەڕێگەی چینە باڵادەستە سەرمایەدارییەکانەوە دەبێتە لەمپەری پەرەسەندنی لە جیهانی پەرەنەسەندوودا. بوورژوازیی خۆجێیی بەهۆی ناکۆکیەکانیەوە لەگەڵ بوورژوازیی ئیمپراتۆریدا بەشێوەیەکی هێزەکی بە هێزێکی دژە ئیمپێریالیستی دادەنرێت. هەندێک لە نووسەران، ماۆتێسێ تۆنگ، لەو گوتەیە ئەو دەرنجامە وەردەگرن کە خەباتی چینایەتی لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا دوو قۆناغی هەیە، یەکەم قۆناغی دژە ئیمپێریالیستیی سەرەتاییە بۆ خستنی دەسەڵاتداریتی لێکدراوی چینە پێش سەرمایەداریەکان و سەرمایەی ئیمپراتۆریا و ئەوی دیکە قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی کە بەدوای خاڵی یەکەمدا دێت. قۆناغی یەکەم، کە ماو تێسێ تۆنگ ناوی دەنا «دێمۆکراسیی نوێ»، یەکێتی پرۆلێتاریا، وەرزێران و بوورژوازیی خۆجێیی، یان لانیکەم کۆمەڵێک توخمی بوورژوازیی خۆجێی کە ناکۆکی بەهێزیان لەگەڵ سەرمایەی ئیمپراتۆریا هەیە، پێویستە.

ئەم گوزارە گشتیەی کە خەباتێکی دژە ئیمپێریالیستی بەپلەی یەکەم پێش مەرجی شۆڕشی سۆسیالیستیە لە وڵاتێکی ژێر سوڵتەی چینی باڵادەستی پێش سەرمایەداریدا تاڕادەیەک جێگەی باس و موناقەشە نیە. سەربەری هەموو ئەمانە، باس لەسەر ئەوەیە کە ئەوکاتەی وڵاتێکی پەرە نەسەندوو پتر سەرمایەداریە، دەبێت چۆن ئیمپێریالیزم شیبکرێتەوە. هەندێک بەڵگە دەهێننەوە هەر ئەمەی کە وڵاتانی پتر سەرمایەداری دەبنەوە، دەتوانین چاوەڕێی ئەوە بکەین کە بۆ ئاست و بونیادێک پەرە بستێنن و پێبگەن کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئاست و بونیادی وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتووی هەنووکەیی و ئەمەی کە لەڕاسیدا لە کۆمەڵێک وڵاتی وەک بڕازیل و مەکزیکدا لە ڕووداندایە (وارن 1973). لەلایەکی دیکەوە، تیۆریسیەنەکانی وابەستەیی ئەم بۆچوونە تەنانەت وەک ئەگەرێک ڕەت دەکەنەوە و بۆ وێناکردن و وەسفی شێوەبەندیە کۆمەڵایەتیە پتر سەرمایەداریەکان لە جیهانی پەرەنەسەندوودا کەڵک لە زاراوەی «پەرەسەندنی سەرمایەداریی وابەستە» (یان پەرەسەندنی سەرمایەداریی «خوار») وەردەگرن. گەرچی ئەم زاراوەیە بریق و باقی خۆی هەیە بەڵام بەگشتی بەشێوەیەکی تەواو زەینی بەکار دەهێنرێت و ئەو تایبەتمەندیە جیاکەرەوانەی کە تیۆری

وابەستەیی دەیخاتە پاڵ «سەرمایەداریی وابەستەوە» بەگشتی تایبەتمەندیە جیاکەرەوکانی وڵاتانی سەرمایەداریی پەرەنەسەندووی هەنووکەییە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گۆڕانی سەرمایەدارانەکەیاندا. تاقە تایبەتمەندیی جیاکەرەوە کە جیاوازە ئەمەیە کە وڵاتانی پتر پەرەنەسەندووی هەنووکەیی دەبێت لە سەردەمێکدا بکەونەبەر گۆڕانی سەرمایەداریەوە کە تیایدا پێشوەخت چۆتە ژێر سوڵتەی دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکانەوە. تیۆریسیەنەکانی وابەستەیی کۆی شیکاریەکەیان بەپێی ئەم واقیعەیە، بەجۆرێک سەرجەمی بزووتنی وڵاتانی پەرەنەسەندوو وەک وڵامێکی ڕووتی سوڵتەی دەرەکی و زاراوەی ئیمپێریالیزم بەمانایەکی زۆر سنووردار پەیوەندیەکانی وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو و وڵاتانی دواکەوتوو دەخرێتەگەڕ. زێدەباری ئەمە، پەرەسەندی سەرمایەداریی وابەستە کە تیۆریسیەنەکانی وابەستەیی گریمانیانە، بەشیوەیەکی لۆژیکی پشتبەستن بەم گوزارەیەوە کە ڕکابەری لەناو و لەنێوان وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەتووداید. هەرئەم کەوتنی بانگەشەی ڕکابەریەیە کە سەرمایەداریی ئێمپراتۆریا پاڵدەنێت بەرەو سنووردارکردنەوەی پەرەسەندنی سەرمایەداری لە وڵاتانی پەرەنەسەندووداوەک لایەنێکی پاراستنی شوێنگە مۆنۆپۆلیەکانی خۆی. ئەم ڕوانگە سەرزارەکی و ڕووکەشیە لە سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی لەم ساڵانەی دواییدا هێرشێکی زۆری کراوەتەسەر (کلیفتۆن 1977، ویکس 1981).

زێدەڕۆیی نیە بڵێین کە پاش زەمەنەکەی لێنین تیۆری ئیمپێریالیزم، جگە کۆمەڵێک بەرهەم کە پاش جەنگی جیهانیی دووهەم بڵاوبۆتەوە و خاوەن لایەنی ئەزموونەکیە، بەگشتی دابەزیوە. سەرەڕای ئەمە، لە دەیەی 1970دا موناقەشەی تیۆریک دیسانەوە دەستی پێکردەوە و پێویستیەکانی [ئەم موناقەشەیە] بارودۆخی بابەتی، واتە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە جیهانی پەرەنەسەندووداو، فەراهەمی کرد. ئەم گۆڕانکاریە، بەشێوەیەکی سنووردار، لە باشترین حاڵەتدا شیکارییەکی لە پەرەنەسەندوویی بەدەستەوە دەدات کە بنەماکەی یەکێتیەکی پێش سەرمایەداریی ئێمپراتۆریانەیە کە بەربەستی ڕێگای پەرەسەندی سەرمایەداریە. لە ئاستی زێدەڕۆییەکەی دیکەدا، ڕوانگەی وابەستەیی سەبارەت بەوەی کە سەرمایەداری لە جیهانی پەرەنەسەندووداو لایەنی گشتیی هەیە بەڵام «وابەستە» یان «خوار»ە، پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆر و قبوولنەکراوی ئەو بەڵگاندنە تاک مەبەستانەیە تاکوو کەڵەکەکردنی سەرمایەداریی بە ئاشکرا سەرکەوتوو بخاتە ڕیزی وڵاتانی پەرەنەسەندووەوە. دەرەنجامی

هەندێک لە نووسەران، ماۆتێسێ تۆنگ بە نموونە، بەو دەرەنجامە دەگەن کە خەباتی چینایەتی لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا دوو قۆناغی هەیە، یەکەم قۆناغی دژە ئیمپێریالیستییە پاشان قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی کە بەدوای خاڵی یەکەمدا دێت



ئەمە بشێویەکی تیۆریکی تەندروستە لە نێوان نووسەرانی مارکسیست و هۆگریی دووبارە بۆ ڕکابەریی نێوان سەرمایەداری وەک ڕوونکردنەوەی ئەگەردواری بزۆزیی کەڵەکەکردن لە سەردەمی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلیدا (هەروەها بڕوانە تیۆری وابەستەیی، مارکسیزم لە ئەمریکای لاتین).

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە برۆیر، ئەی. 1980، بوخارین، نیکۆلای 18_1917 (1972)، کلیفتۆن. جەی. ئەی. 1977، هیلفێردینگ، ڕۆدۆلف، هیلتۆن، ڕۆدنی 1976، کێمپ، تی. 1967، لێنین، ڤەی. ئای. 1916، وارن، بی. 1973، ویکس، جۆن 1981.

جۆن ویکس

کەڵەکە/ کەڵەکەکردن (accumulation)

«کەڵەکی کەن، کەڵەکی کەن! ئەمەیە فەرمانی موسا و پێغەمبەران!» (سەرمایە ب 1، چ 24، ب 3). مارکس بەم گوتانە، شتێک دەخاتەڕوو کە گرینگترین فەرمانی یان هێزی بزوێنەری کۆمەڵگای بوورژواییە. بەپێچەوانەی ئەم خوازە دینییە، مارکس لە کەڵەکەدا، بەپێچەوانەی ماکس ڤێبێر، وەک بەدواهاتی ئەخلاقی پڕۆتێستانی نایێنێت. هەر بەوشێوەیەی کە کەڵەکە، بەپێچەوانەی ڕای ئەو ئابووریە بوورژواییە نیۆ کلاسیکەی کە بنەماکەی تیۆری کەڵکداریتیە، دەرەنجامی خۆبواردن و حەزەری کۆمەڵێک کەس نیە کە هەوڵدەدەن وەپێشخستنێکی زەینی بەراوەردە بکەن بۆ مەسرەفی داهاتوو بە نرخی ئێستاوە. بۆ مارکس لە جەوهەری سەرمایەدایە کە، جیا لە وەپێشخستی زەینی یاخود باوەڕە دینیەکانی سەرمایەدارنی تاک، دەبێت کەڵەکە بکرێت.

ناچارکردنی سەرمایەدارانی تاکی بۆ کەڵەکەکردن لەڕێگەی مێکانیزمی ڕکابەریەوە کاردەکات. لەوێوە کە سەرمایە هەمان بەهای خۆبەریکەرەوەیە، لانیکەم دەبێت بەهاکەی بپارێزرێت. بەهۆی ڕکابەریەوە، تەنیا پاراستنی سەرمایە مومکین نیە جگە ئەوەی سەرمایە، سەرباری پاراستنی، بەرین بێتەوە. لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، مێکانیزمی ڕکابەری بەشێوەگەلی جۆراوجۆر کاردەکات. سەرەتا، کەڵەکەکردن لەڕێگەی گۆڕانی پەیوەندیە بەرهەمهێنەرانەکانەوە ئەنجام دەدرێت (بڕوانە کەڵەکەکردنی سەرەتایی) تاکوو کاری کرێ گرتە لەڕیگەی مێتۆدە بەرهەمهێنەرانەکانەوە بەدیبهێنێت کە هەر وەک پێشوو دەمێنێتەوە. بۆ مێتۆدە پەرەنەسەندووەکانی بەرهەمهێنان، کە میراتی کۆمەڵگا پێش سەرمایەداریەکانە و پەسەند کراوە، کەڵەکەکردن پێویستە تاکوو پەرەسەندنی هیزی کار زامن بکات، مەترپالی خاو و لە سەپەرشیاریی کاردا ئەگەری زیادکردنی بەرهەمهێنان بۆ هێنانە خوارەوەی نرخ فراهەم بکات. بۆ بەرهەمهێنانی کارگەیی، کەڵەکەکردن پێویستە تاکوو ئەگەری دامەزراندن بەشیوەگەلی گونجاو کار لە هاریکاری و دابەشکردنی کاردا دەستەبەر بکات. بۆ ماشینەکان و بەرهەمهێنانی کارخانەیی، کەڵەکەکردن سەرمایەی نەگۆڕی پێویست و ئەگەری کەڵکوەرگرتنی بەرین لە مەترپالە خاوەکان و کاری گرێدراوی فەراهەم بکات.

سەرباری هەموو ئەمانە، کەڵەکەردن تەنیا پەیوەندیی نیوان بەرهەمهێنان و سەرمایەسازیی بەهای زیادە نیە. کەڵەکردن هەروەها وەک پەیوەندیی بەرهەمهێنانەوە وایە. لە سۆنگەی گەڕانی سەرمایەوە، مارکس ئەمەی لە سەرمایە بەرگی 2و لە ئاستێکی کەمتر لە سەرمایە بەرگی 1دا دەخوێنێتەوە. بەرهەمهێنانەوە وەک وێناکەری بەرهەمهێنانەوەی سادە دەخوێندرێتەوە کە تیایدا پەیوەندیەکانی بەها و بەهای زیادە وەک خۆیان دەمێننەوە، واتە وەک بنەڕەتێک بۆ بەرهەمهێنانەوە بەپیی بەراوەردیکی بەرینکراو و پەرەسەندوو کە بەهۆیەوە پێکهاتەی ژۆرگانیکی سەرمایە لەوانەیە زۆر بکات یان نەیکات. لە هەرکامیاندا، بڕیکی دیاریکراو دەبێت لە چوارچێوەی بەها و بەهای مەسرەفیی نێوان بەشەکانی

ئابـووری سـەقامگیر ببێـت و ئەمـە لـە گەڵاڵـەی گشـتیی بەرهەمهێنانـەوەدا دەپشـکێندرێت و دەخوێندرێتـەوە.

مارکـس لـە سـەرمایە بەرگـی 3دا لـە ڕوانگـەی دابەشـکردن (و دابەشـکردنەوە) بەهـای زیـادە و سـەرمایەوە کەڵەکەکردن شـیدەکاتەوە. لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی پەرەسـەندندا، بنەڕەتـی کەڵەکەکـردن لەسـەر چڕبوونـەوەی سـەرمایەیە. لـە قۆناغـە دواییەکانـی پەرەسـەندندا، گردبوونـەوە (بڕوانـە گردبوونـەوە و چڕبوونـەوەی سـەرمایە) مێتۆدێکـی زاڵـە کـە لەڕێگەیـەوە کەڵکوەرگرتـن لـە بـڕە گەشـەکەرەکانی سـەرمایە ڕێکدەخرێـت. ئـەم کارە سیسـتمێکی کریدیتیـی پێشـکەوتوو دەکاتـە پێشـگریمانەی خـۆی. بابەتـی کەڵەکەکـردن ڕێـک زیادکردنـی وەبەرهێنانـە، بـەڵام مێکانیزمـی دەسـتەبەرکردنی لەڕێگـەی دەسترۆگەیشـتنەوەیە بـە کریدیـت. لـە دەرەنجامـدا، جیاییـەک لەنێـوان کەلەکەکردنـی سـەرمایە لـە بەرهەمهێنان و کەڵەکەکردنـی سـەرمایە لـە سـەرمایەی داراییـدا بەدیدێنێـت. ئەمـە ڕێـک پایـەی سـەرمایەی گریمانکـراوە و ئـەو کاتـەی کـە کەڵەکەکـردن ناتوانێـت لەمپەڕێـک تێپەڕێنێـت کـە دەکەوێتـە سـەر ڕێـگای پەرەسـەندنی بەردەوامـی بەهـای زیـادە دەتوانێـت ئەنجامەکـەی قەیرانـە ئابووریـەکان بێـت. زێدەبـاری ئەمـە، گردبوونـەوەی سـەرمایە و دەبێـت ڕیتمـی ناڕێکـی کەڵەکەکردنـی سـەرمایە خـۆی لەگـەڵ پەرەسـەندنی ناهاوتەریبـی ئابووریـەکان و کۆمەڵـگاکان بـە پەیوەندیـدار بزانیـن. بـەم پێیـە، پڕۆسـەی کەڵەکەکـردن هیچـکات تەنیـا پڕۆسـەیەکی ئابـووری نیـە، بەڵکـو هەروەهـا پابەنـدە بـە پێگەیشـتنی گشـتیی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـان لەوانـە، بۆمونـە، کۆلۆنیالیـزم، ئیمپێریالیـزم و دەورە بگـۆڕەکان بـۆ دەوڵەتـە کـە لـە سـوننەتی مارکسیسـتیدا بـەردەوام پەسـەندکراوە. لـە ڕوانگـەی مارکسـەوە، پڕۆسـەی کەڵەکـردن قەت پەرەسـەندنێکی بـەردەوام هاوئاهەنـد یاخـود سـادە نیـە: قەیرانـەکان و دابەزینـەکان بـەردەوام ئـەم پڕۆسـەیە دەپسـێنن. سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، لەمپەرەکانـی بـەردەم کەڵەکەکردنـی سـەرمایە هێچـکات موتڵـەق و ڕەهـا نیـن بەڵکـو بەهـۆی تووندبوونـەوەی ناکۆکیەکانـی سـەرمایەداریەوە، کـە دەتوانـن لـە کورتمـاوەدا چارەسـەر بـبن تاکـوو ئەگەڕێـک بـە قۆناغێکـی نوێـی پەرەسـەندن بـدەن، هاسـانە. مارکـس شـیکاریی پەرەسـەندنی ئـەم چەشـنە تووندبوونـەوەی ناکۆکیانـەی لـە ئاسـتی ئابووریـدا، بەپێـی یاسـای ئاراسـتەی ئاسـتی دابەزینـی قازانـج دەخوێنێتـەوە. ئاراسـتەی ئاسـتی دابەزینـی قازانـج بۆخـۆی پەیوەندیـی لەگـەڵ یاسـایەکدا هەیـە کـە ناکۆکـە بـە کاریگەریەکانـی هێـزە بەتاڵکەرەوەکانـی خۆیـدا، ئـەو یاسـایەی کـە بنەماکـەی پێکهاتـەی ئۆرگانیکـی گەشـەکەری پڕۆسـەی سـەرمایەیە. لێـرەدا مارکـس خـۆی لـە ڕیـکاردۆ کـە بـەڕای ئـەو کەمبوونـەوەی قازانـج پابەنـدە بـە کەمبوونـەوەی وەبەرهێنـان لـە کشـت و کاڵـدا، و لـە سـمیت کـە بـەڕای ئـەو بڕێکـی دیاریکـراوی بـازاڕ گەڵیـک گرینگـە، جیادەکاتـەوە.

مارکـس بەشـێکی بەرچـاوی شـیکاریەکانی خـۆی تەرخـان دەکات بـۆ لێکەوتـەکان و فۆرمەکانـی کەڵەکەکـردن و کەڵـک لـە خوێندنـەوەی لۆژیکـی و ئەزموونـی وەردەگرێـت. مارکـس هەروەهـا پڕۆسـەی کار خۆیشـی کۆمەڵێـک یاسـا دادەنێـت و لەنێـوان قۆناغـە جۆراوجۆرەکانـی پەرەسـەندی مێتۆدەکانـی بەرهەمهێنانـدا جیـاوزی دادەنێـت. هەروەهـا دەپەرژێتەسـەر خوێندنـەوەی کاریگەرییەکانـی کەڵەکەکـردن لەسـەر چینـی کرێـکار. بـە هاتنـی ماشـینەکان و بەرهەمهێنانـی ماشـین، باقـی مێتۆدەکانـی بەرهەمهێنـان ناچـار بـە فۆرمـە تووڕەوانەکانـی چەوسـاندنەوە دەکرێـن تاکـوو بتوانـن لـە پانتـای ڕکابەریـدا مێننـەوە. ماشـینەکان خۆیـان و بەرهەمهێنانـی ماشـینی ئەرتەشـی زەخیـرەی کار و هاوشـانی ئەمـە، «یاسـای گشـتیی کەڵەکەردنـی سـەرمایەداری» بەدیدەهێنێـت، بـەم واتایـەی کـە یـەک بەشـی توێژێکـی وەسـتاوی لـە ڕووی بارسـتاییەوە زیـاد دەکات هـاوکات

بەشـێوەیەکی فەرمـی هـەژار دەبێـت. بەشـێوەیەکی سـیکە، چینـی کرێـکار رێـک ئەوکاتـەی کـە بەشـێوەیەکی گەشـەکەر بەهێـز دەبێـت تاکـو لەڕێگـەی پێکهێنانـی یەکێتیـە کرێکاریـەکان خۆڕاگـری بـکات لەهەمبـەر کەڵەکەکردنـدا، دەکەوێتەبـەر سـڕینەوەی کارامەیـی و فەرمانـی ماشـینەکانەوە.

لـە سـوننەتی مارکسیسـتیدا، پێویسـتیی کەڵەکەکردنـی سـەرمایە جێگـەی پەسـەندی ئـەو کەسـانە بـووە کـە، وەک لێنیـن، بەڵگاندیـان بـۆ ئـەوە کـردووە کـە مۆنۆپۆڵـی تووندکردنـەوەی ڕکابەریـە نـەک نەفـی و ڕەتکردنـەوەی. لـە کۆمەڵێـک ڕووی دیکـەوە، هەندێـک نووسـەر پێیـان لەسـەر لایـەن یـان هەندێـک لایەنـی زیاتـری پرۆسـەی کەڵەکەکـردن داگرتـووە لەبـەر گشـتێتیەکی ئاڵـۆز. کـەم مەسرەفگەراکانجەغـد لەسـەر ئاراسـتەیەک بـۆ دابەزیـن دەکەنـەوە و مۆنۆپۆڵـی بـە جێگـرەوەی ڕکابـەری و زۆرەملیـی بـۆ سـەرمایەگوزاری دەزانـن. بـەم پێیـە، کەمایەسـی لـە ئاسـتەکانی داواکاریـی بـازاڕ دەبێتـە چەقـی سـەرنج پێـدان (هـەر بەوجـۆرەی کـە سـەبارەت بـە تیـۆری کێینـزی ئەمـە ڕاسـتە). زۆرجـاران لـەم بەسـتێنەدا ئامـاژە بـە ڕۆژا لۆکزامبورگیـش دەکرێـت، هەرچەنـدە کـە لەسـەر دەوری میلیتاریزمیـش جەغـدی کردۆتـەوە. بـاران و سـوێزی دوا نوێنەرانـی ئـەم هێڵـە فیکریـەن. کۆمەڵێـک کـەس لـە سـوننەتی نیـۆ ڕیکاردۆیـی یـان سـڕافایی لەگـەڵ بنەڕەتـی بەئاسـایی دانانـی کەڵەکردن دوای مارکـس دەکـەون و پەیڕەویـن، بـەڵام بـە پاشـگەزبوونەوە لـە گونجاندنـی ناچاریـی کەڵەکەکـردن لـە شـیکاریی خۆیـدا ئـەم خاڵـە بـە لێڵـی بەجـێ دەهێڵـن. ڕکابـەری تەنیـا بـۆ ئـەوە بەکەڵکـە تاکـو ئاسـتی قازانـج و حەقدەسـتەکان ڕێـک و یەکسـان بـکات. ئـەو کات حەقدەسـتەکان بـە چەقـی دیاریکردنـی ڕیتمـی کەڵەکەکـردن دادەنێـن کـە ئەوکاتـەی حەقدەسـتەکان زیـاد دەکات دەکەوێتـە بـەر هەڕەشـەوە و لـە غیابـی زیادبوونـی وەبەرهێنانـەوەدا قازانجـداری کـەم دەکاتـەوە.

بۆن فاین

کەڵەکەردنی سەرەتایی (primitive accumulation)

مارکـس لـە سـەرمایە، بەرگـی یەکـەم، چ 7 دەپەرژێتەسەرپێناسـە و شـیکاریی کەڵەکردنـی سـەرەتایی. مارکـس بـە خوێندنـەوەی یاسـاکانی پێگەیشـتنی بەرهەمهێنان لەڕێگـەی سـەرمایەوە، لەگـەڵ پرۆسـەیەکدا ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە کـە سـەرمایەداری لەڕێگەیـەوە لـەڕووی مێژوویـیـەوە شـێوەگیر دەبێـت. تێگەیشـتنی مارکـس لـە سـەرمایەداری، هەربـەو شـێوەی کـە شـیکارییە گشـتیرەکەی لـە شـێوازی بەرهەمهێنـان، پێشـەمەرجی ئەمەیـە و دەرنجامەکـەی چڕبوونەوەیـە لەسـەر ئەمـەی کـە چلـۆن کۆمەڵەیەکـی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـە چینایەتیـەکان دەگۆڕێـت بـۆ کۆمەڵەیەکـی دیکـە. بەتایبـەت، چۆنـە کـە ئـەو چینـەی خـاوەن خاوەندارێتـی کرێکارانـی کـرێ گرتـە، پرۆلێتاریـا، لەگـەڵ چینێکـی سـەرمایەدارندا ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە کـە کەرەسـتەکانی بەرهەمهێنـان مۆنـۆڵ و پـاوان دەکات؟

وڵامـی مارکـس بەشـێوەیەکی هێورکرەوانـە سـاکارە. لەوێـوە کـە پەیوەندیـە بەرهەمهێنـەرە پێـش سـەرمایەدارییەکان پـتر کشـت و کاڵیـە و وەرزێرانـی خاوەنـداری کەرەسـتە بەرهەمهێنـەرە سـەرەکیەکان، واتـە عـەرزن، سـەرمایەداری تەنیـا دەتوانێـت لەڕێگـەی ئەسـتاندی خاوەندارێتـی وەرزێـران بـۆ عـەرز بەدیدێـت. بـەم پێیـە، دەبێـت سـەرچاوەی سـەرمایەداری لـە گۆڕانکاریـی پەیوەندیـە بەرهەمهێنەرەکانـدا بدۆزینـەوە. ڕزگارکردنـی وەرزێـران لـە عـەرز هـەم بـۆ سـەرمایەی کشـت و کاڵـی و هـەم بـۆ پیشەسـازی سـەرچاوەی دەسـتڕاگەیشـتنە بـە کرێکارانـی حەقدەسـتی. ئەمـە تێبەینیـی گرینگی مارکسـە و بـە ئاماژەیەکی تەوسئاسا وە بـە «ڕازی کەڵەکەکردنـی وەک دەڵێـن سـەرەتایی» جەغـدی لێدەکاتـەوە. زۆربـەی [بیرمەندانـی] هاوچەرخـی ئـەو سـەرمایەیان بـە دەرەنجامـی پێخـۆر دادەنـا. خاڵـی مەدتـی مارکـس ئەمەیـە کـە کەڵەکەکردنـی سـەرەتایی بـەم پێیـە لـە هێـچ ڕوویەکـەوە کەڵەکەکـردن نیـە. پێخـۆر تەنیـا لەحاڵەتێکـدا دەتوانێـت ئەنجامەکـەی کەڵەکەکردنـی سـەرمایە بێـت کـە پەیوەندیـە بەرهەمهێنەرە سـەرمایەداریەکان بوونیـان هەبێـت. بـۆ

مارکس، دەبێت ئەم «ڕاز»ە لەجیات بەرینکردنەوەی چەندایەتیی ئامادە و دابینکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان، قووت و بأیوی، لە ڕێکخستنەوەی شۆڕشگێڕانە و تەناهیی پەیوەندیە بەرهەمهێنەرە هەبووەکاندا بدۆزینەوە و ئەم بەڵگاندنە لەڕێگەی گەڕاننەوە بۆ «بزووتنەوەی پەرژین لە بریتانیا» ڕوونی دەکاتەوە. بەڵام هەروەها دەپەرژێتەسەر خوێندنەوەی سەرچاوەکانی سروەتی سەرمایەداری و ئەو یاسایانەی کە وەرزێران بەرەو کاری گرێ گرتە دەتلێنێت و پرۆلێتاریا دەخاتەنێو شێوازێکی نوێی ژیانی دیسیپلین کراوەوە.

چەمکەکەی مارکس بەتەواوەتی ڕوونە بەڵام ئەمەی کە ئایا ئەم چەمکە چوارچێوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ شیکاریی گوزەر و ڕۆشتنە بۆناو سەرمایەداری چیگەی باس و قناقەشەیە. گەرچی ڕوونکردنەوەکەی مارکس بۆ نموونەکەی ڤریتانیا دروستە، ناتوانێت نموونەی سەقامگیریی سەرمایەداریلە شوێنەکانی دیکە، بۆنموونە لە ئەروپادا، بێت. هەر ئەمە کۆمەڵێک نووسەری وەک سویزی والێکردووە تاکو بڵگاندن بۆ ئەوە بکەن دانوستاندن هێزی چالاکە لە جیاکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیە پێش سەرمایەداریەکاندا و لێرەوە دەبێت سەرچاوەکانی سەرمایەداری لە شارەکاندا، واتە ناوەندەکانی بازرگانیدا بدۆزینەوە. سویزی بەم کارە وڵامی دۆب (1946) ی دەدایەوە کە هەڵوێستێکی وەک هەڵوێستەکەی مارکسی لە بەرگی 3ی سەرمایەی هەبوو، مارکس لەم بەرگەدا لە سەرمایە لەکاتی خوێندنەوەی پێکهاتنی مێژوویی کرێی عەرزی سەرمایەدارانە و سەرمایەی بازرگانیدا پتر پەل و پۆی دایە ئەم هەڵوێستەی. بۆ دۆب، سەرمایەداری سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیە ناوەکیەکانی کۆمەڵگا پێش سەرمایەداریەکان کە بازرگانی ئاست بەرز کاتالیزۆرەکەیەتی و پەیوەندیی کشت و کاڵی گەلێک لای گرینگە.

موناقەشەی نێوان دۆب و سویزی، لەگەڵ وتارەکانی دیکەدا، لە کۆواترێکدا لەلایەن هیلتۆن (1976)ەوە کۆکراوەتەوە (هەروەها بڕواننە گوزار لە فیۆدالیزمەوە بۆ سەرمایەداری). ئەم کارە تەنیا وەک ڕاهاتنێک ناچێت لە مێژوودا چونکە بۆ شێوازێک کە ئەوڕۆکە پەرەنەسەندوویی بەو پێیە دەرکی پێدەکرێت هەڵگری واتاگەلێکی شاراوەی قوڵە (بڕواننە پەرەنەسەندوویی و پەرەسەندن). پرسەکە لێرەدایە کە ئایا دەبت سەرمایەداری بەپێی پەرەدان و بەرینبوونەوە و دەسەڵاتی پەیوەندیە دانووستاندنیەکان شیبکرێتەوە، یان بەپێی پەیوەندییە چینایەتیە ناوەکیە بزۆزەکان لەڕێگەی گەڕاننەوەی تایبەت بۆ خاوەنداریتیی عەرزی. برێنێر (1977) لەو باوەڕەدایە کە سەرچاوە فیکریەکانی ڕوانگەی یەکەم، کە بۆنموونە پەیوەندیدارە لەگەڵ سویزی،

بەرهەمهێنانەوە وەك وێناکەری بەرهەمهێنانەوەی سادە دەخوێندرێتەوە کە تیایدا پەیوەندیەکانی بەها و بەهای زیادە وەك خۆیان دەمێننەوە. واتە وەك بنەڕەتێك بۆ بەرهەمهێنانەوە بەپێی بەراوەردیکی بەرینکراو و پەرەسەندوو کە بەهۆیەوە پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە لەوانەیە زۆر بکات یان نەیکات

فرانک و والێرشتایندا، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکەی سمیت و بە لادان لە مارکسیزم دادەنرێت.

پرێ ئابراژانسکی لە ئابووریی نوێدا چەمکی کەڵەکەکردنی سەرەتایی هێنایە ئاراوە. ئەم زاراوەیە کۆمەڵێک سیاسەت دەگرێتەوە کە بۆ ئابووریی سۆڤیەت لە دەیەی 1920دا ڕەچاوکرا تاکوو دەست بەسەر ئەو سەرچاوە و کانزایانەدا بگرن بۆئەوەی یارمەتیی سۆسیالیزم لەڕێگەی بەرنامەدانانی دەوڵەتیەوە بدەن. کێشەی پەرەسەندنی سەرمایەداریی لە ڕووسیا نووسینی لێنین بە کاربرد و بەکارهێنانی کلاسیکی تیۆری مارکس لەمەڕ پەرەسەندنی ئابووریی پێش شۆڕش دادەنرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئاستن، تی. و فیلیپین، سی 1985، برێنێر، ئار. 1976، 1977، دۆب، ئێم. 1946 (1963)، هیلتۆن، ڕۆدنی 1976، لاکلاو، ئەی. 1971، مارگلین، ئێس. 1974، پرێ ئابراژانسکی، ئەی. 1926 (1965).

بۆن فاین

ئەنتەرناسیۆنالەکان
The international

ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم (ئەنجومەنی نێونەتەوەیی کرێکاران 76_1864) بریتی بوو لە فێدراسیۆنێکی نێونەتەوەیی ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوایی و ناوەندیدا نیشتەجێ بوون، ئەو شوێنەی کە بزووتنەوەی کرێکاری پاش شکستەکانی 49_ 1848 خەریکبوو هێدی هێدی گیانی وەبەردەهاتەوە. گەرچی ئەنتەرناسیۆنال لەڕێگەی هەوڵە خۆڕسکەکانی کرێکارانی لەندەن و پاریسەوە بێچمی گرت و هاوەردی کرد لەگەڵ ڕابوونی نەتەوەیی لەهێستان لە 1863دا، مارکس (لە 1867 تا 1872) و ئەنگێلس (لە 1870 تا 1872) پسکێکی بنەڕەتیاب هەبوو لە ڕێبەرایەتیەکەیدا. مارکس بە سێ و دوو بەوەی زانی کە «هێزە» ڕاستەقینەکان دەرگیرن»، بەڵام بەمەشی زانی کە «پێش ئەوەی بزووتنەوەی تازە وەخەبەرهاتوو ئەگەری بوێریی دەربڕینی دێرینی بدات کاتێ بەدەستەوەیە» (نامە بۆ ئەنگێلس، 4ی نۆڤەمبەری 1864). بەم پێیە ڕێکخراوێکی کادرە نێونەتەوەییە زۆر بچووکەکان بەناوی «یەکێتی کۆمۆنیستەکان»یش بوو کە مارکس و ئەنگێلس لە 1847 تا 1852 ڕێبەرایەتیەکەیان لە ئەستۆبوو. لێرەوە، مارکس تەنزیم و ڕاکێشانی ڕای هاوەڕەنگ بۆ پەسەندکردنی خیتابی دەستپێکەکە و هەندێک ڕێسایان وەئەستۆ گرت کە بڕیاربوو بەشێوەیەک گەڵاڵە بکرێت کە بنەمایەک بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕێبەرانی لیبێڕاڵی یەکێتیە کرێکاریەکانی بریتانیا و هەروەها دواکەوتوانی واڕەیی بڕۆدۆن، ماتزینی و لاسالی دەستەبەر کرد. ئەنتەناسیۆنالی هەم ئەندامگەڵکی تاک و تەرای وەردەگرت و هەم ڕێکخراوە خۆجێی و نەتەوەییە وابەستەکان. شۆڕای هەمەکیی ئەنتەرناسیۆنال، کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە کۆنگرە ساڵانەکانیدا هەڵدەبژێردران، تا 1872 ناوەندێکی لە لەندەندا هەبوو.

لە یەکەم ساڵانی ئەنتەرناسیۆنالدا، مارکس کە تا ڕادەیەک ڕەشنووسی کۆی ئەو بەڵگانەی نووسیبوو کە شووڕای

گشتی دەریکردبوو کارەکەی کورتکردەوە بەو «خالانەی کە مەجالی بە هاوڕایی خێرا و کرداری دەستەجەمعی کرێکاران دەدا» (نامە بۆ کوگێلمان، 9ی ئۆکتۆبەری 1866). ئەم خاڵانە هەموو ئەو کارانەی دەگەرتەوە کە دژی بەتاڵکەرەوە مانگرتنەکان، ئەو ناڕەزایەتیانەی دژی بەدڕەفتاری لەگەڵ زیندانیە ئۆتۆنۆمیستە ئیرلەندیەکان و خەبات دژی جەنگی دەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەنتەرناسیۆنالْ پەل و پۆی دەهاویشت، مارکس سەرکەوت لە وەرگرتنی ڕا بۆ پەسەندکردنی ئەو خواستانەی کە زیاد لە پێشوو خەسڵەتی سۆسیالیستیان هەبوو. بەم چەشنە، لە 1868دا، بەپێچەوانەی دژایەتیی ڕوولە نەمانی پرۆدۆنی، «ئەنجومەنی نێونەتەوەیی کرێکاران» (ئای دەبڵیو ئێم ئای) کە بەبێ هیچ چەشنە دەربەستێک بۆ خاوەندارێتی گشتی کارەکەی خۆی دەستپێکردبوو، خواستی خاوەندارێتیی کۆیی کانگاکان، هێڵەکانی ئاسن، عەرزە کشت و کاڵیەکان، جەنگەڵەکان و کەرەستەکانی پەیوەندیی ڕاگەیاند.

کۆمۆنی پاریس (1871) بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویی ئەی دەبڵیو ئێم ئای دادەنرێت. ئەنگێلس شۆڕشی بەهاری پاریسی «بەبێ ڕاڕایی بە منداڵی مینۆکیی و مەعنویی ئەنتەرناسیۆنالْ» ناونا، «ئەگەرچی ئەنتەرناسیۆنالْ بۆ وەدیهێنانەکەی ئەنگوستێکی نەجووڵاند» (نامە بۆ سورگ، 12 تا 17ی سێپتەمبەری 1874). پشتوانە فەرەنسیەکانی ئەنتەر ناسیۆنالْ، پتر پرۆدۆنیەکان، دەورێکی گرینگیان لە کۆمۆندا هەبوو و «شووڕای گشتی» بەستێنێکی بۆ یەکڕیزیی نێونەتەوەیی ڕێکخست. مارکس پشتیوانیی بەتاوی مێژوویی خۆی لە کۆمۆن [لە چوارچێوەی کتێبی] جەنگی ناوخۆیی لە فەرانسای لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی شووڕای گشتیەوە پەسەندکرد و ئەم بەرهەمە وەک خیتابێکی بەناوی ئەم شووڕایەوە بڵاوکرایەوە. ئەزموونی کۆمۆن و هەروەها بەرینبوونەوەی مافی دەنگدانی چینی کرێکار، مارکس و ئەنگێلسی ناچار کرد جەغد لە پێویستیی فۆرمە کارمەکانی کردەی سیاسیی بکەنەوە. لە 1871دا، لەڕێگەی داهێنانی ئەم دووانەوە، ئای دەبڵیو ئێم ئەی لە کۆنفرانسەکەی لەندەندا بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی فەرمی لە قازانجی «ڕێکخستنی چینی کرێکار لە حیزبی سیاسی»دا هەڵوێستی وەرگرت (بڕواننە حیزب). ئەم ئامانجە لە بەندی 7aی یاسای نوێدا گونجێندرا کە مارکس بۆخۆی ڕیکیخستبوو و لە کۆنگرەی لاهەی ئەنتەر ناسیۆنالْ لە 1872دا پەسەند و پێشوازیی لێکرا، هەر ئەم کۆنگرە هەروەها ڕایگەیاند کە «داگیرکردنی دەسەڵتی سیاسی دەبێتە ئەرکێکی گەورەی پرۆلێتاریا».

ئەم هەڵوێستانە لەلایەن باکۆنین و پشتیوانەکانیەوە لە ئەنتەرناسیۆنالْدا دژایەتی کرا کە لە سەرەتا ئانارشیستەکان بەڵگاندنیان دەکرد لە قازانجی حەزەرکردن و خۆبواردن لە سیاسەت. «یەکێتی نێونەتەوەیی دێمۆکراسیی سۆسیالیستی»ی باکۆنین لە ساڵی 1868دا بۆ ڕۆشتنەناو ئای دەبڵیو ئێم ئەی داوای ئەندامێتی کرد. مارکس سەرەڕای حەزەرکردنی لە بەرنامەی ئەم ڕێکخراوەیە، ساڵێک دوای وەرگرتنی بەشەکانی بۆ ئەنتەرناسیۆنالْ بەپێی ئەم بنەمایە پشتیوانیی لێکردن کە ئای دەبڵیو ئێم ئەی دەبێت «ڕێگە بدات هەربەشەو ئازادانە بەرنامەکەی خۆی بێچم بدات» (بەڵگەنامەکانی ئەنتەرناسیۆنالْی یەکەم، ب 3، ل 7_ 273، 11_ 310). کێشمەکێشی نێوان لایەنگرانی مارکس و پشتیوانانی باکۆنین، کە لە ئەنتەرناسیۆنالْ لە مەودای نێوان ساڵانی 1869 تا 1872 قووڵەوە بوو. بەتایبەت لەدەوری ئەم بابەتەی کە ئای دەبڵیوو ئێم ئەی چۆن دەبێت ڕێکبخرێت. باکۆنین هێرشی کردەسەر «دەسەڵاتخوازیی» شووڕای گشتی، لەحاڵێکدا هەوڵیدەدا ئەنتەرناسیۆنالْ بخاتە ژێردەستی ئەنجومەن یان ئەنجومەنە شاراوە زنجیرەپلەییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی. مارکس و ئێنگێلس کە لە دەرەوە لەگەڵ سەرکوت دەوڵەتی و لەناوەوە لەگەڵ تەفرەقە باکۆنینیەکاندا ڕووبەڕووبوون پێیان وابوو دەبێت

دەسەڵاتی شورای گشتی زیادبکرێت. باکۆنین بۆ دژایەتیی خۆی سەبارەت بەمە، پشتیوانیی چالاکانی سویس، ئتالیا، سپانیا و بەلجیکای بەدەستهێنا و هەروەها پشیوانیی بەشێکی بەرچاوی بریتانیای بۆلای خۆی ڕاکێشا.

کۆنگرەی لاهە (1872) شەست و پێنج نوێنەری لە سێزدە وڵاتی ئەوروپی، ئۆسترالیا و وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکای کۆکردەوە و ئەمە زیاتربوو لە کۆنگرەکانی پێشوو. کۆنگرە دەسەڵاتێکی زیاتری دایە شورای گشتی و باکۆنین و گیومی هاورێی لە ئەنتەرناسیۆنالّ دەرکرد، هۆکاری دەرکردنیان ڕێکخستنی ئەنجومەنێکی نهێنی ڕاگەیەنرا لەناو ئەنتەرناسیۆنالّدا کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک تۆڕێنەوەی جێی باس سەبارەت بە تەڵەکەبازیی باکۆنین. هەروەها کۆنگرە بە زۆرینەیەکی کەمەوە پێشنیارێکی بەناوی مارکس و ئینگێلس و لایەنگرانیانەوە پەسەندکرد بۆ ڕاگوێستنی ناوەندی شورای گشتی بۆ نیۆیۆرک. لەوانەیە پاڵنەرێکی گرینگی ئەم کار ترس بوو لەوەی کە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەنتەرناسیۆنالّ لە لەندەن بچێتەژێر سوڵتەی کۆچبەرانی فەرەنسیی بلانکی خوازەوە (بلانکیزم) کە مارکس و ئینگێلس بۆ شکستی باکۆنین بەناچاری لەگەڵ ئەواندا یەکیانگرت. ئەمە بەشێوەیەکی کردەیی کۆتایی ئای دەبڵیو ئێم ئەی بوو کە لەدەرەنجامدا لە کۆنفرانسی فیلادێلفیا (1876)دا هەڵوەشێنرایەوە. ئەو ئەنتەرناسیۆنالّە «دژە دەسەڵاتخواز»ەی کە هەوڵیدەدا دەستی بە بەرگی ئای دەبڵیو ئێم ئەی ڕابگات لەسەرەتادا هەندێک سەرکەوتنی دەستەبەرکرد، بەڵام لە 1877دا هیوابڕاوانە لێک دابڕان و دواییش بەجێماوی ڕووتە ئانارشیستیەکەی، لە کۆنگرەیەک لە 1881دا کۆبوونەوە.

ساڵانی دواتر شایەتی گەشەی بەرچاوی حیزبە کرێکاریەکان بوو لە ئاستی نەتەوەییدا کە پتر جەستەتگەلێکی مەکتر مارکسیستیان هەبوو، کە ئای دەبڵیو ئێم ئەی بەتایبەت لەماوەی ساڵانی 1871 تا 1872دا بەتوندی هەوڵیدەدا پەرەپێبدات و بەرینی بکاتەوە. مارکس تا کاتی مردنەکەی لە 18823 و ئەنگێلس تەنانەت لە سەرەتای دامەزراندنی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالّی دووهەمدا دژایەتیی کۆمەڵێک هەوڵیان کرد کە خوازیاری «دەرگیربوون لە کاروباری ڕێکخراو نێونەتەوەییەکاندان کە هەنووکە بەهەمان ڕادە مەحاڵە کە بێکەڵکە» (نامە بۆ لورا لافارگ، 28ی ژوەنی 1889). سەرباری ئەمانە، ئەو پاشان پشتیوانی و ڕاوێژی گرینگی خۆی لە ئەنتەرناسیۆنالّی نوێ دریغ نەکرد [و بەدەمیانەوە بوو].

ئەنتەرناسیۆنالّی دووهەم (1914_ 1889)

لە کۆنگرەی کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالّ لە ژووییەی 1889 لە پاریسا بەشێوەیەکی کردەیی بە ڕێکخستنێکی مارکسیستیەوە دامەزرا. ئەنتەرناسیۆنالّی دووهەمیش وەک ئەنتەرناسیۆنالّی یەکەم لەبنەڕەتدا بنەماکەی بزووتنەوەی کرێکاریی ئەوروپی بوو، بەڵام زۆر گەورەتر بوو لە ڕەچەڵەکەی. پتر سۆسیالی دێمۆکراسیی ئەڵمانیا بەسەر ئەم ئەنتەرناسیۆنالّەدا بالّادەست بوو و زۆربەی حیزبە وابەستەکانی پێگەیەکی جەماوەرییان هەبوو یان خەریکی سازدانی بوون. ئەم حیزبانە لە 1904 لە کۆمەڵێک هەڵبژاردنی لە بیست و یەک وڵاتدا بەشداریان کرد و زیاد لە 6/4 میلیۆنی دەنگەکان و 261 کورسی پەرلەمانیان دەستبەرکرد. لە 1914دا چوار میلیۆن ئەندام و دەنگێکی پەرلەمانیی دوازدە میلیۆنیان بەدەستهێنا. ئەنتەرناسیۆنالّ لەبنەڕەتدا بە فێدراسیۆنێکی ئازادانەی حیزبەکان و یەکێتیە کرێکاریەکان دادەنرا. لە 1900دا دەفتەری سیاسیی ئەنتەرناسیۆنالّی سۆسیالیستی، پتر بە کارکردێکی تەکنیکی و ڕێکخەر تاکو دەستووری، بە سکرتێری فوول کاتی کەمی سمانز، لە بروکسێلدا دامەزرا. لە زۆربەی حزبە وابەستەکانی ئەنتەرناسیۆنالّی دووهەمدا، جگە حیزبی کرێکاری بریتانیا (کە لە 1908دا ئەندامەتیەکەی وەرگیرا)،

مارکسیزم ئایدیۆلۆژیای باڵادەست بوو، هەرچەندە کە باقی ئاراستەکانی دیکە و بکەرەکانی دیکەش کاریگەرییان هەبوو. ئەم ئاراستانە لە سەرەتادا ئەو ئانارشیستانەی دەگرتەوە کە پاش هەندێک شکست لەسەر پرسی خەباتی سیاسی لە کۆنگرەکانی 1893 و 1896، لە ئەنتەرناسیۆنالی دەرکران. ئەو دوو تیۆریسیەنەی کە پاش مەرگی ئەنگێلس لە 1895دا زۆرترین یارمەتیی فیکریان دایە تایبەتمەندیی مارکسیزمی فەرمی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بریتی بوون لە کاوتسکی و پلێخانۆف.

ئەنتەرناسیۆنالەکان لە دوو تا چوار ساڵدا بەڕێوەدەبرد تاکوو بڕیاربدات سەبارەت بە کارە هاوبەشەکان و بپەرژێتەسەر دوان لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکان بە مەرام و خەتی سیاسییەوە. نموونەی کارە هاوبەشەکان یەکیان ڕێکخستنی ناڕەزایەتیەکان، لە 1790 بەملاوە لەهەر وڵات لە مانگی ئایاردابوو بۆ پشتیوانی لە هەشت کاتژمێر کاری ڕۆژانە. خەباتەکانی نێوان ئاراستە ڕاست، چەپ و میانەکان کە سەرچاوەکەی حیزبە نەتەوەییەکانە، وێزرایەوە بۆ ڕووبەڕی نێونەتەوەیی. کۆنگرەی پاریس (1900) بەتوندی پەرژایەسەر پرسی «میلرانیزم»: ئایا ڕێگەپێدراوە وەک میلران سۆسیالیستی فەرەنسی لە ساڵی پێشوودا بچینە پاڵ حکوومەتێکی بوورژواییەوە. لە کۆتاییدا قەرارێکی سازان، کە ڕەشنووسەکەی کاوتسکی نووسی، پەسەندکرا کە ڕێگەی بەوە دەدا کە وا هەنگاوێک دەتوانێت وەک «ڕا و تەگبیرێکی چرکەیی... سەبارەت بە بابەتە ناوازەکان» قبووڵ بکرێت بەو مەرجەی حیزب پەسەندی بکات. (برۆنتاڵ 1961، ب 1، ل 3_ 272). لە کۆنگرەی پاشتردا، کە لە ئامستردام (1904)دا پێکهات. داواکرا بڕیارنامەیەی مەحکوومکردنی بۆچوونە ڕۆیزیۆنیستیەکانی بێرنشتاین کە ساڵی پێشوو لە کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئەڵمانیا لە دێرسێدندا پەسەندکرابوو باوەڕپێکراوەیە نێونەیەوەییەکەی پەسەند بکات. ئەم خواستە ئەنجامەکەی موناقەشەیەکی کاریگەری سەبارەت بە ستراتیژێک بوو کە تیایدا ڕێبەری سۆسیال دێمۆکراسیی ئەڵمانیا، بێبێل، بەرگریی لە حیزبەکەی لەهەمبەر تۆمەتەکانی ژان ژورێس، ڕیبەری حیزبی سۆسیالیستی فەرانسا کرد لەپەیوەندیدا بە دۆگماتیزمی باوەڕیی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئەڵمانیا بەرپرسیار و هۆکاری ملمڵانێیەکی مەترسیداری نێوان پەرەدان و بەرینکردنەوەی پشتیوانی هەڵبژاردن لەم حیزبە و لاوازیەکەی لە گۆڕانی ڕژیمی موتڵە و ڕەهای مەلیکی ئەڵمانیایە. کۆنگرە بە 25ی دەنگی ئەرێ، 5 دەنگی نا و 12 دەنگی بێلایەن پشتیوانیی لە بڕیارنامەی دێرسێدن کرد، بەڵام ڕۆیزیۆنیستەکان لە ئەنتەرناسیۆنالدا،

مارکس لە سەرمایە بەرگی 3دا لە ڕوانگەی دابەشکردن (و دابەشکردنەوە) ی بەهای زیادە و سەرمایەوە کەڵەکەکردن شیدەکاتەوە. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەسەندندا، بنەڕەتی کەڵەکەکردن لەسەر چڕبوونەوەی سەرمایەیە

هەربەو جۆرەی کە لە حیزبدا، مانەوە و لە هەردووياندا ئەندیشەکانی خۆیان بڵاوکردەوە (بڕوانە پۆیزیۆنیزم).

بابەتێکی دیکەی باس وروژێن کۆلۆنیالیزم بوو کە پێشتر کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال (1900)، لەکاتی جەنگی بوێردا، بە تێکڕای دەنگ مەحکوومیان کردبوو، هەرچەند کە زۆرینەیەکی کۆمسیۆنی کۆلۆنیالیی کۆنگرەی شتووتگارت حەوت ساڵ دوای ئەوە بەڵگاندنی سەبارەت بەوەکرد کە «نابێ لەهەموو هەل و مەرجەکاندا سیاسەتە کۆلۆنیالیستیەکان ڕەتبکرێنەوە، بۆنموونە ئەو سیاسەتانەی کە لە حکومەتێکی سۆسیالیستیدا دەتوانێت کەڵکداربێت بۆ ئامانجێکی ژیارساز» (بڕاونتاڵ، هەمان، ل 318). پاش باس و پۆلێمیکێکی ڕاشکاوانە ئەم دیدگایە بە 127 دەنگی نا و 108 دەنگی ئەرێ ڕەتکرایەوە و بڕیارنامەیەکی پەسەندکرد کە «ئەو سیاسەتە کۆلۆنیالیستیە سەرمایەداریانەی کە دەبێت، بەپێی چیەتییەکەیان ، بواری کۆیلەیی، کاری زۆرەملی و قەڵت و بڕی خەڵکانی خۆجێی خۆشکرد» مەحکوم دەکرد (براونتاڵ، هەمان، ل 319).

بۆ ئەنتەرناسیۆنالی خەبات دژی جەنگ تەوەرئاسا و خاوەنی لایەنی گرینگ بووو و لە کاتی دامەزراندنیەوە لە بڕیارنامەکانی کۆنگرەدا ڕەنگیدابووەوە. هەرئەم شێوە ڕوانینە لە کۆنگرەی شتوتگارت (1907)دا باڵادەست بوو کە لە کەشێکدا لەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە کە پەڵە و هەورەکانی جەنگ لە ئاسمانی ئەوروپادا گرد دەبوونەوە. ئەو بڕیارنامە دواییەی کە _سەرەڕای ڕاوبۆچوونە جیاوازە جیدییەکانی ناو باسەکان_ بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا، ئیسڵاحیەیەکی لە بڕیارنامەکەدا گونجاند لە لێنین، لۆکزامبۆرگ و مارتۆڤ موتوربەیان کردبوو و دوای ئەوە جەغدی لەوە دەکردەوە کە «هەرچەشنە هەوڵێک بدرێت تاکوو بەربە ڕووانی جەنگ بگیردرێت» لە درێژەدا دەهات: «لەحاڵەتێکدا کە جەنگ بەهەرشێوەیەک کە ڕوویدا ئەرکی [بزووتنەوەی کرێکاریە] کە لە ئاراستەی کۆتاییهێنانی هەرچی زووتری جەنگدا دەستوەربدات و بەهەموو هێزەوە کەڵک لە قەیرانی ئابووریی و سیاسیی ئەنجامی جەنگ وەربگرێت تاکوو کۆمەڵانی خەڵک بوروژێنێت و لەم ڕێگەوە کەوتنی حاکمیەتی چینایەتیی سەرمایەداری خێراتر بکاتەوە» (براونتاڵ، هەمان، ل 363). ئەم بەندە لە دوو کۆنگرەی پاشتریشدا دیسانەوە پەسەندکرا. کۆنگرەی بازێل لە 1912، دواییین کۆنگرەی پاش جەنگ وەک نمایشێکی وروژێنەر بۆ ئاشتیی دەچوو و دیسانەوە بەتێکڕای دەنگ لەکاتی جەنگدا، خوازیاری کردەی شۆڕشگێڕانە بوو. دوو ساڵ دواتر، ڕووداني یەکەم جەنگی جیهانی دەریخست کە پەسەندکردنی ئەم جۆرە وسانە «تەنیا ڕووکەشێک بوو کە ناسیۆنالیزمێکی ڕیشەداری بەقوولی دادەپۆشا» (دویچێر 1972، ل 102). حیزبە سەرەکیەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بەرگریان لە جەنگی حکوومەتەکانی خۆیان دەکرد و بەم چەشنە بواری کەوتنی سەرشۆڕانەی ئەنتەرناسیۆنالیان خۆشکرد. ئەمە لووتکەی کۆی خولێکی پەرەدان و بەرینبوونەوەی سەرمایەداری و تێکەڵکردنی نەتەوەیی بزووتنەوەی کرێکاری بوو.

تەنیا حیزبەکانی ڕووسیا، سێربیا، ئیتاڵیا، بولگارستان (تێسنیاک)، ڕۆمانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان_ لەگەڵ کۆمەڵێک گرووپی بچووکی لەناو باقی حیزبەکاندا_ وەفاداربوون بەو پرەنسیپانەی کە بەبەردەوامی لەلایەن ئەنتەرناسیۆنالەوە ستایش کرابوون. هەندێک هەوڵی شکستخواردووی خولی جەنگ، بەتایبەت بە هەوڵی حیزبەکانی وڵاتانی بێلایەن، بۆ بووژانەوەی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم بەڕێوەچوو کە دەفتەرە سیاسییە نێونەتەوەییەکەی بۆ هۆلەند ڕاگوێزرابوو. سەرباری ئەمانە، لە 1919 لە کۆنفرانسێکی بێرندا، شێوەیەکی لێڵی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمی کۆن دیشانەوە شکڵی گرت («ئەنتەرناسیۆنالی بێرن») و یەکەم کۆنگرەکەی ساڵی دوایی لە ژێنێڤ بە حەڤدە نوێنەر لە حەڤدە وڵاتەوە بەڕێوەبرد. لە

1927 سۆسیالیستە چەپەکانی دە ولات، بۆمونە «حیزبی سۆسیال دیمۆکراتیکی سەربەخۆی ئەڵمانیا» (یو ئیس پی دی)، سۆسیال دیمۆکراتە نەمساییەکان (ئیس پی کیو) و ئەی ئێل پی ی بریتانیا لە ڤیەندا دانیشتن تاکوو یەکێتی نێونەتەوەیی کرێکارانی حیزبە سۆسیالیستەکان («یەکێتی ڤیەن»)، ناسراو بە ئەنتەرناسیۆنالی دوو و نیو» پێکبهێنن. ئەم یەکێتیە کارەکەی خۆی بە یەکەم هەنگاو بەرەو ئەنتەرناسیۆنالێکی گشتگیر دەزانی. لە 1923، لە کۆنگرەیەکدا لە هامبوورگ، ئەم یەکێتیە لەگەڵ ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمی بوژێندراودا یەکیان گرت تاکوو ئەنتەرناسیۆنالی کرێکاری و سۆسیالیستی پێکبهێنێت کە لە 1940دا پەکی کەوت [و کارەکانی ڕاگیرا].

لە 1951دا ئەم ئەنتەرناسیۆنالە جێگەکەی دایە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی هەنووکەیی کە یەکێتیەکی ئازادانەی حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دیمۆکراتیکە سەرەکیەکانی هەموو جیهانە لەگەڵ هەندێک بنکەدا لە لەندەن. «هەژدەهەمین کۆنگرە»ی ئەم ئەنتەرناسیۆنالە کە لە 1989 لە ستۆکهۆڵمدا بەڕێوەچوو، دیسانەوە ویلی برانتی وەک بەرپرسی خۆی هەڵبژاردەوە و مەرامنامەیەکی پەسەندکرد کە جەغدێکی زۆری لە دابینکردنی ئاشتی و چەککردن، پاراستنی ژینگە و پەیوەندیە ساردڕژکراوەکانی باکوور_ باشوور دەکردەوە. لە 51ی ئەندامی وابەستەی ئەم ئەنتەرناسیۆنالە بە ئەندامەتیی تەواوی (1989)، 23 حیزبی ولاتانی جیهانی سێیەمن کە لەم سالانەی دواییدا گەشەی ئەم ئەنتەرناسیۆنالە تیایدا خێرابووە. حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا کە هەنووکە بۆتە حیزبی دیمۆکراتیکی چەپ (پی دی ئیس)، و هەندێک حیزبی کۆمۆنیستی پێشوو لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا حەزی خۆیان بۆ پەیوەستبوون بەم ئەنتەرناسیۆنالە دەربڕیوە.

ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم (43_ 1919)

بە دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی یەکەم، دوای لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئەنترەناسیۆنالی دووهەم، لێنین لە نۆڤەمبەری 1914دا نووسی: «ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم مرد، بەرامبەر ئۆپۆرتۆنیزم دۆڕاندی، بڕی ئەنتەرناسیۆنالیزمی سێیەم...» («پێگە و ئەرکەکانی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی» کۆبەرهەمەکان، ب 21، ل 40). ئەنترناسیۆنالی سێیەم_ لە مارسی 1919 پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لە ڕووسیا و لە کاتی هەڵقوڵانی شۆڕشگێڕانە لە ئەورووپای ناوەندیدا، لەڕێگەی داهێنانی بۆلشێڤیکەکانەوە دامەزرا. لێنین لەکاتی ئاخافتنی یەکەمیدا لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم «دامەزراندنی کۆمارێکی سۆڤیەتیی نێونەتەوەیی لەئارادایە»ی ڕاگەیاند (کۆبەرهەمەکان، ب 28، ل 477) حاڵ و هەوا و چاوەڕوانیەکانی باس دەکرد. پاش ئەوە «بەفەرمی ناسینی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا و دەسەڵاتی شورایی لەبری دیمۆکراسیی بوورژوایی» وەک بنەڕەتە بنچینەییەکانی ئەنتەرناسیۆنالیزمی سێیەم» پێناسە کرد (کۆبەرهەمەکان، ب 31، ل 8_ 197). «یەکێتیی جیهانیی کۆمارە سۆڤیەتیە سۆسیالیستیەکان» (دیگێرس 1917، ب 2، ل 465) لە کۆی ژیانی ئەم ئەنتەرناسیۆنالەدا وەک ئامانجە فەرمیەکەی مایەوە، با پاش 1935 خۆی بەرەو پەراوێز بردبێت. لە دووهەمین کۆنگرەکەی لە مانگەکانی ژویە تا ئووتی 1920دا نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی چل و یەک وڵات و نوێنەرانی ڕاوێکژاری حیزبی سۆسیالیستی فەرانسا و یو ئیس پی دی ی ئەڵمانیا لەوێ ئامادەبوون، کە زۆرینەیەکی ئەندامانی ئەم دووهەمەیان پێش کۆتایهاتنی ساڵ لە کۆنگرە جۆربەجۆرەکانی خۆیاندا دەنگیاندا بە پەیوەستبوون بە کۆمینتێرنەوە. ئەم کەڵکەڵەیە کە ئەنتەرناسیۆنالی نوێ بکەوێتە بەردەم فریوکاریی توخمە سستە سۆسیال دیمۆکراتەکاندا، بووە هۆی ئەوەی تاکوو کۆنگرە «بیست و یەک مەرج» ی تۆند و تۆڵی ئەندامەتیی ئەنتەرناسیۆنال دابنێت. هەموو ئەو

حیزبانەی خوازیاربوون ببنە ئەندام دەبوو «ڕێفۆرمیستەکان و سانتریستەکان لەهەموو پێگە بەرپرسیارێتیەکانی بزووتنەوەی کرێکاری وەلاتێن و کاری یاسایی لەگەڵ کاری نایاسایی، بۆمونە کاری پڕوپاگاندای ڕێک و پێکی ناو ئەرتەش لەگەڵ یەکدی تێکەڵبکرێن. ئەنتەرناسیۆنالی سێهەم لەڕیگەی پێناسەکردنی سەردەم وەک یەکێک لە سەردەمەکانی «جەنگی ناوخۆیی توند» خوازیاری «دیسیپلینی پۆلایین» و زۆرترین ئاستی چڕبوونەوە هەم لە ناوەندە حیزبیەکان، لە ئاستی نەتەوەیی، و هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی، لە لێژنەی کارگێڕێی کۆمینتێرندا بوو کە کردەیکردنەوەی بڕیارەکانی لە مەودای نێوان کۆنگرەکاندا پێویست و حەتمی بوو (هەمان، ب 1، ل 72_ 166).

کۆمینتێرن لە کۆممەڵە پەیڕەوی ناخۆکەیدا ڕایدەگەیەنێت کە کۆمینتێرن «یەکجارەکی لە کۆی نەریتەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم دادەبڕێت، ئەو ئەنتەرناسیۆنالەی کە پێیوابوو تەنیا پێست سپیەکان بوونیان هەیە». ئەرکەکەی لە ئامێزگرتن و ڕزگارکردنی خەڵکی زەحمەتکێشی هەموو ڕەنگەکانە. کۆنگرەی دووهەم «کۆمەڵێک تێزی دەربارەی پرسی نەتەوەییو کۆلۆنیالیزم»ی پەسەندکرد کە ڕەشنووسەکەی پتر لێنین نووسیبووی و جەغدی لە پێوستیی یەکێتیی دژە ئیمپێریالیستیی بزووتنەوە ڕزگاریدەر و دژە کۆلۆنیالیەکان لەگەڵ ڕووسیای سۆڤیەتی و ئەو بزووتنەوانەی چینی کرێکار دەکردەوە کە لەحاڵی خەباتدا بوون دژی سەرمایەداری (هەمان، ب 1، ل 44_ 138). پەرتووکەکەی لێنین بەتای منداڵانەی کۆمۆنیزم «چەپ»، کە لە 1920دا نووسرا، هەوڵیدا بەگژ ئاراستە «چەپڕەوانە»کانی ناو کۆمینتێرندا بچێتەوە و بەڵگاندنی کرد لە بەرژەوەندیی بەشداریی بەپڕەنسیپیی کۆمۆنیستەکان لە هەڵبژاردن پەرلەمانی و کار لەناو یەکێتییە کرێکاریە دواکەوتووەکاندا. لێنین لەکاتێکدا لەگەڵ ئەم ئاراستانەی ناو کۆنگرەی سێهەمی کۆمینتێرن لە 1921دا ڕووبەڕوو بووەوە کە بینی شەپۆلی شۆڕشگێڕانە ڕاوەستاوە، حیزبە کۆمۆنیستەکانی دەرەوەی ڕووسیا نواندنەوەی کەمینەیەکی چینی کرێکارن و تاکتیکە شۆڕشگێڕانەی هێرشبەرانەی پێشوو، کە لەبنەڕەتدا بەپێی سەرچەشنی ئەزموونی ڕووسیا شکڵێان گرتبوو، چیتر بۆ ڕەژئاوا گونجاو نین. کۆنگرە بەیانێکی دەرکرد سەبارەت بە بەرەی یەکگرتووی حیزبەکانی چینی کرێکار، لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، بۆ خوبات لە ئاراستەی پێویستیە خێراکانی چینی کرێکار. بەدوای ئەم بەیانەدا، کۆنفرانسێک بەڕێوەبرا لە لێژنەی کارگێڕیی کۆمینتێرن، ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم و یەکێتی ڤیەن لە 1922 لە بێرلیندا، بەڵام پێکناکۆکیەکان ڕێگربوو لەوەی کە هاوکاریەکی دیکە لێبکەوێتەوە.

لە ئۆکتۆبەری 1923دا، پاش شکستی شۆڕشی چاوەڕوانکراو بۆ ئەڵمانیا، کۆمینتێران زانی کە خولێکی سەقامگیریی ڕێژەیی سەرمایەداری دەستپێکردووە. لەدرێژەی ساڵانی دواییدا کێشمەکێشە ناوەکیەکانی حیزبی سۆڤیەتی بۆناو کۆمینتێران گوێزرایەوە. پاش ململانێ تاڵەکان، دژایەتیی تڕۆتسکیستی لەگەڵ سیاسەتەکانی ستالین لەسەر «سۆسیالیزم لە وڵاتێک»دا، کۆمیتەی یەکێتی یەکێتیە کرێکاریەکانی ئینگیز_ ڕووسیا و ستراتیژ و ئەو تاکتیکانەی کە دەبێت لە شۆڕشی 27_ 1925ی چیندا گیرابووەبەر تووشی شکست کرد و تڕۆتسکی لە سێپتەمبەری 1927دا لە کۆمیتەی کارگێڕیی کۆمینتێران دەرکرا. کۆنگرەی شەشەمی کۆمینتێران لە 1929دا بەرنامەیەکی گشتی پەسەندکرد کە ڕەشنووسەکەی پتر بوخارین نووسی. بەم کۆنگرە، کۆمینتێران هەنگاوی نایە نێو «قۆناغی سێهەم»ی خۆیەوە کە تیایدا سۆسیال دێمۆکراسی وەک «سۆسیال فاشیزم» مەحکووم کرا و کۆمەڵێک پێشنیار لەسەر سازدانی بەرەی یەکگرتوو لەگەڵ ڕێبەرانیدا ڕەتکرایەوە. لە 1931دا لێژنەی کارگێڕیی کۆمینتێرن ڕایگەیاند کە پێویستە دەست لە نیگارکردنی هێڵێک لە «نێوان فاشیزم و



دێمۆکراسیی بوورژوایی و نێوان فۆرمی پەرلەمانیی دیکتاتۆریی بوورژوازی و فۆرمە فاشیستیە زەقەکەی» هەڵبگرن (سۆبۆلۆڤ 1971، ل 313). لێکەوتە کارەساتبارەکانی ئەم سیاسەتە، بەتایبەت لە ئەڵمانیا، لە 1933 بەملاوە ئەنجامەکەی پێداچوونەوە بوو بە ستراتیژی کۆمینتێرندا. لە مارچی 1933، بەدوای دروستبوونی دیکاتۆریی نازیەکاندا لێژنەی کارگێڕیی کۆمینتێرن بەشێوەیەکی ئاشکرا بە حیزبە ئەندامەکانی خۆی ڕاگەیاند کە بە پێشنیاری دەستێوەردانی هاوبەش دژی فاشیزم لە کۆمیتە ناوەندیەکانی حیزبە سۆسیال دێمۆکراسیەکان نزیک ببنەوە. پاشان ئەم پێشنیارە ئەنجامەکەی کرداری یەکگرتوانەی نێوان کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکانی فەرانسا بوو. حەوتەمین و دوایی کۆنگرەی کۆمینتێرن لە 1935 کە نواندنەوەی زیاد لە سێ میلیۆن کۆمۆنیست (785 هەزار کەس لە وڵاتانی سەرمایەداری) لە شەست و پێنج حیزب بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی شەپۆلئاسای فاشیزم، داواکاریەکی بەهێزی بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی حیزبەکانی چینی کرێکار و پەرەدان و بەرینکردنەوەی بۆ «بەرەی جەماوەری»ی بەرینتر هێنایە ئاراوە. دیمیتریۆڤ لە ڕاپۆرتی سەرەکیی خۆیدا جەغد لەوە دەکاتەوە

کـه هەنووکـه بژاردەکـه نـەک لەنێـوان دیکتاتۆریـی پرۆلێتریـا و دێمۆکراسـی، بەڵکـو لەنێـوان دێمۆکراسـیی بوورژوایـی و دیکتاتۆریـی بوورژوایـی تیرۆریسـتیی بێپەچەدایـە کـه فاشـیزم بـه لوتکـه و شـوێنی دیارکەوتنەکـەی دادەنرێـت. سـتراتیژی نوێـی کۆمینتێـرن بووبـه ئیلهامبەخشـی بەرەیەکـی جەمـاوەری لـه فەرانسـا و سـپانیادا. ئـەم سـتراتیژە نوێیـه بووبـه هـۆی پشـتوانیەکی نیونەتەوەیـی لـه خەباتـی کۆمـاری سـپانیا دژی فاشـیزم و هەروەهـا پشـتوانی لـه پێشـنیارەکانی حکوومەتـی سـۆڤیەتی بـۆ پێکهێنانـی بـەرەی ئاشـتی لەنێـوان یەکێتیـی سـۆڤیەت و دێمۆکراسـیه بوورژوایـیه رۆژئاوایـەکان بـۆ بەرگرتـن لـه هێرشـی فاشیسـتی.

کۆمینتێـرن کـه بـەردەوام لەژێـر سـوڵتەی حیزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەتدا بـوو، پشـتیوانیی لـه پاکتاوەکانـی دەیـەی 1930ی سـتالین کـرد، ئـەو پاکتاوانـەی کـه لەدرێژەیـدا هەندێـک لـه ئەندامـه دیـارە و سـەرەکیەکانی کـۆژران و لەبـەر کۆمەڵێـک بوختـان و تۆمەتـی سـاختە ئەنجامەکـەی بووبـه لەبەریـەک هەڵوەشـانەوەی حیزبـی کۆمۆنیسـتی لەهێسـتان لـه 1938دا. بـەدوای پەیمانـی دەسـتدرێژی نەکردنـی نێـوان ئەڵمانیـا و سـۆڤیەت لـه ئووتـی 1939 و بـه فەرمانـی ڕاسـتەوخۆی سـتالین، کـه ئـەوکات بنەماکـەی جیـاکاری بـوو لەنێـوان دێمۆکراسـیه بوورژوایـیەکان و دەوڵەتانـی فاشیسـتیدا، کۆمینتێـرن بـه سـتراتیژی خۆیـدا چـۆوە. لـه 1939 تـا 1941، کۆمینتێـران جەنگـی هـەردوو لایەنـی بـه ناداپەروەرانـه، کۆنەپەرەسـتانه و ئیمپێریالیسـتی ناودێـر کـرد. پـاش هێرشـی ئەڵمانیـا بۆسـەر یەکێتی سـۆڤیەت لـه ژوەنـی 1941دا، کۆمینتێـران پشـتوانیی بێدرێغـی خـۆی پێشـکەش کـرد بـه یەکێتـی سـۆڤیەت و هاوپەیمانـه ڕۆژئاواییەکانـی بـۆ خەبـات لەگـەڵ هێـزە هەبـووەکان. کۆمینتێـران لـه ژوەنـی 1943 بـه پێشـنیاری لێژنـەی بەرپرسـیار (پریزدیـۆم) ی خـۆی هەڵوەشـێنرایەوە، بنەمـای هەڵوەشـاندنەوەکەش ئـەم بەڵگاندنـه بـوو کـه لـه هەلومەرجـی جیـاوازی هەنووکەییـدا کە بزووتنەوەی کۆمۆنیسـتیی نێونەتەوەیـی گەلێـک پەرەیسـەندووە، بەڕێوەبردنەکـەی لەلایـەن ناوەندێکـی نێونەتەوەییـەوە مەحـاڵ و نەکردەیـه. ئـەم هەڵوەشـاندنەوەیە هەروەهـا لەبـەر شـادمانکردنی هاوپەیمانـه ڕۆژئاواییەکانـی سـتالین ئەنجامـدرا (بڕواننـه کلۆدیـن 1972).

سـەرباری «ئەنتەرناسـیۆنالّی گەنجانـی کۆمۆنیسـت» (43_ 1919) کـه بەفەرمی بە بەشـێک لـه ئەنتەرناسـیۆنالّی کۆمۆنیسـتی دادەنـرا، بەشـیکی «ڕیکخـراوە جەماوەریـه لایەنگـرەکان بـۆ بەبەسـتە تایبەتـەکان» لەلایـەن کۆمینتێرنـەوە پێکهاتـن و لەژیـر ڕیبەرایەتیـی کاریگەریـدا دەسـتبەکار بـوون. ئـەم ڕێکخراوانـه بەتایبـەت بریتیـن لـه: ئەنتەرناسـیۆنالّی سـووری یەکێتیـه کرێکاریـەکان یـان پرۆفینتێـرن (37_ 1921)، هاریکاریـی نێونەتەوەیـی (1922 تـا جەنگـی جیهانیـی دووهـەم)، هاوکاریـی نێونەتەوەیـی کرێـکاران (1929_ 1935)، ئەنتەرناسـیۆنالّی وەرزێـران یـان کریسـتێنتێر (لـه 1923 تـا زیـک 1933). لـه 1988دا حیزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت، کـه پارێـزگاری لـه ئەرشـیڤە بەربلّاوەکانـی کۆمینتێـرن لـه مۆسـکۆدا دەکات، بڕیاریـدا پـتر ئـەم بەڵگانـه بخاتـه بەردەسـتی توێژەرانـی هەمـوو جیهانـەوە. لەگـەڵ ئەمـەدا، باسـێکی ڕەخنەگرانەتـر لەمبـارەوە و خوێندنـەوەی مێـژووی کۆمینتێـرن لەنـاو مێژوونووسـانی سـۆڤیەتدا دەسـتپێکرد.

ئەنتەرناسـیۆنالّی چـوارەم لـه 1938دا لەڕێگـەی تڕۆتسـکیەوە لـه گرووپگەلـی بچووکـی لایەنگرانـی بـۆ دژایەتیـی لەگـەڵ ئەنتەرناسـیۆنالّی دووهـەم و ئەنترناسـیۆنالّی سـێیەمدا پێکهـات کـه ئـەم دوو ئەنتەرناسـیۆنالّەی لەژێرنـاوی ئەنتەرناسـیۆنالّە «دژە شۆڕشـگێر»دا مەحکـووم دەکـرد. ئەنتەرناسـیۆنالّی چـوارەم خـۆی بـه «حیزبـی جیهانیـی شۆڕشـی سۆسیالیسـتی» پێناسـه دەکات، زۆر بچـووک ماوەتـەوە و لێکدابڕانـی جۆراوجـۆری لێکوتووەتـەوە (بڕواننـه تڕۆتسـکیزم). (هەروەهـا بڕواننـه ئەنتەرناسـیۆنالّیزم).

بـۆ زانیاریـی زیاتـر بڕواننـه براونتـاڵ، جولیـوس 71_ 1961 (80_ 1966)، کلۆدیـن، فێرناندۆ 1972 (1975)، کـوڵ، جـەی.

دی. ئێچ. 60_ 1954، کالینز، هێری و ئابرامسکی، چی میّن 1965، دیگێرس، جین 65_ 1956 (1971)، دویچێر، ئیزاک 1964 (1972)، جۆڵ، جەیمز 1955 (1975)، سۆبۆلۆڤ، ئەی. ئای. و ئەوانیدی 1971.

مۆنتی جۆنستن

ئەنتەرناسیۆنالیزم (internationalism)

ئەنتەرناسیۆنالیزم بۆ ئەندیشە و کرداری مارکس و ئەنگێلس، کە بنەمایەکی چینایەتیان بە برایەتیی مرۆیی بەرمەبەستی شۆڕشی فەرانسی (ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلێتێری) بەخشیبوو، تەرئاسا و خاوەنی لایەنی گرینگ بوو. ئەنگێلس لە 1854دا «بەبرازانینی نەتەوەکانی بەوجۆرەی کە هەنووکە حیزبی تۆندرەوانەی پرۆلێتێری لەهەموو شوێنان بەرێوەی دەبات» خستە خاڵی بەرامبەری خۆخوازیی نەتەوەیی غەریزیی کۆن و گەردوونیی کەسی_ خۆخوازانەی تەڵەکەبازانەی بازرگانیی ئازاد»ەوە. بوورژوازی لەهەر وڵاتێکدا بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی هەیە و لەحاڵێکدا کە «پرۆلێتێرەکان لەهەموو وڵاتاندا بەرژەوەندیەکی یەکە، دوژمنێکی یەکە و خەباتێکی یەکەیان هەیە» («فێستیڤاڵی نەتەوەکان لە لەندەن»). مارکس و ئەنگێلس پایەی ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشەیان بەک لە هاوکاری و هاوڕێتیەکی بان سنووری بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە چینایەتییە چرکەییەکاندا دادەنا بەڵکو هەروەها بە بنەمایەکیان دەزانی بۆ دەتەبەرکردنی «شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی گەورە» کە «بەسەر لێکەوتەکانی سەردەمی بوورژوایی، بازاڕی جیهان و هێزە نوێکانی بەرهەمهێناندا باڵادەست و زاڵ دەبێت و دەیانکاتە ملکەچی باڵادەستی و جاوەدێریی هاوبەشیی پێشکەوتووترین خەڵکان» (مارکس، « لێکەتەکانی فەرمانڕەوایی بریتانیا لە هێندستان»). کاتێک کە مارکس و ئەنگێلس لە 1847دا بە «یەکێتیی کۆمۆنیستەکان» پەیوەست بوو، دروشمی پێشووی ئەم یەکێتیە لە «هەموو مرۆڤەکان بەرابەرن» بۆ دروشمی «پرۆلێتێرەکانی گشت جیهان یەکگرن!» گۆڕا. مارکس و ئەنگێلس بۆ دیاریکردنی ئەوشتەی کۆمۆنیستەکانی جیادەکردەوە یەکەم باسی ئەم ڕاستیەیان کرد کە «لە خەباتە نەتەوەییەکانی پرۆلێتێرەکانی وڵاتانی جۆراوجۆردا، کۆمۆنیستەکان، جیا لە کۆی نەتەوەکان، جەغد لە بەرژەوەندیی هاوبەشی کۆی پرۆلێتاریا دەکەنەوە و ئەم بەرژەوەندیانە دەخەنە پێشەوە» (مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست، ق 2). هاوکات کۆمۆنیستەکان دانی پێدادەنێن کە «خەباتی پرۆلێتاریا دژی بوورژوازی، نەک لە جەوهەری خۆیدا، لانیکەم لە فۆرمی خۆیدا، سەرەتا خەباتێکی نەتەوەییە. هەڵبەت پرۆلێتاریای هەموو وڵاتان دەبێت پێش هەموو شتێک لەگەڵ بوورژوازی خۆیاندا یەکلایی ببنەوە» (هەمان. ق 1). مارکس جەغدی کردەوە کە «هەوڵدان بۆ سازدانی وڵاتی لەهێستان، لە حیزبی کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنالدا هیچ ناکۆکیەک بوونی نیە» («بۆ لەهێستان»: سەرچاوەی سەرکی جەغدی لێکردۆتەوە). ئەنگێلس جەغدی کردەوە کە «هاوکاریی نێونەتەوەیی ڕاستگۆیانەی نەتەوە ئەوروویپەکان تەنیا بەو مەرجە ئەگەردار و مومکینە کە هەریەکەی ئەم نەتەوانە لە ماڵی خۆیاندا بەتەواوەتی سەربەست بن» (پێشەکیی ئێدیتی لەهێستانیی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست). مارکس کە هەوڵی دەدا بۆ سەربەخۆیی ئیرلەند، ئەم هەوڵەی بە بزوێنەرێکی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی ئینگلستان دەزانی (نامە بۆ ئێس. مەیەر و ئەی. ڤۆهگت، 9ی ئەپریلی 1870).

گەرچی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم بۆ ئەوە پێکهات تاکوو «مێدیۆمێکی ناوەندی بۆ پەیوەندیەکان و هاریکاریی نێوان «ئەنجومەنە کرێکاریە» هەبووەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر فەراهەم بکات» («ڕێسا گشتیەکانی ئای دەبلیو ئێم ئەی»، کە مارکس ڕەشنووسەکەی نووسی)، مارکس و ئەنگێلس وەها ڕێکخراوێکیان بۆ ئەنتەرناسیۆنالیزم قەت بە پێویست نەدەزانی. ئەنگێلس لە 1885دا

دەنووسێت کە ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم بۆتە «زنجیرێک» بە پێی بزووتنەوەی نێونەتەوەییەوە کە «هەستی ساکاری یەکڕیزی بەپێی تێگەیشتنی چوونیەکیی هەڵوێستی چینایەتی بەسە بۆ سازانەکەی و لەدەوری یەکتر کۆیان کاتەوە» («دەربارەی مێژووی یەکێتی کۆمۆنیستەکان»، دەرەئەنجام). هیواکانی ئەنگێلس زیاد لە پێویست گەشبینانە بوو، بەڵام پرسەکە بە پێکهاتنی «ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم» چارەسەر نەبوو، ئەو ئەنتەرناسیۆنالەی کە بە ڕوودانی جەنگ لە 1914 لەگەڵ هەڵچوونی شەپۆلی ناسیۆنالیزمدا تێکشکا. لێنین لە 1914دا جەغدی دەکردەوە کە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان دەبێت بۆ «کردنی جەنگی ئیمپێریالیستی هەنووکەیی بۆ جەنگی ناوخۆیی» تێبکۆشن («جەنگ و سۆسیال دێمۆکراسیی ڕووسیا» کۆبەرهەمەکان، ب 21، ل 34). هەروەها لە قازانجی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوە شتەملێکراوەکانی ڕووسیای تێزاری (هەر شۆڤێنێکی دیکە) بەڵگاندن دەکات، هەڵبەت «نەک لەو ڕووەوە کە ئێمە بیر لە تێکدانی ئابووریی وڵاتداین، یان بیر لە ئەندیشەی خەونی وڵاتانی بچووکدایین، بەڵکو، بەپێچەوانەوە، لەو ڕوەوە کە ئێمە خوازیاری وڵاتانی بەربڵاو و یەکێتی نزیکتر و لێکهەڵپێکانی وڵاتانین تەنیا بەپێی بنەمایەکی بەڕاستی دێکمۆکراتیک، ئەنتەرناسیۆنالیستین کە بەبێ مافی جیابوونەوە گومانی تێناکەوێت» («پرۆلێتاریای شۆڕشگێر و مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا» هەمان، ل 14_ 413: جەغدەکە لەسەرچاوەی سەرەکییەوەیە). لێنین لە هەموو ساڵانی جەنگ و پاش ئەوە چەگدێکی زۆری کردەوە لەسەر پێویستیی «یەکێتیی نێوان پرۆلێتێرە شۆڕشگێڕەکانی وڵاتانی سەرمایەداری و پێشکەوتوو و جەماوەرە شۆڕشگێڕانە ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا هیچ چەشنە پرۆلێتاریایەک بوونی نیە یان بەکەمی پرۆلێتاریایەک پەیدا دەبێت، واتە ئەو جەماوەرە ستەملێکراوانەی وڵاتانی کۆلۆنیالی یان ڕۆژهەڵاتی» دژی ئیمپێریالیزم («ڕاپۆرت لەبابەت پێگەی ئەنتەرناسیۆنال و ئەرکە بنچینەییەکانی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی، لە کۆنگرەی دووهەمی کۆمینتێراندا»، کۆبەرهەمەکان، ب 31، ل 232). بەپێی ئەم ناوکۆییە، لێنین ڕازیبوو پێداچوونەوەیەک بە دڕووشمی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست بەم شێوەیە بکرێت: «کرێکارانی هەموو وڵاتان و خەڵکی ستەملێکراو یەککگرن!» («ئاخافتن لە کۆڕی چالاکانی مۆسکۆ»دا، هەمان، ل 453). جەغدی لەوە کردەوە کە «ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلێتێری، بەپلەی یەکەم، وادەخوازێت کە بەرژەوەندیەکانی خەباتی پرۆلێتێری لە هەر وڵاتێکدا دەبێت ملکەچی بەرژەوەندیەکانی ئەم خەباتە بێت لە ئاستێکی جیهانیدا و بەپلەی دووهەم، ئەو وڵاتەی کە بەسەر بوورژوازیدا سەردەکەوێت دەبێت بتوانێت و بیەوێت زۆرترین لەخۆبوردوویی نەتەوەیی تەرخان بکات بۆ لەناوبردنی سەرمایەی نێونەتەوەیی» («ڕەشنووسی تێزە سەرەتاییەکان لەبابەت پرسە نەتەوەیی و کۆلۆنیالیەکان بۆ کۆنگرەی دووهەمی کۆمینتێرن»، هەمان، ل 148).

لێنین و بۆلشێڤیکەکان چاوڕێی ئەوەیان دەکرد کە شۆڕشی ڕووسیا لە 1917دا پێشڕەوی شۆڕشی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی بێت. لاتەریکیی ئەم شۆڕشە لە دەسەڵاتداریتیی ستالیندا ئەنجامەکەی لاوازیی و نوقسانیی بڕێکی زۆری ئەنتەرناسیۆنالیزمی خولی لینین و گەشە و نەشەی خۆپەرەستیی نەتەوەیی و بەڵادەست خوازیی تایبەتی دەسەڵاتی گەورە بوو. ئەم کارە چەپەڵانە تا پاش جەنگی جیهانیی دووهەم کە ئەم لاتەریکیە کۆتاییهات بزرنەبوو، بەڵام هەربەو جۆرەی کە بەیانی 30ی ئۆکتۆبەریی 1956ی حکوومەتی سۆڤیەتی دانی پێدادەنێت «کۆمەڵێک تاوان و هەڵەکاری ڕوویداوە کە پرنسیپەکانی مافەبەرابەرەکانی ناو پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتە سۆسیالیستیەکانی بچووک و نزم کردۆتەوە» (سۆڤیەت نیوز، 13ی ئۆکتۆبەری 1956). پاش ئەوە،

هاریکاریی بەرامبەر (کە بەتایبەت بۆ هەندێک وڵاتی وەک کووبا، ڤیەتنام و ئانگولا گرینگ بوو) و هەوڵگەلێک بۆ یەکخستنی «سیستمی سۆسیالیستیی جیهان» هاوشان بوو لەگەڵ بووژانەوەی ناسیۆنالیزم و کێشمەکێشن و ململانێی نێوان هەندێک لەم وڵاتانە. وەک نموونەی ئەم جەنگانە، بەتایبەت، جەنگی نێوان ڤیەتنام، کامبوج و چین و دەستێوەردانی سەربازی، بەتایبەت دژی چێکسلۆڤاکیا لە 1968دا، کە وەک «کۆمەکی ئەنتەرناسیۆنالیستی دەژی دژەشۆڕش» لەقەڵەم دارا. حکوومەتی سۆڤیەتی و چوار وڵاتی هێرشبەری دیکە هەنووکە ئەم جووڵە دواییەیان بە جووڵەیەکی «نایاسایی» دانا و ئەمەی کە «پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی دێمۆکرایکی دابڕاندووە و هەندێک کارتێکەریی مەنفی و نەرێنیی بەردەوامی هەبووە» (جارنامەی 4ی دێسەمبەریی 1989). ململانێ ئێتنیکیەکانیش لەناو یەکیتیی کۆمارە سۆسیالیستیەکانی سۆڤیەت و باقی وڵاتانی چەند نەتەوەیی «بلۆکی سۆسیالیستی»ی کۆن (و هەروەها لە یوگۆسڵاویدا) زیاد لە پێشوو کرژتر و بەکڵپەتر بۆتەوە و هەندێک کات شێوەگەلی تووند دەگرێتەخۆی. گۆرانکاریگەلێکی لەم چەشنە گرفتێکی گەلێک جیددیە لەبەرمبەر مارکسیستەکاندا کە بەشێوەیەکی سونەتی لایان سەڵماوە کە «بەو رادەیەی کە لیکدژیی نێوان چینەکانی ناو نەتەوە ڕادەبێت، دوأمنایەتیی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەس کۆتایی پێدێت» (مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست، ق 2).

لە کۆتاییەکانی دەیەی 1960دا حیزبی سۆڤیەت (سی پی ئێس یوو) و حیزبە کۆمۆنیستە یەکگرتووە لێکنزیکەکان، زاراوەی «ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلێتێری»یان بەکارهێنا تاکو واتای پەسەندی ناڕەخنەگرانەی سیاسەتەکان و کردارەکانی سۆڤیەت ڕاگوێزێت. لێرەوە حیزبە «کۆمۆنیستە ئەوروویپەکان» ئەم سیاسەتاین زیاد لە پێشوو ڕەتکردەوە و ئەمە بەئاشکرا وەک ڕەخنە لە هێژێمۆنیی سۆڤیەتی دەچوو. حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا (پی سی ئای) بەرامبەر بەم زاراوەیە چەمکی «ئەنتەرناسیۆنالیزمی نوێ»ی دانا کە کۆی پەیوەندە بەربڵاوە و باقی ڕێکخراوە پێشڕەوەکان دەگرێتەوە بەڵام «بەبێ پەیوەندییە تایبەت یان نایەبەکان لەگەڵ کەسدا» (بڕیارنامەی ڕێبەریی پی سی ئای، 29ی دێسەمبەری 1981، بیرلینگیر 1982، ل 28). وەها چەمکێکی کراوەتری ئەنتەرناسیۆنالیزم کە کۆمۆنیستەکان، سۆسیالیستەکان، سۆسیال دێمۆکراتەکان، بزووتنەوە ڕزگاریدەرەکانی جیهانی سێیەم و کۆمەڵێک بەشی بەرینتری ڕای گشتیی جیهانی لەدەوری بەرگریی لە «بەها مرۆییە جیهانگیرەکان» کۆوە

پرێ ئابراژانسکی لە ئابووریی نوێدا چەمکی کەڵەکەکردنی سەرەتایی هێنایە ئاراوە. ئەم زاراوەیە کۆمەڵێك سیاسەت دەگرێتەوە کە بۆ ئابووریی سۆڤیەت لە دەیەی 1920دا ڕەچاوکرا تاکوو دەست بەسەر ئەو سەرچاوە و کانزایانەدا بگرن بۆئەوەی یارمەتیی سۆسیالیزم لەڕێگەی بەرنامەدانانی دەوڵەتیەوە بدەن

دەکات لەم ساڵانەی دواییدا بەتوندی لەلایەن گۆرباچۆف و سی پی ئێس یووەوە پشتیوانیی لێکراوە.سەرباری هەموو ئەمانە، حیزبی کۆمۆنیستی ژاپۆن هەڵوێستی «یەک جیهانگەرایی» سۆڤیەت، کە لە قازانجی دیپلۆماسیی دەوڵەتی، بەشێوەیەکی ساختە خەباتی چینایەتی بە هاوئاست دەزانێت لەگەڵ خەبات دژی جەنگی ئەتۆمی سەرکۆنە دەکات و کاسترۆ لە کوبا ئەم سیاسەتە بەهۆی بەکەمدانانی خەباتی دژە ئیمپێریالیستی ڕەخنە دەکات. باس و موناقەشە بەردەوام درێژەی هەیە. (هەروەها بڕواننە ئەنتەرناسیۆنالیزم، نەتەوە، ناسیۆنالیزم).

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە بێرلینگوێر، ئێنریکۆ 1982، دویچێر، ئیزاک 1964 (1972)، فوڤا، تێتسووزۆ 1982، گورباچۆف، میخایل 1987، جۆنستۆن، مۆنتی و ئەوانیدی 1979، کلوگمەن، جەیمز 1970، لێنین، ڤەی. ئای. 1970، میلیبەند، ڕالف 1980.

مۆنتی جۆنستۆن

ئەنجومەنی هاوکاری (cooperative association)

هیچ تێگەیشتنێکی سیستماتیکلە هاریکاری و هاوکاری بەمانای بزقتنەوەی هاوکاری یان فۆرمە تایبەتەکانی بەرهەمهێنانی هاوکارانە لە کاری مارکس و ئەنگێلسدا بوونی نیە، بەڵام پتر لەوەی هەندێکجار چاوەڕێ دەکرێت کۆمەڵێک ئاماژە لە ئارادان بە بابەت و هەندێک ئاماژەی پۆزیتیڤتر و لەبارتر بەمە بوونی هەیە. لۆڤیت (1962) بەشێوەیەکی کەڵکدار ئەم ئاماژانەی کۆکردۆتەوە و لەژێرەوە ئاماژە گرینگ ە بنەڕەتیە پەیوەندیدارەکان باس دەکرێت.

دەتوانین ئاماژە بەچەند خاڵی گشتی بکەین. ئەنجومەنەکانی هاوکاری، چ ئەنجوومەنە ڕاستەقینە هەبووەکان و چ وەک شانەکانی شێوازی بەرهەمهێنەرانەی ئەگەردار داهاتوو («شێوازی بەرهەمهێنانی یەکگرتووانە» لە ب 3ی سەرمایە)، لە کاری مارکس لەخۆی و جەوهەریدا ناخوێندرێنەوە، بەڵام لە ئاسۆگە گشتیەکەیدا ڕزگاریی چینی کرێکار ڕەچاوکراوە. دووهەم، «سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی» ئاوەڵناوێک نیە کە بەپلەی یەکەم ڕووی لە هاوکاریەکان یان هاریکاری و هاوکاری بێت. ئەندیشەی هاوکاری بۆخۆی مەعکووم ناکرێت، بەڵکوو تەنیا ئەو چەواشانەی تیایدا کراوە ڕەت دەکرێتەوە. لێرەوەیە کە ئەو هاوکاریانەی بەهرەمەندن لە یارمەتیی دەوڵەتی پڕوس و بەرگری و پشتیوانیی سۆسیالیستی لێی لەلایەن لاسالەوە، مارکس هێرشیان دەکاتەسەر. خەزێنەکانی هاوکاری خەوشگەلێکی ڕووکەشین بە سەیمای سەرمایەداریەوە، جگە ئەوەی کە ئەم خەزێنانە بەشێکی ئەنجوومەنە بەرهەمهێنەرەکان لەناو هێزەکان و پەیوەندیە بەرهەمهێنەرانەکاندا پێکبهێنن و «هێزە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگا» (دەسەڵاتی دەوڵەتی) لەڕێگەی چالاکیی چینی کرێکار بگوازرێتەوە بۆ بەرهەمهێنەران خۆیان. بۆ مارکس، هاوکاری وەک نەفی کاری کرێ گرتە وایە. بەمانا ئەرێنیەکەی، «کاری یەکگرتوانە کاری دژواری خۆی بە دەستی ڕازی و ئارەزووی خۆی، زەینێکی لەبار و سەر و دڵێکی خۆشەوە دەخاتەکار»، کاری یەکگرتوانە دەتوانێت وەها «کاری چەپەڵ» بەتاڵ بکاتەوە کە سەرمایەدار کاری کۆیلەیی یان سێرفداریی پێش ئەمەی بەتاڵکردۆتەوە (مارکس بەیانی دەستپێک، 1864). بەڵام لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا، فۆرمەکانی ئەنجومەنی هاوکاری ناچارن کە بەردەوام سیستمی کۆن و هەروەها تۆوی [سیستمی] نوێیان لەگەڵ بێت. سەرباری هەموو ئەمانە، وەها ماکۆکیەک پتر بە ئیمتیازی هاریکاری و هاوکاری دادەنرێت تاکو هۆکارێک بۆ گوێنەدان و تێپەڕان لە تەنیشتیەوە. بەیانی دەسپیک هێڵە سەرەکیەکانی بەڵگاندنی لەبابەت ئەمەوە بەڕوونی هێناوەتە ئاراوە. بزووتنەوەی هاوکاری هەر لە ئێستاوە «ڕاستیەکی گەورە» و دەرخەری سەرکەوتنی سەرەتاییە بۆ ئابووریی سیاسیی کار دژی ئابووریی سیاسیی خاوەندارێتی. تا ئێستا، لەبری بەڵگاندن، بە کار و ئەدگار

پیشان دراوە کە ئەربابەکان پێویست نین بۆ بەرهەمهێنانی گەورە. هەر بەم هۆیە هاوکاری لەنێوان ساڵانی 1848 و 1864دا زۆربەی دۆستانی درۆینی، «موعیزەچیە مرۆڤدۆستەکانی چینی ماماوەند»، دۆزیوەتەوە کە تامەزرۆی بەکارهێنانین لە ئاراستەی مەبەستە تەڵەکەبازانەی خۆیاندا. دەبێت دژی ئەمانە بوەستینەوە، هەر بەو شێوەیەی دژی هەر ئاراستەیەکی لۆکاڵیگەرا و خۆبەڕێوەبەر وەستاوینەتەوە. هاریکاری و هاوکاری هێچکات ناتوانێت چۆک بە مۆنۆپۆڵی و پاوان دابهێنێت جگە ئەوەی پەرەبستێنێت بۆ ڕەهەندە نەتەوەییەکان. تەنیا دەسەڵاتی سیاسیە دەتوانێت وا لە هاوکاری بکات دەرباز بێت لە «بەندی تەسکی هەوڵە تاونەتاوەکانی کرێکارانی تایبەتی».

مارکس نەیدەتوانی سەبارەت بەوانەی ناتوانن ببینن کە سەرمایەداری لەبەر ناکۆکی تووشی کەرت کەرتبوون هاتووە و گشتێتیەکەی لەگەڵ ژیانە بەردەوامەکەیدا نەساز و دژبەرە، تووڕە بوو. لە درێژەی دەیەکانی 1860 و 1870دا مارکس جەغدی لە مومیکن و بینراوبوونی (ڕێژەیی و سنووردار) ی کۆمۆنیزم، لە کرداری چینی کرێکار و «لە باوەشی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری»دا دەکردەوە. ڕوانگەکانی سەبارەت بە هاوکاری و هاریکاری، بەو واتایەی لێرەدا بەکاری دەهێنین، بەشیکە لەم جەغدکردنەوانە. لەوێوە کە ئەم ڕوانگانە لە مێژووی دوایی فۆرمە باڵادەستەکانی مارکسیزمدا جەغدی لێنەکراوەتەوە، جێی خۆیەتی لەڕێگەی هێنانەوەی گوتەیەکەوە بەرجەستە و زەق بکرێتەوە. «ڕەشۆکی ناتوانێت لەو فۆرمانە بگات کە لە باوەشی سەرمایەداری جیا و دور لە خەسڵەتی ناکۆکی سەرمایەدارانەکەیان باڵایان کردووە» (سەرمایە ب 3، چ 23). مارکس بیری لەوە دەکردەوە کە لەڕوانگەی شیاسیەوە ئەمە دەبوو لە فۆرمە یەکگرتوانەکانی ئەندامانی کۆمۆنی پاریسدا ئاشکرا بووبایە. بەڵام: واقیعێکی غەریبە. بەپێچەوانەی هەموو درێژدادڕیەکان و هەموو نووسینی دوور و درێژەکانی 60 ساڵی ڕابردوو لەبابەت ڕزگاریی کرێکارانەوە، هەرکە کرێکاران لەهەر شوێنێکدا بەئیرادەی خۆیان ڕکێفی بابەتەکیان بەدەستەوە بووە، یەکجارەکی کۆی ڕستە پاساوکارانەکانی بڵیندگۆکانی کۆمەڵگای هەنووکەیی لەگەڵ جەمسەرەکانی سەرمایە و کۆیلەیی کرێ گرتەدا سەریان هەڵداوە... چما دەڵێی کۆمەڵگای سەرمایەداری هێشتا لە پاکترین حاڵەتی بێتاوانی خۆیدایە، بەو فێڵ و تەڵەکانەی کە هێشتا سەررێژیان نەکردووە و بەو واقیعانە سۆزانیئاسایانەی کە هێشتا تاویان وێ نەکەوتووە. (جەنگی ناوخۆیی لە فەرانسا، ب 3).

لەڕوانگەی پیشەسازیەوە، کارخانە هاوکاریەکانی کرێکاران خۆیان دەرخەری چینی کرێکارێکی هاوشێوەیە کە داهاتوو_ هەنووکە، ناوەکی_ دەرەکی یان دیالێکتیکیی مادیی بەو چووشنەی کە تایبەتمەندیی تێگەیشتنی مارکسە لە سەرمایەداری بەرهەم دەهێنن. ئەم کارخانانە : بۆخۆیان لەناو فۆرمی کۆندا دەرخەری یەکەم چڕۆ نوێکانن، گەرچی لە هەموو شوێنێک و ڕێکخراوی ڕاستەقینەی خۆیدا کۆی کەمایەسیەکانی سیستمی باڵادەست بەرهەمدەهێننەوە و دەبێت بەرهەمیشی بهێننەوە. سەرباری ئەمە، هەر ئەمانە بەسەر لێکدژیی نێوان سەرمایە و کاردا زاڵ و باڵادەست دەبن، هەرچەندە تەنیا لەڕێگەی کردنی کرێکارانی یەکگرتووەوە بە سەرمایەدارانی خۆیان، واتە لەڕێگەی توانسازیانەوە لە بەکارهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنان بۆ دامەزراندنی کاری زۆیان. کارخانەکان پیشانی دەدەن کە ئەوکاتەی پێگەیشتنی هێزە مادیە بەرهەمهێنەرەکان و پێگەیشتنی فۆرمە هاوتەریبەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دەگەنە قۆناغێکی تایبەت، چلۆن شێوازێکی بەرهەمهێنەرانەی نوێ لەناو شێوازی بەرهەمهێنانی کۆندا سەرهەڵدەدات و پەیدا دەبێت. بەبێ سیستمی کارخانەیی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هێج چەشنە کارخانەیەکی

هـاوکاری نەیدەتوانـی بوونـی هەبێـت. ئـەم کارخانانـەش ناتوانـن بەبـێ ئـەو سیسـتەمە کریدیتیـەی کـە سـەرچاوەکەی بـۆ هەمـان شـێوازی بەرهەمهێنـان دەگەڕێتـەوە بـاڵا بکـەن. سیسـتەمی کریدیتـی نـەک بنەمایەکـی سـەرەکیی کردنـی بەکاوەخـۆی شـەریکەی تایبەتیـی سـەرمایەداریە بـە کۆمپانیـە پشـکدارانە گشـتیەکانی سـەرمایەداری، بەڵکـو هەروەهـا ئامرازێکـە بـۆ پـەرەدان و بەرینکردنـەوەی بەکاوەخـۆی شـەریکە هاوکاریـەکان لـە ئاسـتێکی کـەم و زۆر نەتەوەیـدا دەدات بەدەسـتەوە. دەبێـت کۆمپانیـا پشـکدارانە گشـتیەکانی سـەرمایەداری بەقـەدەر کارخانـە هاوکاریـەکان فۆرمـە تێپـەڕەکان لـە شـێوازی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداریەوە بـۆ شـێوازی یەکگرتووانـە دابنێیـن، تەنیـا بـەم جاڵـە جیاکەرەوەیـە کـە لێکدژیـی یەکیـان بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی چارەسـەر دەبێـت و لـەوی دیکەشـدا بە شـێوەیەکی سـەلماندنی و ئەرێنـی. (سـەرمایە، ب 3، چ 27). (هەروەهـا بڕوانـە شـوراکان، خۆبەڕێوەبـەری).

ستیڤێن یو

مرۆڤناسی (anthropology)

بەپلـەی یەکـەم، بڵاوکردنـەوەی کتێبـی کۆمەڵـگای کەونینـە (1877) نووسـینی ئێـڵ. ئێـم. مـۆرگان، هۆگریـی مارکـس و ئەنگێلسـی بـۆ مرۆڤناسـی وروژانـد. لـە مـەودای سـاڵانی 1879 تـا 1882دا، مارکـس کۆمەڵێـک یادداشـتی زۆری لەبابـەت کتێبـی

مـۆرگان و هەروەهـا بەرهەمەکانـی مێـن، لۆبێـک، کۆوالسـکی و باقـی زانسـڤانانی کۆمەڵـگا سـەرەتاییەکانی نووسـی (بڕوانـنـە کێریدێـر 1972، هاراسـتیک 1977)، و سـەرچاوەی خێزانـی ئەنگێڵـس، هەربـەو جـۆرەی کـە خـۆی لـە پێشـەکیی کتێبەکەیـدا باسـی دەکات، «بەمانایـەک وەک کردەییکردنـەوەی کەلەپوور»یـک و بەجێگەیاندنـی ئەرکێـک بـوو کـە مارکـس خسـتووبیە بەردەمـی خـۆی و نەیتوانیبـوو بیگەیێنێتـە ئەنجـام و ئـەو هەڵسـەنگاندنی تێۆرێنەوەکانـی مـۆرگان لەژێـر تیشـکی تێگەیشـتنی ماتریالیسـتی لـە مێژوودابـوو. لـەم روانگـەوە، مارکـس و ئەنگێڵـس دژی «ئامـۆژەی پێشـکەوتنی پێگەیشـتنی گشـتی کـە ئـەوکات لەلایـەن ئێتنیسـیەنەکانەوە دەهاتنـە ئـاراوە» بـوون (کێریدێـر هەمـان، ل 2)، و لەبـری ئـەوە لەسـەر «مێکانیزمـە ئەزموونیـە بیـنراو»ە تایبەتـەکان چڕبوونـەوە کـە بەوپێیـە کۆمەڵـگا مرۆییـەکان لـە قۆناغگەلێکـی زمـرەوە بـەرەوو قۆناغگەلیکـی بانـتر دەڕۆشـتن، پڕۆسـەیەک کـە ئەنگێڵـس (هەمـان) کورتی دەکاتـەوە بـۆ پەرەسـەندن و پێشـکەوتنی وەبەرهێنانـی کار، خاوەندارێتیـی تایبەتـی و دانوسـتاندن، تێکشـکاندنی کۆمەڵـگای کۆنـی پشتبەسـت بـە گرووپـە خزمایەتیـەکان و سـەرهەڵدانی چینـەکان، خەباتـە جینایەتیـەکان و دەوڵـەت.

بـەڵام خوێندنەوەکانـی مارکـس و ئەنگێڵـس نەبـووە هـۆی پەیدابوونـی هێـچ تۆێژینەوەیەکـی مارکسیسـتیی سیسـتماتیک و ئـەو کاتـەی کـە مرۆڤناسـیی مۆدێـرن لـە چەنـد دەیـەی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم بەدەسـتی بـواس (1942_ 1858)، مالینۆڤسـکی (1942_ 1884) و ڕۆدکلیـف_ بـڕاون (1951_ 1881) پەیدابـوو، کارتێکـەری و دەسـەڵاتی ئەندیشـەی مارکسیسـتی لەسـەری کـەم بـوو. لـەم خولـەدا ئـەوە گـوردۆن چایلـدی کەونینەناسـە کـە لەمـەڕ خوێندنـەوەی کۆمەڵـگا سـەرەتاییەکان هاریکاریی فیکریـی سـەرەکیی مارسیسـتی پێشـکەش دەکات (بڕوانـنـە کەونینەناسـی و پێـش مێـژوو). تۆێژینەوەیەکـی بنچینەیـی لـە مرۆڤناسـی (کروبێـر 1953) دا تەنیـا ئاماژەیەکـی بەپەڵـە (و هەڵـە) بـۆ مارکسـیزم دەگرێتـەوە و فێـرس (1972) وەبیرمـان دێنێتـەوە کـە «بەرهەمـە گشـتیەکانی خەڵکناسـەکان کـە چەنـد بابەتێـک، بـەو پـەڕی تامەزرۆییـەوە چاوپۆشـی دەکات لـە کەڵکوەرگرتـن لـە ئەندیشـەکانی مارکـس لەمـەڕ بزۆزیـی کۆمەڵـگا» (ل 6)، پـتر لەژێـر کاریگەریـی بەهێـزی ئـەو سـونەتەدایە کـە سـەرچاوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ دورکیـم. بـەڵام ئـەم دۆخـە لـە سـاڵانی دواییـدا بەتونـدی گـۆڕاوە و وەک فێـرس دەڵێـت «هـەر بـەو جـۆرەی خەڵکناسـانی کۆمەڵایەتـی لەگـەڵ هەندێـک کۆمەڵـگادا ڕووبـەروو بوونەتـەوە کـە لەبـەردەم گۆڕانکاریـی ڕیشـەییدان، کۆمەڵێـک پرسـی نـوێ هاتۆتەئـاراوە [کـە نزیکـترە لـە کەڵکەڵـە مارکسیسـتیەکان]» (ل 7).

لەڕاسـتیدا، لـە سـەرەتاکانی دەیـەی 60دا پشـکوتنێکی بەرجـاو لـە خەڵکناسـیی مارکسیسـتیدا هاتۆتەئـاراوە کـە دوو فۆرمـی گەورەیـان گرتۆتەخۆیـان (بـۆ ئـەو خویندنـەوە هەمـە لایەنـە وشـیاری بەخشـە لـەم بەسـتێنەدا بروانـنـە کوپێنـس و سـیدۆن 1978). لـە ئەمریـکای باشـووردا «خەڵکناسـیەکیی دیالێکتیکـی»ی ڕادیـکاڵ پەیدابـووە کـە جیاوازیـی نیـوان «سـەرەتایی» و «شارسـتانی» بەپیـی بانـتر و نزمـتر ڕەت دەکاتـەوە و خەڵکناسـی بـە گەڕانێـک دەزانێـت بـۆ مرۆڤـی «سرووشـتی»، و دەوری «ڕەخنەگـری بـێ بەزەیـی شارسـتانیەتی خـۆی» دەخاتـە ئەسـتۆی (دایمۆنـد 1972). لـەم ڕوانگەیـەوە، مارکسـیزم چەشـنێک «خەڵناسـیی فەلسـەفی»یە کـە یەکـەم جـار لـە نووسـینەکانی خولـی سـەرەتایی مارکس (بەتایبـەت لـە دەسنووسـە ئابـووری و فەلسـەفیەکان)دا گەڵاڵەکـرا و پەیوەندێکـی تووندوتۆڵـی لەگـەڵ ڕەخنەکـەی ڕووسـۆ هەیـە لـە شارسـتانیەتی مۆدێـرن. دایمۆنـد دوای ئـەوە بەڵگانـدن دەکات کـە سـەرقاڵیی زەینیـی هـەردەم زۆریـی مارکس و ئەنگێڵـس، لـە دەیـەی 1870 بەمـلاوە، لەگـەڵ فۆرمـە سـەرەتایی و بەدویەکانـی کۆمەڵـگادا تـا ڕادەیـەک دەخـەری «ڕق و بچـووک بوونەوەیـە لەپەیوەندیـدا بـە کۆمەڵـگای سـەرمایەداریەوە» (لـە زمانـی

هۆبزباومەوە 1964، ل 50) ڤگە ئەوەی کە دەربەستیان بۆ تێگەیشتنی سەدەی نۆزدەهەمی لە پێشکەوتن «ڕیگربوو لەوەی کە بپەرژێنەسەر توزینەوەی زیاتر لە هەل و مەرجی ڕاستەقینەی کولتووری سەرەتاییدا» (دایمۆند، هەمان، ل 419). لێرەوەیە کە ئەنگەلس لە سەرچاوەی خێزانەدا دەپەرژێتەسەر شرۆڤەی شتێک کە بە پرۆسەی پێویست و حەتمیی (و بەشێوەیەکی گشتی پێشڕەو) پێگەیشتن دەزانێت و هاوکات بڕێجار ئاماژەیە بۆ گەورەیی ئەخلاقیی ساکاری کۆمەڵگای مولحیدی کۆن». هەر لەم سیاقەدا، مارکس ستایشی کۆمەڵگا کۆنە کەنینەکانی کرد کە «تیایدا مرۆڤ... بەردەوام وەک ئامانجی بەرهەمهێانەان دیاردەکەوێت»، و پێیوایە کە «بەم پێیە، لە یەک لایەنەوە جیهانی منداڵئاسای کۆن گەرەتر دەنوێنێت... لەحاڵێکدا جیهانی مۆدێرن... پەست و نگریسە» (گرۆندریسێ، ل 8_ 478).

دوو ناواخنی پەیوەندیدار لە خەڵکناسیی ڕادیکاڵدا بریتیە لە: 1) ڕەخنەیەکی بەردەوامی پەیوەندیی مێژوویی نێوان خەڵناسیی سوننەتی و ئیمپێریالیزم، ئەو پەیوەندییەی پتر لە هەرکاتێکی دیکە دەرکەوت کە خەڵناسی بە یارمەتیەکی گرینگ لە پەروەردە و ڕاهینانی کارگێڕانی کۆلۆنیالی دادەنا و 2) ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لەپەیوەندیدا بە ئێتنیسیتەی سۆڤیەتەوە کە بەڵگاندن دەکرا کە خوێندنەوەی کۆمەڵگا سەرەتاییە هەنووکەییەکان نادیدە دەگرێت و لەبەرامبەردا لەسەر کۆمەڵگا سەرەتاییەکان چڕدەبێتەوە (بەکارهێنانی پێدراوە کەونینەناسیەکان و پێش مێژوو) تاکو بەرگری بکات لە» تیۆری پێنج قۆناغیی دێتێرمێنیزن یان حەتمیەتگەرایی پێگەیشتنی و پێشکەوتنخواز» (دایمۆند، 1979، ل 10_ 5، هەروەها بڕوانە هەمان کتێبی یو. ڤەی. براملی، پرسەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی لە ئێتنیسیتەی سۆڤیەتدا»، ل 13_ 201، کە کورتەیەک لە بۆچوونەکانی توێژەرانی سۆڤیەت بەدەستەوە دەدات).

فۆرمی گەورەی دووهەمی مرۆڤناسیی مارکسیستیی دوایی کە کاریگەریەکی قووڵ و بەرینی هەبووە (بڕوانە بلۆخ 1975 بۆ ئەو کاریگەرییەی کە لە مرۆڤناسیی بریتانیاییدا هەیبووە)، مرۆڤناسیی بونیادگەرا فەرەنسیەکانە کە بۆچوونەکانیان بە مرۆڤناسیی بونیادگەرای لێڤی ستروس و نووسینە مێتۆدۆلۆژیکەکانی ئالتووسێرەوە شێوەگیر دەبن (بڕوانە بونیادگەرایی). دیارترین نووسەرانی ئەم ڕەوتە فیکریە_ گودلیێ، مێی یاسۆ و تێری_ چەمکەکانی ماتریالیزمی مێژوویی بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەکاردەهێنن تاکو دەستیان بە شیکاریەکیی تیۆریکی «شێوازەکانی بەرهەمهێنانی سەرەتایی» وەک بەشیکی تیۆرییگشتی لەبابەت شێوازە بەرهەمهێنەرانەکان ڕابگات. پرسی سەرەکی لەم شیکاریەدا دیاریکردنی دەوری خزمایەتیە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان (پێگەکەی لە شێوازیی بەرهەمهێنەرانە)دا و لێرەوەیە کە کۆمەڵێک چەمک جۆراوجۆر پەیدا بووە (کوپێنس و سیدۆن، هەمان، ل 8_ 36). گودلیێ (1966، ل 5_ 93) بەڵگاندن دەکارت کە پەیوەندیە خزمایەتیەکانی وەک پەیوەندیە بەرهەمهێنەرەکان کارکردیان هەیە، بەڵام وەک پەیوەندیە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانیش کارکردیان هەیە، بەجۆرێک کە خزمایەتیش هەم ژێرخان و هەم سەرخانە و لە یەکیک لە بەرهەمە دواییەکانی (1973، ل 35) خۆیدا لەژێرناوی «پرسی سەرەکی لە زانستە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکاندا» ئەمپرسە دەهێنێتەئاراوە کە بۆ هۆکارێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت (بۆنموونە، خزمایەتی) بەرجەستە دەبێتەوە و دەورێکی تایبەت و کارکردی «یەکخستنی» کۆی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەئەستۆ. سەربارە ئەمانە، تێری (1969) بەم پێشنیارەوە کە پەیوەندیە خزمایەتیەکان بەرهەمی دیاریکردنێکی سیانەیی (لە زاراوەناسیی ئالتووسێردا چەند هۆکاری/ چەند دیاریکراویی) کە کار دەکاتەسەر توێژێکی دیاریکەراو (ل 143) بۆچوونێکی کەمکردنەوەیی هەڵدەبژێرێت، هەر بەوشێوەی

کـه مـەی یاسـۆ (1960، 1964) یـش کـه پەیوەندیـه خزمایەتیەکانـی بـه لوتکـه و مەزهـەری پەیوەندییـه بەرهەمهێنەرانـەکان دەزانێـت وادەکات. ئـەم چەشـنە شـیکاریە کاریگەریـی هەبـوو لـه باقـی بوارەکانـی تـوێژینەوەشـدا. بۆنموونـه، گودلیـێ (1973، ق 4) دەپەرژێتەسـەر پشـکنینی هاریکاریـەک کە شـیاکرییەکانی لێقـی سـتروس سـەبارەت بـه لۆژیکـی ئۆسـتووەرەکان بـۆ تیـۆری سـەرخانە ئایدیۆلۆژیکـەکان کردوویەتـی و دەپەرژێتەسـەر تەفسـیری لێکەوتـه ئایدیۆلۆژیکەکانـی گۆڕانکاریـەکان لـه پەیوەندیـه بەرهەمهێنەرەکانـدا کـه بەهـۆی باڵادەسـت بوونـی ئینکاکانـەوە بەسـەر کۆمەڵـه خێڵەکیەکانـی ئەندیـدا سـەریهەڵداوە. بەشـێوەیەکی گشـتیتر، بووژانـەوەی ئینتیـما بـۆ خوێندنـەوە مارکسیسـتیەکان لـه پانتـای ئۆسـتووەرە و ئایینـدا دەسـتەبەربووە. توێژینـەوەی کۆمەڵـگا خێڵەکیـەکان و پەیوەندیـه خزمایەتیـەکان لـه ڕوانگـەی شـێوازە بەرهەمهێنـەرە سـەرەتاییەکانیش ئەنجامەکـەی ئینتیمایەکـی بەرینـتر بـۆ شـێوازە بەرهەمهێنـەرە پێـش سـەرمایەداریەکان و بـۆ پرسـی ئاڵقـه پێگەیشـتنیەکان (بەتایبـەت بەلەبەرچـاو گرتنـی کۆمەڵـگای ئاسـیایی، بڕوانـە: گودلیـێ 1966)، و کۆمەڵـگا جووتیاریـەکان (مێلسـوس 1960)، و پرسـه ڕوتینەکانـی «پەرەنەسـەندوویی» (1979)یـه.

لەکۆتاییـدا، بۆچوونـی بونیادگـەرا کۆمەڵێـک پرسـی مێتۆدۆلۆژیکاڵـی گرینگـی هێناوەتـه ئـاراوە. گودلیـێ (1973، چ 1) لەنێـوان مێتـۆدە کارکردگـەرا، بونیادگـەرا و مارکسیسـتیەکان جیـاوازی دادەنێـت، پاشـان دەپەرژێتەسـەر ڕەخنەکردنیـان: I) لـه کارکردگەرایـی بەهـۆی ئەزموونگەراییەکـەی (شـێواندنی بونیـادی کۆمەڵایەتـی لەگـەڵ پەیوەندییـه کۆمەڵایەتیـه بیـناوەکان)، تێگەیشـتنی لـه وابەسـتەیی هەمـه لایەنـەی ئـەو کارکردەی کـه پرسـەکانی هۆکارێتـی («کارامەیـی تایبـەت»ی هـەر کارکردێـک) ڕەچاونـاکات و تێگەیشـتنکەی لـه هاوسـەنگی کـه چاوپۆشـی لـه بوونـی «ناکۆکیـەکان» دەکات و II) لە بونیادگەرایی لێقی سـتروس لەبابـەت تێگەیشـتنی لـه مێـژوو وەک «درێـژەی ڕووتـی ڕووداوە ناوەختـەکان» (ل 47). بەپێچەوانـەوە، بونیادگەرایـی مارکسیسـتی کـه بوونـی بونیـادە ڕاسـتەقینەکان (هەرچەنـد شـاراوە)ی لەژێـر سەرچەشـنی ڕووکارانـەی پەیوەندیـه کۆمەڵایەتیەکانـدا بەفەرمـی دادەنێـت، زێدەبـاری ئەمـه «تێـزی یاسـای نـەزم لـه بونیـادە کۆمەڵایەتیـی و گۆڕانکاریەکانیـان» دەهێنێتـه ئـاراوە (هەمـان).

ئـەم دوو گێڕانـەوە مرۆڤناسـانە مارکسیسـتیە دواییـه لـه ڕەگ و ڕیشـەوە جیـاوزن لەیەکـتر. ڕوانگـەی یەکـەم بـه لەبەرچاوگرتنـی مرۆڤناسـیی وەک فەلسـەفەیەکی هیومانیسـتی، کـه ئامانجـه سـەرەکیەکانی ڕەخنەیـه لـه شارسـتانێتی مۆدێـرن، ئاراسـتەگیریەکی بەتەواوەتیـی نـوێ دەبەخشـێتە مرۆڤناسـی. ئـەم ڕوانینە، لـەم سـۆنگەوە، کۆمەڵێـک بەردەوامیـی ئاشـکرای هەیـه لەگـەڵ ڕەخنـەی کولتووریـی بەرمەبەسـتی قوتابخانـەی فرانکفۆرتـدا. بـەڵام ماتریالـی ڕەخنەکانـی بـەردەوام لـه بەسـتێنی سـوننەتی توێژینـەوە لـه مرۆڤناسـی وەردەگرێـت و بەپێـی بانگەشـەی دایمۆنـد (1972، ل 424) بانگەشـه تایبەتەکـەی ئەمەیـه کـه «تێگەیشـتنی ئێمـه لـه کۆمەڵـگا سـەرەتاییە هاوبەشـیەکان سـەرنموونەی ئێمـەن بـۆ سۆسـیالیزم.» ڕەوتـی دووهەمی ئـەم ئەندیشـەیە لەڕێگـەی سـازدانی شـاکلەیەکی تیۆریکـەوە کـه تیایـدا چەمکـه بنەڕەتیەکانـی شـێوازی بەرهەمهێنـان و شـێوەبەندیە کۆمەڵایەتـی_ ئابووریەکان (و وەک گشـتێکی بونیـاددار ڕەچاودەکرێـت)، مرۆڤناسـی وەک زانسـتێک بیناەکاتـەوە. لـەم فۆرمـەدا، مرۆڤناسـی بەردەوامـی و پەیوەندیەکـی تەنگاوتەنگـی لرگـڵ کۆمەڵناسـیدا هەیـه (تـا ئەوشـوێنەی کـه کۆمەڵناسـیش بـه زانسـتێکی تیۆریـک دادەنرێـت)، و لەڕسـتیدا دەتوانیـن بـه کۆمەڵناسـیی کۆمەڵـگا سـەرەتاییەکان بزانیـن و بـه درێژکـراوەی توێژینـەوەی باقـی تیپـه کۆمەڵایەتیـەکان لەقەڵـەم بدەیـن. بـەم چەشـنە، ئەوڕۆکـه مرۆڤناسـیی مارکسیسـتی لـه فۆرمـه نـاوازە و نایابەکەیـدا دەرخـەری لێکدابڕانێکـه

لـه ئەندیشـەی مارکسـیتیی نێـوان «هیومانیسـتەکان» و «زانسـتخوازان»دا. بـۆ زانیاریـی زیاتـر بڕوانـنە بلـۆخ، موریـس 1975، کوپێنـس، ژان و سـیدۆن، دێڤیـد 1978، دایمۆنـد، سـتەنلی 1972، 1979، فێـرس، ریمۆنـد 1972، 1973 (1977)، هاراسـتیک، هانس_ پێتێـر 1977، گودلیـێ، موریـس 1966 (1972)، کریدێـر، لارێنـس 1972، مـەی یاسـۆ، کلـۆد 1960 (1978)، 1964، تێـری، ئێمانوێـل 1969 (1972).

تۆم بۆتۆمۆر

شۆڕش (revolution)

لـەو گەڵاڵـە گشـتیەی مێـژوو کـە مارکـس و ئەنگێلـس بـۆ یەکەمجـار لـە ئایدیۆلۆژیـای ئەڵمانیـدا دایـان بەدەسـتەوە، ئەندیشـەی سـەرەکیی ئەندیشـەی بەردەوامەتیـی سـەردەمگەلێکە کـر هەریەکـەو بنەماکـە شـێوازێکی بەرهەمهێنانـە و مەبەسـت لـە شـۆڕش بەمانـا موتڵـەق و ڕەهاکـەی ڕۆشـتنێکی بنەبڕانەیـە لـە شـێوازێکەوە بـۆ شـێوازی دوایـی. هـاوکاری شـۆڕش بەریەککەوتنـی لێکدژیەکانـە: بەریەککەوتنـی لێکدژیەکانـی نێـوان دامـەزراوە کۆنـەکان و ئـەو هێـزە نوێیانـەی بـۆ ئـازادی تێدەکۆشـن و بەشـێوەیەکی کەمـتر لایەنگرانـە، لەنێـوان چینـە سەردەسـتەرەکان و بندەسـتەکان لـە چوارچێـوەی نەزمـی کۆنـدا و لەنێـوان چینـی پێشـوو و ئـەو چینـە نوێیـەی کـە بـاڵادەکات بۆئـەوەی بەگژیـدا بچێتـەوە و گرفتـی بـۆ سـازبکات، ئـا ئـەوەی کـە لـە ئاسـتی شۆڕشـی سۆسیالیسـتیدا، چینـی چەوسـاوەی کـۆن و چینـی باڵادەسـتی نوێ دەبنـە یـەک. پاشـان، تەنیـا سـەبارەت بـە شۆڕشـەکان لـە ئەوروپـای مۆدێـرن، لـە ڕابـردوو، ئێسـتا و داهاتوودایـە کـە مارکـس و ئەنگێلـس دەرفەتـی ئەوەیـان پەیداکـرد بەجیـدی بیربکەنـەوە. مارکـس لـە 1843 بـەو توێژینەوانـەی لەبابـەت شۆڕشـەکانی ئینگیـز، فەرانسـا و ئەمریکادا سـەرەتایەکی دامەزرانـد (کـە لـە دەفتـەرە ڕۆژانەکانیـدا هاتـووە). کـۆی ئەمانـە «شۆشڕشـگەلی بوورژوایـی» بـوون (گەرچـی شۆڕشـی ئەمریـکا شۆڕشـێکی نەتەوەییـش بـوو) کـە ڕێبەریەکـەی بەدەسـت هەندێـک بەشـی بەرزەفڕانـەی چینـی ماموناوەنـدەوە بـوو و لەبنەڕەتـدا بەهـۆی پێویسـتیی هێـزە بەرهەمهێنـەرە نـوێ سـەرمایەداریەکانەوە وروژێندرابـوو.

لەنـاو هەمـوو ئـەم هەوڵانـەدا کـە جێژنـی ڕۆشـتنی کـۆن و هاتنـی نوێـی دەگـرن، زۆری نەخایانـد کـە مارکـس و ئەنگێلـس بزووتنـەوەی ڕێفۆرمـی دینیـی لووتێـر و جەنگـی جوتیاریـی 5_ 1524 لـە ئەڵمانیـا کـە یەکەمیـن و بوێرانەتریـن قۆناغـی خـۆی لەگەڵدابێـت_ و ئەنگێلـس کتێبێکـی لەسـەر نووسـی_ بـە یەکـەم نموونەکانـی ئـەم هەوڵانـە دادەنرێـن، گەرچـی وەهـ هەوڵێـک لەلایـەن بوورگێـرەکان (بـوورژواکان) و جووتیـاران بـۆ تێکشـکاندنی سەردەسـتیی فیۆداڵـی بەشـیوەیەکی زۆر هەندەکـی کاریگەریـی هەبـوو. هەوڵێکـی تۆکمەتـر و سـەرکەتووتری شۆڕشـی دەیـەی 1640 بـوو لـە ئینگلیـزدا. سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، مارکـس و ئەنگێلـس لـەو باوەڕەدابـوون کـە ئـەم شۆڕشـە ئەوەنـدە پێـش نەدەکـەوت ئەگـەر وەرزێرانـی وردە خاوەنـدار و جەمـاوەری بندەسـتی شـاری زۆرتریـن پشـکی خەباتیـان بـۆ بـوورژوازی نـوێ و عەرزدارانـی بـوورژوا نەگرتبـووە ئەسـتۆ و لێرەوەیـە ئـەوەی مارکـس و ئەنگێلـس بـە ڕێسـای گشـتییان دانـا، ئەمـەی کـە ئـەم بزووتنـەوە شۆڕشئاسـایانە دەبێـت بـۆ ئەوپـەڕی خاڵێـک کـە بەرژەوەندیـە ڕاسـتەقینە بوورژوایـەکان دەخـوازن پێشـڕەوەی بکـەن و وەپێـش بخرێـن، ئەگەرچـی بڕیـار نەبێـت داچوونـی ناچارەکیـی شـەپۆلەکانی شـۆڕش لـە خاڵێکـەوە تێپەڕێـت کـە سازشـێکی وەک سازشـی 1688 دەرخەریەتـی (ئەنگێلـس، سـەرەتایەک بـۆ ئێدیتـی ئەنگلیزیـی سۆسـیالیزمی یۆتۆپیایـی و زانسـتی). ڕێسـا گشـتیەکەی دیکـە ئەمەیـە کـە چینـی دەوڵەمەنـدی نـوێ کـە پێـی دەگاتـە پانتاکـەوە و دەتوانێـت پشـتیوانیی جەمـاوەر ڕابکێشـێت، دەتوانێـت وا خـۆی پیشـان بـدات و تەنانـەت پـتر وای دابنێـت کـە لەبەرامبـەر نەزمـی کۆنـتردا نوێنـەری هەمـوو خەڵکـە. وەهـا بـوو بەتایبـەت لـەو شۆڕشـە گـەورە بوورژوایـە، شۆڕشـی 94_ 1789دا، کـە لەدرێژەیـدا ژاکوبەنـەکان،

تەواوترین حیزبی شۆڕشگێڕ، بەشێکی بە پشتیوانیی خۆڕسکی کۆمەڵانی خەڵکی پاریس و بەشێکی بە دنەدانی ئەوان، قۆناغ بە قۆناغ کاروبارەکانیان بردەپێشەوە.

بەشێکی لیبێراڵە فەرەنسیەکانی بەرەی پاش 1815ی شۆڕشی فەرانسای بۆ یەکەم جار لە ڕوانگەی چینایەتیی و وەک گواستنەوەی دەسەڵات لە ئاریستۆکراسیەوە بۆ بووژڕزوازی تەفسیرکرد. مارکس و ئەنگێلس ئەوکاتەی ئەم دیدەیان قبووڵ کرد کە لەحاڵی گەڵاڵەکردنی تیۆرەکەیان سەبارەت بە مێژوو بەەن کە بەقایمی لەگەڵیدا دەهاتەوە. سەرباری هەموو ئەمانە، مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست لە 1848 پێشبینیەکی کورت دەگرێتەوە لەبابەت ئەوەی کەبەهۆی هەل و مەرجی تایبەتی ئەڵمانیا، «شۆڕشی بوورژوایی لە ئەڵمانیا تەنیا سەرەتایەکە بۆ شۆڕشی پرۆلێتێری کە بێگومان بەدوایدا دێت». لە 49_1848دا، مارکس و ئەنگێلس بە بەشداریی لە بەرەی چەپی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ لە ئەڵمانیادا، هەلێکیان بۆ ڕەخسا تاکو شۆڕشی بوورژوایی لەناوەوە ببینن و ڕقیان هاتەوە لەو لاوازیە چەواشەکارانەی کە بووبە هۆی شکستیان. مارکس و ئەنگێلس هێدی هێدی ئەندیشەیەکیان پەرەدا کە لە مانیفێستدا ئامازەیان پێدابوو و هەر ئەوەیە کە پێیدەگوترێت «شۆڕشی بەردەوام». ئەم ئەندیشەیە لە جارنامەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراودا هێنرایە ئاراوە کە ئەم دوانە لە مارسی 1850دا بۆ «یەکێتی کۆمۆنیستەکان» ئامادە کرابوو. بەپێی ئەم بەڵگەیە، جارێکی دیکە کە شۆڕش دەستپێدەکات، کرێکاران دەبێت هەر لەسەرەتاوە بەجیا خۆیان ڕێکبخەن، چینی مامناوەند والێبکەن بەتەواوەتی ڕێفۆرمە بوورژوا دێمۆکراتیکەکان بگەیەننە دەرەنجام و ئەوکات بەرەو قۆناغی دوایی دەرهێنانی ڕێبەریی لە دەستیان و بەرپاکردنی دەسەڵاتی چینی کرێکار و سۆسیالیزم پێشڕەوی بکات (بڕواننە بلە بێرن 1972، ل 33، ژێدەرەکان).

زۆری نەخایاند ئەم گەڵاڵە تاڕادەیەک خەیاڵیە وەلانرا. خوێندنەوەی مێژووی ئابووریی ئەم دواییانە مارکسی بە قەناعەتە گەیاند کە هەڵچوونی ئەورووپا ڕاگرتنی بازرگانیی 1847 و ناڕەزایەتیەکی جەماوەریی وەڕێخستبوو کە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە و ئەمەی کە تاکەوکاتەی بێڕەونەقیی ئابووریی دوایی بۆ جارێکی دیکە جەماوەر بهێنێتە بواری عەمەلەوە هیچ شۆڕشێکی دیکە دەرفەتی سەرهەڵدانەوەی نیە. لەڕاستیدا، بوورژوازیی ئەورووپای ناوەندی و ڕۆژهەلاتی کە لەو کرێکارانەی لەپشتیانن تەنانەت پتر دەترسێن تا ئەو حکوومەتانەی لەگەڵیاندا ڕووبەڕوون، هیچکات ناچنە ژێباری

ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم لە 1938دا لەڕێگەی تڕۆتسکیەوە لە گرووپگەلی بچووکی لایەنگرانی بۆ دژایەتیی لەگەڵ ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم و ئەنترناسیۆنالی سێهەمدا پێکهات کە ئەم دوو ئەنتەرناسیۆنالەی لەژێرناوی ئەنتەرناسیۆنالی «دژە شۆڕشگێڕ»دا مەحکووم دەکرد

مەترسیی ئەزموونێکی دیکەوە، ئەگەر نەک دەسەڵاتێکی سیاسی. لانیکەم پێگەیەک لە چوارچێوەی کۆندا بپارێزن کە بەهێزی دەکات تاکو دوای ئامانجی گەشەی پیشەسازی بکەوێت بەبێ گرفت و لەمپەر و ئەمە بەڕاستی کۆی ئەو شتەیە بۆی گرینگە.

ئەنگێلس (لە «دەوری تۆندوتیژی لە مێژوودا») هەوڵیدا لەڕێگەی ناودێرکردنی یەکێتی بیسمارکەوە بە «شۆڕشگێڕانە»، ئەم خاڵە، سەبارەت بە ئەڵمانیا، لەگەڵ گەڵاڵەی گشتیی مارکسیستیدا هاوتەک بکات_ نموونەیەکە لەمەی کە ئەو و مارکس چەندە نادەقبەستوونە دەتوانن ئەم زاراوەیە بەکاربهێنن، نموونەکەی دیکەش ئەم حوکمەی مارکسە لەمبارەوە لە لەبەریەک هەڵوەشانەوەی گوندە هێندیەکان بەهۆی گوشاری بریتانیاوە بە یەکەم «شۆڕشی کۆمەڵایەتی» لە مێژووی ئاسیادا دەدەنرێت («فەرمانڕەوایی بریتانیا لە هێند»دا، 10ی ژوەنی 1853). بەڵام، ئەگەرچی توێژینەوەی مارکسیستی لەمەڕ چەمکی «شۆڕشی بوورژوایی» لە نیوەی کۆتایی ئەم سەدەدا پێشوەچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، کۆمەڵێک گرفت و پرسی زۆری تووشی ئەم چەمکە هاتووە. سەبارەت بە ئینگلیز هێشتا نەسەڵێندراوە کە ئەگەری ئەوە هەیە بتوانرێت بەشێوەیەکی توێژەرانە ڕووبەڕووبوونەوەی چینەکان و ئەو سیستمە ئابووریەی ئەم چینانە دەرخەرین بسەڵمێنێت. تەنانەت نموونەی 1789ی فەرانسا، کە بۆچوونێکی مارکسیستی یان شتێکی وەک ئەمە بەشێوەیەکی بەربڵاوتر وەرگیرابێت، وەک هەمیشە بەتوندی جێگەی باسە، گەرچی ئینکار ناکرێت کە ئەم بۆچوونە زیاد لە هەر بۆچوونێکی دی بۆتە هۆی کۆمەڵێک توێژینەوەی تێر و تەسەل لەبابەتێکی گەلێک ئاڵۆزدا. موناقەشەی نێوان مێژونووسان لە دووسەدەمین ساڵیادی شۆڕشی فەرانسا لە 1989دا دەرخەری ئەم هەستە زاڵە بوو کە ئەم تیۆری خانەدانیە کەوتۆتەبەر هەڕەشەی بوورژوازیەوە و ئەو لەناوی بردووە تیۆرێکی گەلێک ڕوون و تۆکمەیە و تەنانەت باڵی بەسەر ئەو چینە ناڕازی و بەرزەفڕەی کە مارکسیستەکان بە بوورژوازی دادەنێندا دەکێشێت.

جۆرێکی دیەکەی شۆڕش، شۆڕشی کۆمۆنیستی، لەمێژە لە زەینی هەندێک کەسدا بووە، بەڵام مارکس بەردەوام جەغی لەوە کردۆتەوە کە پێش ئەوەی بارە مادیەکەی هەبێت ناتوانێت واتایەکی کردەیی و عەمەلی هەبێت. بەگوتەیەکی دیەکە، کۆمۆنیزم تەنیا دەتوانێت لێکەوتەی سەرمایەداری بێت، کە چینێکی کرێکاری نوێ بەدیدەهێنێت، ئەو چینەی کە بۆ یەکەمجار دەتوانێت کۆی بۆشاییە چینایەتیەکان لەناوبەرێت، چونکە ئەم چینە دەرخەری فۆرمێکی جیاواز نیە لە خاوەندارێتی بەڵکو نوێنەری نامۆییە لە کۆی خاوەندارێتی. بەدەڵات گەیشتنی ئەم چینە هەم گۆڕانکاریی ئەخلاقی و هەم گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیە، چونکە ڕابردوو بەتەواوەتی خاوێن دەکاتەوە، تەوێڵەکانی ئۆژیاسیی مرۆڤایەتیی پاک دەکاتەوە و ڕێگەدەدات مرۆڤایەتی سەرەتایەکی نوێی هەبێت (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، ق 1، ب 2 c).

باوەڕێکی دیکە کە مارکس و ئەنگێلس هێچکات دەستیان لێهەڵنەگرت ئەمە بوو کە گۆڕانکاریی گەورە ناتوانێت لێرەو لەوێ و گۆشە و کەنارەکانی غەریب و پەڕدا ڕووبدات، بەڵکو دەبێت کاری کۆمەڵێک وڵاتی پیشەسازیی گرینگ بێت کە هاوکات بجوڵێن.

مارکس لە شکستی شۆڕشی کرێکارانی پاریسیی ژوەنی 1848 بەم ئەنجامە گەیشت کە ئەم شۆڕشانە تەنیا وەک سەرەتای خەباتێک دەچێت کە هەر ئەوەندە درێژە کە دەربەدەریی ئیسرایلیەکان لە بەرەهووتدا (خەباتە چینایەتیەکان، چ 3)_ کە لەدواییدا بووبە یەکێک لە تەعبیرە دڵخوازەکانی ستالین. مارکس و ئەنگێلس لەساڵانی دواتردا ناچاربوون پێی لێ بنێن کە 1848دا تووشی پەلەپڕووزەی تافی لاوی هاتوون و ئەمەی لە چاوەڕوانیی لەناوبردنی سەرمایەداری ئەویش کاتێک کە ئەم سیستمە لە یەکەم قۆناغی ڕێژەی

خۆیدا بوو لەهەموو قارەکەدا گەلێک زوو بووە. ناکرێ دەسەڵات بە هێرشی چرکەیی و ناکاوی چەند کەسی تامەزرۆ و پێشڕەوی خەباتکار دەستەبەر بکرێت کە پاڵپشتیی بەهێزی کۆی چینێکی تایبەتی نیە (ئەنگێلس، سەرەتایەک بۆ ئێدیتی 1895 خەباتە چینایەتیەکان). ئەنگێلس بۆ ئەم حوکمە قایل بە نموونەیەکی ئەگەردار بوو لە ڕووسیادا. ئەنگێلس لە 1875دا شۆڕشی لە ڕووسیا، کە بەهۆی جەنگەوە کرژدەبووەوە، بە ناوەخت دەزانی («باری کۆمەڵایەتی لە ڕووسیا»)، و لە 1885دا بە هەوڵنێرێکی ڕووسیایی گوت کە تاقە شۆڕشێک کە خەونی بلانکیستیی ڕووخانی کۆمەڵگا بەدەست تاقمێکی ئاژاوەگێڕوە دەتوانێت مانای هەبێت ڕووسیایە، چونکە کۆی بونیادی ڕژیمی تێزاری وەها ناسەقامگیر و لەرزۆکە کە گوشارێکی شێلگیرانە دەتوانێ بیڕۆخێنێت (نامە بۆ ڤێرا زاسۆلیچ، 23ی ئاپریل). لە شوێنەکانی دیکەدا کاروبارەکان هاسانترن، گەرچی لە زۆرترین نموونەکاندا لووتکەکە ڕووبەریی ئەزمونی دەسەڵاتی فیزیکی دەبێت. مارکس پێیخۆشبوو وای دابنێت کە هەندێک لە وڵاتان، ئینگلیز بەو نەریتە سیاسییە بەرینەیەوە پێش هەموان، لەوانەیە خۆی لەم ئەزموونە دڕوارە نەدات. گۆڕانکاریەکانی ئینگلیز، کە تیایدا چینی کرێکار پاش شکستی چارتیزم بۆ یەکێتیگەرایی ناسیاسی کشابووەوە و هێچ مانایەکی «ئەرک»ی سۆسیالیستی لە ڕسکاندا نەبوو، بێهیواکەرانە بوو. لە فەرانسا وەرەی سیاسی زیندوتربوو، بەڵام مارکس ماوەیەک پاش 1848 تێگەیشت کە لە وڵاتێکدا کە پتر وەرزێریدا چینی کرێکاری سنووردار ناتوانێت بەبێ یارمەتیی وەرزێران سەرکەوێت و مارکس بەهیوابوو هەژاریی قووڵیان ئەمە زامن بکات (هەژدەهەمی برۆمێر، چ 7). لە ڕووسیادا ئەمە تەنانەت پێویستتر بوو. پاش پیشەسازی بوونەوەی خێرای ئەڵمانیا لە دەیەی 1870دا وادەردەکەوت لەم وڵاتەدایە کرێکارەکانی دەتوانن ڕێبەرایەتی بگرنەدەست. زۆری نەخایاند کە بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستیی بەهێز وەڕیکەوت کە ژمارەیەکی گەشەکەری نوێنەری لە ڕایشستاگدا هەبوو. ئەنگێلس قووڵ کەوتە ژێر کاریگەریی گەشەی بزوتنەوەی سۆسیالیستیەوە لە چوارچێوەی هێزێکی هەڵبژاردنەکەیدا، چونکە وەک کارناسێکی پرسە سەربازیەکان لەمە بەئاگابوو کە چەکە نوێکان خەریکی دەعم و قایمکردنی کۆی حکوومەتەکاندایە لە ئاراستەی دەسەڵاتی فیزیکیدا. ئەنگێلس لە نامەیەکدا بۆ لافارک لە 3ی نۆڤەمبەری 1892دا نووسی کە جەنگی سەرشەقام و سەنگەرگرتن هی ڕابردووە، سۆسیالیستەکان لە خەبات لەبرامبەر ئەرتەشدا بێگومان شکست دەهێنن و گوتی سەبارەت بەم گرفتە هێشتا چارەسەرێکی ڕوونی نەدۆزیوەتەوە. بەڵام هەر ئەم تووشکردنی جەماوەرەکان، بەرینکردنەوەی پانتایی بزووتنەوە تا ئەو شوێنەی بکرێ و لە ئەڵمانیا، وەک پرووسی ڕۆژهەڵات، بەرینکردنەوە بۆ بەستێنە سەرەکیەکانی پتر سەربازگیریی پێویست و حەتمی کردەوە.

ئەنگێلس لەو پێشەکیەی کە لە 1895دا بۆ ئێدیتی ئەڵمانیی خەباتە چینایەتیەکانی مارکس نووسی جەغدی لەم هۆشداریانە کردەوە. سەرباری ئەمانە، لەمەی کە ئێدیتۆرەکانی لە ترسی سانسوور دەقەکەیان شیواندبوو تووڕەبوو، ئەنگێلس لە نامەیەکدا بۆ کاوتسکی (1ی ئاپریلی 1895) بێتاقەتە لەوەی دەقەکەی وێنەیەکی هەڵەی وەک «پەرستیاری سازشکاری عەتمیەت»ی لێ دەدات بەدەستەوە. لەڕاستیدا ئەم ڕووداوە زۆر زوو ڕوویدا، چونکە لە 1898دا، سێ ساڵ پاش مەرگی ئەنگێلس، کۆمەڵێک ئەندیشەی هێنایەئاراوە کە ئەنجامەکەی موناقەشەی «ڕیڤیزیۆنیستی» (بڕوانە ڕیڤیزیۆنیزم) ی بوو. لەم باس و موناقەشە ئاڵۆزانەدا بانگەشەی سەرەکیی بێرنشتاین ئەمەبوو کە ناچاریی بانگەشەی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سەرمایەداری لە داهاتوویەکی نزیکدا تەنیا خەیاڵێکەو بەس، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەڵگاندنەکەی لەم بارەوە بوو کە ئایا

شۆڕش لە چەمک و مانا کۆنەکەیدا هێشتاکە ئەگەرێکی عەمەلی و کرداریە، یاخود هەنووکە دەبێت بەتایبەتی پشتبەست بێت بە مێتۆدە یاساییەکانەوە.

لە ڕووسیای پێش ڕاپەڕینی 1905دا مافە بنەڕەتیەکان بوونی نەبوو و پاش ئەوەش مافێکی ئەوتۆ لەئارادا نەبوو. لێنین هەموو ئیرادە و هیمەتی خۆی تەرخانکرد بۆ سازدانی حیزبێک کە بتوانێت بۆ شۆڕش ئامادەبێت و پاشان ڕێبەرایەتی بکات؛ ئەو، بەپێچەوانەی خەڵکانی پێشخۆی، بیرۆکەی شۆڕشی پلان بۆدارێژراوی پێشوختی تا ئەوپەڕی بردەپێشەوە. حیزبەکەی لەوە بچووکتر و بێئەزموونتر بوو کە کاریگەریەکی گەورە لەسەر ڕابوونی خۆڕشکی 1905 دابنێت، و ئەمە لە باشترین حاڵەتدا نەیدەتوانی سنووردارێتیە بوورژوا دێمۆکراتیکەکان، لەگەڵ ڕێفۆرمە عەرزیە بەربڵاوەکان تێپەڕێنێت. بەڵام شکستی ئەم شۆڕشە سستیی بوورژوازیی لاوازی ڕووسیای ئاشکراکرد، هەر بەوشێوەی کە 49_ 1848 گومان و سستیی بوورژوازیی ئەڵمانیای دەرخست. لێرەوەیە کە ئەم ناکۆکییەی کە شۆڕش بۆ بوورژوازی، یاخود تەنانەت بەپێچەوانەی، دەبێت جەماوەرێک بەرپای بکات کە ڕێبەرایەتیەکەیان بکەوێتە دەست چینی کرێکار و حیزبەکەیەوە. وەها بیرۆکەیەک بەهاسانی ئەنجامەکەی بەمانایەکی گشتگیرتر «شۆڕشی بەردەوام» دەبوو کە لە 50_ 1848 دا سەرنجی مارکس و ئەنگێلسی بەخۆیە سەرقاڵ کردبوو. ئەم بیرۆکەیە زۆرجاران لەناو سۆسیالیستە ڕووسییەکانی باسی لێکرا و ترۆتسکی بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو هەڵیبژارد.

ئەوکاتەی کە لە 1914دا ئەوروپا بە فەرماندەریی فەرمانڕەواکانی فەرمانبەرانە چەکی بەدەستەوە گرت، لێنین هەوڵیدا بەرامبەری ئەم تۆمەتە ببێتەوە کە ئەنتەرناسیۆنالّ ئەوەندە گەمژەبووە پێشبینیی بکات کە جەنگ وەک شۆڕش دەچێت. ئەو نووسی کە جەنگ هیچکات شۆڕش زامن ناکات: هەموو هەل و مەرجێکی شۆڕشگێڕانە ئەنجامەکەی شۆڕش نیە و شۆڕش ناتوانێت خۆبەخۆ پەیدابێت («لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئەنتەرناسیۆنالّی دووهەم» کۆبەرهەمەکان، ب 21، ل 14_ 213). شۆڕش تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت ڕووبدات کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ ڕاپەڕین ئامادەبن و دیسان ئەوکاتەی کە، سەرباری ئەمە، چینە سەردەستەکان نەتوانن درێژە بە دەسەڵاتداریێتیی نەزمی کۆنی خۆیان بدەن، ئەمانە جیالە ئیرادەی حیزب و چینەکان، باری بابەتیین. لە لە پۆلیمیکێکی کاتی جەنگێکی دیکە، لە مارسی 1916دا، لێنین ڕایگەیاند کە ناکرێ شۆڕشی سۆسیالیستی بە تەکانێکی چرکەیی دابنێین: شۆڕشی سۆسیالیستی دەبێت زنجیرەیەک خەباتگەلی گەشەکەر بێت لە هەموو بەرەکاندا (کۆبەرهەمەکان، ب 22، 143). بەڵام ئەگەرچی زۆری بەسەردا تێنەپەڕیبوو کە لێنین سۆسیالیزمی لە ڕووسیادا لەوە بە لاوازتر زانیبوو کە ئامادە و تەیاری بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بێت، هەر ئەوەی کە پاش کەوتنی ڕژیمی تێزاری لە 1917دا گەڕایەوە ڕووسیا دڵنیابوو کە جەنگ هەموو شتێکی گۆڕاوە، لەحاڵێکدا ڕەفتاری حکوومەتی کاتیی بوورژوایی بەو قەتاعەتەی گەیاند ئەم حکوومەتە ناتوانێت شتێک بکات و دەبێت بێ سێ و دوو لەناو ببرێط.

ترۆتسکی لە مێژووەکەی خۆی (3_ 1932، هاوپێچی 2)دا نووسی کە هێج شۆڕشگێڕێک ناتوانێت بەتەواوەتی لەگەڵ نیەت و خواستی شۆڕشگێڕەکانیدا بێتەوە، بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاملّتر لەهەموو شۆڕشێکی پێش خۆی کردوویەتی. بەڵام ئەم شۆڕشە لە نموونەیەکی زۆر گرینگدا کەوتە هەڵەوە. ترۆتسکی و لێنین هیواداربوون کە ئەم شۆڕشە هێمای شۆڕش بێت لەهەموو ئەوروپادا؛ بۆ ئەم دوانە، هەربەو جۆرەی بۆ مارکس و ئەنگێلس وابوو، لە پانتای نێوەنەتەوەییدابوو کە هەموو شتێک یەکلایی دەکرایەوە. بەڵام ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لێکی دووربوون و سۆسیالیستیەکان لە شوێنەکانی

دیکـەدا تۆزێکیـان ئامادەیـی تێدابـوو بـۆ چاوڵێکەریکردنـی بۆلشـێڤیکەکان، کـە لێیـان گەڕابـوون تاکـو هەسـت بـە بەرەڵاکـردن و لـە پەیـمان شـکێنتدا هەسـت بـە تەنیایـی بکـەن. زۆری پێنەچـوو کـە بـاس و موناقەشـەیەک دەسـتپێکرد کـە لێنیـن و کاوتسـکی دژبـەرە سـەرەکیەکانی بـوون و بابەتەکـەی ئەمەبـوو کـە ئایـا شۆڕشـی ڕووسـیا شۆڕشـێکی ڕەسـەنە یـان نـا. لێنیـن ڕەخنەگرانـی بـەوە تاوانبارکرد کە مارکسـیزم بەقازانجـی ڕێفۆرمیـزم وەلادەنێـن. کاوتسـکی بۆلشـێڤیکەکانی تاوانبارکـرد بـەوەی دەسـەڵاتەکەیان لەڕێگـەی تیرۆریزمـەوە ڕادەگـرن و هەروەهـا خۆنواندنـەوەی وەک دیکتاتۆریـی پرۆلێتاریـا کـە مارکـس بـە پێویسـتیی هەرجـۆرە گـوزەر و تێپەڕبوونێکـی پۆسـت شۆڕشـگێڕانە دادەنـا. ڕوانگەکانـی مارکـس و ئەنگێلـس لەبابـەت تیرۆریـزم، بـۆ جیاکردنـەوەی لـەم دیکتاتۆریـە، بەکورتـی لـە نامەیەکـی ئێنگێلـس بـۆ مارکـس لـە 4ی سـێپتەمبەری 1870دا هاتـووە و خولـی وەحشـەتی سـاڵی 1793 بـە فەرمانڕەوایـی ئـەو پیاوانـە دەزانێـت کـە خۆیـان بـەر وەحشـەت کەوتـوون و لەبـەر بەهێزکردنـەوەی باوەڕبەخۆییـان کۆمەڵێـک کاری سـتەمکارانە دەکـەن کـە بەگشـتی بێکەڵکـە.

لەدرێـژەی چەنـد سـاڵی دواییـدا هەندێـک ڕاپەڕینـی سـەرنەکەوتووی باقـی شـوێنەکانی ئەورووپـا شکسـتیان هێنـا. تڕۆتسـکی، لـە دووڕخرانـەوەدا، پەرژایەسـەر تیۆرەکـەی

و بەردەوام پەرەیدا بەتایبەت لە شۆڕشی بەردەوامدا. ئەو پەر کەڵکەڵەی جەغدکردنەوەی هەبوو لەسەر لایەنی نێونەتەوەیی شۆڕش: شۆڕشی سۆسیالیستی ناتوانێت لە چوارچێوەی سنوورە نەتەوەییەکاندا کامڵ بکرێت. شۆڕش هەنووکە دەبێت بەمانایەکی زیاتر «بەردەام» بێت، هەروەها دەبێت دەرێژەی هەبێت تاکو هەموو جیهان ببنە سۆسیالیست_ ڕوانگەیەک کە ڕەخنەگرێک باسی لێکردووە، کۆی بەردەوامەتیەکانی مێژوو نادیدە دەگرێت (کلۆدین 1975، ل 78). ڕامانەکانی گرامشی، لە فەراغەتی زیندانەدا، بەرەو کۆمەڵێک ئەمجامگیریی سەبارەت بەو شتە بەرد کە ناوی نابوو «فۆرموولە ژاکوبەنی/ چڵ و هەشتی». ئەم چەشنە شۆڕشە تەنیا ئەوکاتە پاساوی هەڵگرتووە کە دەوڵەت هێشتا سەرەتایی و کۆمەڵگا کرچ و کاڵ و ڕەوان بوو، لە 1848 و دیسان پەر لەوە لە 1_ 1870 بەملاوە، بەهۆی گەشە و پەرەسەندنی پەڕلەمانتاریزم، یەکێتیگەرایی، حیزبەکان و بروکراسیە سیاسیەکانەوە گۆڕدراوە (1971، ل 79، 220، 243). گرامشی پەرژایەسەر جیاوازیەک کە بنەماکەی کۆمەڵێک ڕووداوبوون لە ئیتالیای سەدەی نوزدەهەمی نێوان هەندێک ڕاپەڕینی چالاکی وەک ڕاپەڕینی ماتسینی و ئەو «شۆڕشە پەسیڤ»ەی کە لۆتکە و مەزهەرەکەی کاڤەر و مێتۆدەکەی ئامادەیی پشوودرێژانە بوو و لەڕێگەی «گۆڕانی مولوکوولی»یەوە لە زەینی مرۆڤەکاندا پێکهاتەیەکی گۆڕاوی لە هێزە کۆمەڵایەتیەکان لێدەکەوێتەوە. پێیوابوو کە هەر دوو شێوەکە بۆ ئیتالیا پێویستن و باقی ئەوروپای 1848ی ئەوروپایی دەزانی کە بەرەو شێوە «پەسیڤ»ەکە دەڕوات. ئەو سەبارەت بە شۆڕشی بوورژوا دێمۆکراتیک یان نەتەوەیی بوورژوایی دەنووسی، دەتوانین بڵێین کە پاش 1918 و بەشێوەیەکی وردتر پاش 1945، سۆسیالیزمی ئەوروپی گۆڕانی ئاراستەیەکی هاوشێوەی ئەنجامدا. لەڕاستیدا لە ڕۆژئاوا پەیڕەوی لە ئامانجی شۆڕش وەک باوەڕ بە گۆڕانی تەواوەتیی کۆمەڵگا وەرگیرا و [کەوتە] خاڵی بەرامبەری هەرجۆرە چارەسەرکردن و گەرانەوەی ڕووتی کۆمەڵگای کۆن لەڕێگەی لەت و کوتە پاژەکیەکانی ڕێفۆرمیزمەوە. لە ئەی جی شی سی دا جووڵەیەکی هێواشتر لەهەمان هێڵدا دیار و بەرجەستەبووە، لەسەرەتاکانی دەیەی 1960دا تیۆری سۆڤیەت ئامادەبوو ئەم ڕوانگەیە هەڵبژێرێت کە هەنووکە لەڕێگەی سازدان و سەقامگیرکردنی سۆسیالیزم لە بەشی گەورەی جیهاندا، دەتوانرێ لە شوێنەکانی دیکەدا بە قۆناغە ئاشتیەنەکان بەدەسەڵات بگەین. لەژێر گوشاری ئامۆژە بەتاو و یاوەکانی ماویزم (بڕواننە ماو تێسێ تۆنگ)دا کە بۆ ڕێبەریی کەمپی سۆسیالیزم لەگەڵ مۆسکۆدا ڕکابەریی دەکرد و دیسان جەغدی لەسەر خەسڵەتی نێونەتەوەیی خەبات دەکردەوە، دان بەم تێزەدا نرا. لەساڵانی دواتردا پێکەن سووکەڵەیی زێدەشۆڕشگێڕانەکەی وەلاناوە. بەڵام لەوکاتەوە کە پێش 1914 لێنین بەخێرهاتنی ئاسۆگەکانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی جیهانی کۆلۆنیالیی وەک وەک هێزە یارمەتیدەرەکانی بزووتنە شۆڕشگێڕانەکانی ئەوروپای کرد گوتی، شۆڕشی چەکداری لە ئەوروپاوە بۆ جیهانی سێهەم گوێزرایەوە. شۆڕش لە جیهانی سێهەمدا بەردەوام پرسێکی زیندوو دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی وادەردەکەوێت حاکمیەتی سەربازیی ڕاست بە پشتیوانیی دەرەکیی بەشێکی گەورەی ئاسیا و ئەمریکای لاتین ڕێگەیەکی دیکەی نەهێشتبێتەوە. سۆسیالیزم و هەستی نەتەوەییاخو عەرزی پەر لێکهاڵاون، بەڵام لە زۆربەی ناوچەکاندا مارکسیزم وەرگیراوێکە لە مارکسیزم کە ڕاستەهێڵێکیی ڕێنوێنی دەستەبەرکردووە.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە بریسیانێر، سێرژ 1978، بلەک بێرن، ڕابین 1978، گرامشی، ئەنتۆنیۆ 35_ 1929 (1971)، هۆبسباوم، ئەی. جەی. 1973، کاوتسکی، کارک 1902، لێنین، ڤەی. ئای. 1918 (1965)، مارێک، فرانتس 1966، تڕۆتسکی، لیۆن 23_ 1932 (1967)، وادیس، جەی. 1972.

ڤی. جەی. کێیرنان

شۆڕشی زانستی و تەکنیکی (scientific and Technological revolution)

زاراوەیەکە کە زانستڤانانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەی جەی شی سی و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا بەکاریان هێناوە و وادیارە ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی نوێی مێژوو. ئەوانەی ئەم زاراوە بەکاردێنن جەغد لەوە دەکەنەوە کە دەبێت شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژیک لەبەستێنی «پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە تایبەتەکانی سیستمێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو»دا ڕەچاوبکرێت (ریچتا 1977)، و دەکەوێتە «هاوپەیوەندیەکەوە لەگەڵ پڕۆسە قوولەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی کە بنەمای شۆڕشی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن» (فێدۆسیف 1977)، بەڵام لەڕاستیدا بووچونیان هێزە بەرهەمهێنەرەکان وەک هێزی وروژێنەری مێژوو پێشدەخەن، هاوکات کە پەیوەندیە بەرهەمهێنەرەکان پتر بە تێکهەڵکێش دەزانن. زێدەباری ئەمە، لەم تێگەیشتنەدا، زانست بە هێزێکی پێشڕەوی ڕوون دادەنرێت کە (هەرکە ئەو بەراوەژوویانەی بەرەنجامی سەرمایەدارین لەناوبچن) ناچارەکی ئەنجامەکەی کۆمۆنیزمە. پێناسەی دەوڵەمەندی مارکس لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی وەک شتێک زیاد لە تەکنیکی_ وەک مرۆیی، ئەخلاقی، سیاسی و شێوازەکانی هاوکاری و ڕێکخراوە_ بۆ هێزی کاری تەکنیکی ڕووت دادەبەزێنرێت. لەلایەکی دیکەوە، شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژیک بە بابەتێک دادەنرێت کە ناکۆکیەکانی کۆمەڵگا سەرمایەداریەکان و هەروەها ئەگەری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕانە پەرەدەدات. لەهەرحاڵدا، ڕەخنەگرانی ئەم چەمکە بە شێوەیەکی دیکەی حەتمیەتگەرایی تەکنۆژیکاڵی دەزانن لە مارکسیزمدا کە پەیوەندیگەلێکی لەگەڵ ئێکۆنۆمیزم و مارکسیزمی پێسکەوتنخوازی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمدا هەیە کە بزۆزیی خەباتی چینایەتی نادیدە دەگرێت و تێدەکۆشێت «ڕەوتی بابەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی_ مێژوویی مرۆڤ» پێناسە و وەسف بکات (عەرەب ئۆغڵی 1971، ل 379). (بڕوانە پڕۆسەی کار).

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە عەرەب ئۆغڵی، سی. ئەی. 1971، کلارک، سیمۆن 1977، کاریگێن، فیلیپ و ئەوانیدی 1978، فێدۆسیڤ، پی. 1977، ڕیچتا، ئاڕ. 1977، یانگ، ڕۆبێرت تێم. 1977.

ڕۆبێرت تێم. یانگ

ئەو شۆڕشەی ناپاکیی لێکرا (Revolution Betrayed, The)

ئەو شۆڕشەی ناپاکیی لێکرا، یەکێتی سۆڤیەت چیە و بەرەو کوێ دەڕوات؟ کە لە 1936 لە نەرویجدا نووسرا دواییین کتێبێک بوو کە تڕۆتسکی تەواوی کرد و زۆرکەس بە وەسیەتنامەی سیاسیی ئەوی دەزانن. ئەم کتێبە لەدرێژەی ساڵانێکدا بووبە یەکێک لە کاریگەرترین کتێبەکانی ئەم سەدەیە و لێوڕێژە لە نوێترین پێڕۆکەکان، هەروەها کۆی ئەو ناکۆکیی و حکوکمە ڕوودواوەکیی و گومانئامێزانە دەگرێتەوە کە ئەگەری ئەوە بە نووسەرانی دەدات کە بیر و باوەڕی گەلێک جیاوازیان هەیە کەڵکی نابەجێی لێبەرن. تڕۆتسکی لەم بەرهەمە زۆر ئاڵۆزەدا دوا شیکاریی خۆی لە کۆمەڵگای سۆڤیەتی و سەرچاوە و مێژووی ستالینیزم بەدەستەوە دەدات. هەوڵدەدات بانگەشەکانی ستالین لەمەڕ دەسکەوتەکانی سۆسیالیزم لە ئەی جەی شی سی لەڕێگەی ڕووبەڕوو کردنەوەی ڕاستی و واقیعە زەق و ترسناکەکان لەگەڵ ڕوانگەی مارکسیزمی کلاسیکدا لە سۆسیالیزم بەتاڵ و پووچەڵ بکاتەوە. بەم چەشنە، بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی مارکسیزم لەبابەت لادانی ستالین لە ئەندیشەی مارکسیستی ڕەتدەکاتەوە. ئەو شۆڕشەی ناپاکیی لێکرا

سکالاّنامەیەکی کلاسیک دژی بروکراسیی دەگرێتەوە کە لە ڕووسیای پۆست شۆڕشگێڕانەدا دەسەلاتێکی ترسناکی پەیداکرد. هۆی ئەمە دواکەوتوویی و هەژاریی وڵاتێکە تیایدا، لەناو نابەرابەریە بەرچاوەکاندا، گرووپێکی باڵادەست پاریزگاری لە بەرژەوەندی و ئیمتیازاتەکانی خۆیان بەرامبەر ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک دەکەن. لێرەدا، ترۆتسکی هۆشداریەک دەدات لەسەر ئەمەی کە هەندێک لە بەجێماوەکانی وەها لێکدڕگەلێک تەنانەت لە دەوڵەمندترین وڵاتانیشدا دەمێنێتەوە، چونکە هیچ شۆڕشێکی پرۆلێتێری ناتوانێت بێوەستان «بەپێی پێداویستی» کرێکار پاداش بکات. «بەپێی پێداویستی» ئەوکاتە دەتوانێت بێتەدی کە کۆمەڵگا بگاتە ئاستگەلێکی نایابی بەرهەمهێنان و پێوەری گشتیی پەروەردە و ڕاهێنان کە بتوانێت بۆشایی نێوان کاری دەستی و کاری فیکری پربکاتەوە.

لە خۆلی گوزار و تێپەڕبوون بۆ سۆسیالیزم، دەوڵەتی شۆڕشگێڕ تەنیا تاکەو شوێنە سۆسیالیستیە کە بەرگری لە خاوەندارێتیی کۆمەڵاتیی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بکات، بەڵام تا ئەو شوێنە خەسڵەتە «بوورژوایی»ەکەی ڕادەگرێت کە چاودێریی نابەرابەری کاڵاکان دەکات. سەرباری هەموو ئەمانە، ئەم توخمە «بوورژوایی»ە سەرمایەداریی دەوڵەتی پێکناهێنێت. «هەوڵ بۆ نواندنەوەی بروکراسیی سۆڤیەت وەک «سەرمایەداریی دەوڵەتی» بێگومان بەرگەی ڕەخنە ناگرێت» (ل 236). ئەم بروکراسیە کە بەبەردەوامی لەلایەن ستالینەوە کەوتۆتەبەر پاکتاوکردن، هێرش و پەرتەوازەییە، نەیتوانیوە تایبەتمەندیی یەکدەستی چینێک دەستەبەر و پتەوی بکات. بروکراسی خاوەن هەندێک ئیمتیازە بەڵام کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی بەدەستەوە نیە، زێدەباری ئەمە، ناتوانێت بە گواستنەوەی ئەم ئیمتیازانە بۆ منداڵەکانی بەردەوامیی پێبدات.

چاپتەرێکی ئەم پەرتووکە کە بەتێنێکی زۆرترەوە جێگەی موناقەشە بوو چاپتەرێکە تیایدا تڕۆتسکی هەندێک پێشبینیی بوێرانە سەبارەت بە ئایندەی سۆڤیەت دەهێنێتەئاراوە. «کەرەستەکانی بەرهەمهێنان هی دەوڵەتن، بەڵام دەوڵەت، بەمانایە، هی بروکراسییە» (ل 236). ئەگەر « دەبێت ئەم پەیوەندیانە پتەوبکرێن و ببنە نۆرێکی مافەکی، لەدرێژماوەدا ئەنجامەکەی لەناوچوونی تەواوەتیی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی پرۆلێتێریە» (هەمان).

بروکراسی_ تۆزە «ئەنگەل»یە سەردەستەکان_ بەرگری لە خاوەندارێتی دەوڵەتی وەک کانگای دەسەڵات و داهاتی خۆی دەکات. «بروکراسی لەم لایەنەی چالاکیی خۆیدا هێشتا وەک چەکی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا دەمێنێتەوە» (هەمان). لەوێوە کە دەکرێت بروکراسی بە بەرگریکاری خاوەندارێتی دەوڵەتی دابنێین، «کرێکاران لەوە دەترسێن مەبادا بە دەرپەڕاندنی بروکراسی، ڕێگە بۆ دووبارەکردنەوەی سەرمایەداری بکەنەوە» (ل A 2). لەلایەکی دیکەوە، ترۆتسکی سەرباری ئەمە دەڵێت کە بروکراسی «تا ئەوشوێنە درێژە بە پاراستنی خاوەندارێتیی دەوڵەتی دەدات کە لە پرۆلێتاریا دەترسێت» (ل 238). ترۆتسکی دەست لە چاوەڕوانیە پێشووەکانی لەبابەت ئەمەی کە لێکدڕی دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕێفۆرمیستی چارەسەر ببێت هەڵدەگرێت و تاڕادەیەک بە گومانەوە، ڕێگەچارەیەکی شۆڕشگێڕانە هەڵدەبژێرێت. لە دواشیکردنەوەدا، «خەباتی هێزە کۆمەڵایەتیە زیندووەکان...» کۆتایی بە پرسەکە دێنن (ل 241)، و ترۆتسکی بەپێی ئەو دیاردانەی کە خاوەن تایبەتمەندیی بێپەڕن لەبەرامبەر هەڵبژاردنی فۆرموولە ڕەها و بنەبڕانەکان هۆشداری دەدات. ترۆتسکی پێشبینیی ئەوە دەکات کە بروکراسی کە دڵخۆش نیە بە باڵادەستی و ئیمتیازە بەرخۆرەکان، تێدەکۆشێت دەست بەسەر خاوەندارێتی گشتیدا بگرێت: «فەرماندەرانی پیشەسازی» و بەڕێوەبەرانی کشت و کاڵی پشکەکان، بەڵگە قەرزیەکان و بەڵگە بەهادارەکان بەدەست دەهێنن، هەروەها کۆتایی بە

مۆنۆپۆلیی بازرگانیی سۆڤیەت دەهێنن (ل 240). گەرانەوەی ئەو ڕژیمەی لەحاڵی تێپەڕبوون و گوزاردایە بەرەو سەرمایەداری بەگشتی ئەگەردار و مومکینە (ل 241). تڕۆتسکی بێگومان دەسەڵاتی بەردەوامەتیی ڕژیمی ستالینیی بەکەم دەزانی. ئەو لە گۆشەنیگای ڕوانگە و هەڵوێست یان مەنشووری جەنگی یەکەمەوە چاوی لە جەنگی جیهانیی دووهەم دەکرد، پێیوابوو کە شۆڕشی پڕۆلێتێری لە ڕۆژئاوادا کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕژیمە بهێنێت؛ پێیوابوو تەنیا لەم ڕێگەوەیە ڕووسیای ستالینی دەتوانێت لەم زۆرانبازیەدا سەرکەوتوو بێت.

تڕۆتسکی لە یەکێک لە بەراوەردە مێژوویە ڕۆشنگەرەکانیدا دەپەرژێتەسەر خوێندنەوەی ئەو شتەی کە مارکسیستەکان تاکو ئێستا بەسەڵماویان زانیوە: ئەمەی کە دەوڵەتی کرێکاران کە زادەی شۆڕشی پڕۆلێتێریە تەنیا دەتوانێت دێمۆکراسیی پڕۆلێتێری بێت. تڕۆتسکی دەیسەلمێنێت کە دەوڵەتی کرێکارانیش وەک ئەو نەزمە پۆست شۆڕشگێڕانە بوورژواییەی کە کۆمەڵێک فۆرمی سیاسیی جۆراوجۆری خستۆتەوە_ مەشروتە، سوڵتانی یان ڕەها_ دەتوانێت لە فۆرمگەلی سیاسیی جۆراوجۆردا، لە ئیستیبدادی بڕۆکراتیکەوە تا حکوومەتی سویتە دێمۆکراتیکەکان، بوونی هەبێت. نووسەری ئەو شۆڕشەی ناپاکیی لێکرا وەک تیۆریسیەن کەلەپووری مارکسیستی

دەوڵەمەند دەکات، وەک شیکار بێوێنەیە؛ لە کەف و کوڵی پۆلێمیکیی خۆیدا کۆمەڵێک هەڵە دەکات، بەڵام چۆنایەتیی هەڵەکانی جۆرێکە کە لە بەهای گەورە و بێوێنەی بەرهەمەکەی کەم ناکاتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ترۆتسکی، لیۆن 1937.

تامارا دویچێر

ئەنگێلس، فرێدریش (Engels, Friedrich)

لەدایکبووی 28ی نۆڤەمبەری 1820 لە بارمێن، کۆچکردووی 5ی ئووتی 1895 لە لەندەن. ئەنگێلس منداڵی گەورەی خاوەن کارخانەیەکی چنین بوو لە ڤیرتاڵی ڤێستفالیدا، وەک کاڤێنیستێکی قورس و قایم پەروەردەکرا و هەرکە خوڵی دواناوەندیی تێپەڕاند بۆ پیشەی بازرگانی لە بریمەندا ڕاهێنرا. سەرباری هەموو هەمانە، لە قوتابخانە بەدواوە، بەرزەفڕیە ئەدەبیە ڕادیکاڵەکانی چڵی دا. سەرەتا پەیوەست بوو بە نووسەرەانی ناسیۆنالیست دێمۆکراتی بزووتنەوەی «ئەڵمانیای گەنج»ەوە لەدەیەی 1830دا و پاشان وردەوردە چووە ژێر گاریگەریی هێگلەوە. لەڕێگەی هەڵی دەرفەتی خزمەتی سەربازیەوە بۆ دواخستنی کاری بازرگانی، لە 1841دا چووە بێرلین و لەنزیکەوە تێکەڵ بە کۆڕی «هێگلیە گەنجەکان»ی دەوروبەری برۆنۆ باوێرەوە. لەوێدا لەبەرئەوەی بە ناوی خوازراوەوە هێرشی کردەسەر ڕەخنەکەی شێلینگ لە هێگل، تۆزێک بەناوبانگی دەرکرد.

لە پاییزی 1842دا، ئەڵمانیا بەرەو ئینگلیز بەجێهێشت تاکو لە دامەزراوەکەی باوکی لە مەنچێستێردا کاربکات. ئەنگێلس کە لەژێر کاریگەریی موزێس هێسدا بوو هەرلەو کاتەوە کۆمۆنیست بوو و بە پەڕەوی لە کێبی سێ سەروەریی ئەوروپی ی هێس لەوباوەڕەدا بوو کە ئینگلیز لەڕێگای شۆڕشیی کۆمەڵایەتیدایە. مانەوەیەکی نزیک دووساڵ لە ناوچەی کارخانەکانی چینین و پەیوەندی لەگەڵ ئۆڤێنیەکان و چارتیستەکان دووری خستەوە لە کۆڕەکەی باوێر. ئەم ئەزموونە، کە لە دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلیزدا سەلماوە، دڵنیای کردەوە کە چینی کرێکار، واتە ئەو هێزە جیاوازەی کە بەرهەمی «شۆڕشی پیشەسازی»ە، دەبێتە ئامرازی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە. ئەنگێلس لە مەودای نێوان ڕۆشتن لە ئینگلیز و نووسینی کتێبەکەیدا، یەکەم دیداریی جیددیی لەگەڵ مارکسدا کرد. لەوێوە کە ئەم دوانە بەوەیان زانی هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەیە بەرامبەر بە کۆڕی باوێر و هەروەها لەژێر گاریگەریی بزووتنەوەی چینی کرێکارن لە دەرەوەی ئەڵمانیادا، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن بەرهەمێکی هاوبەش بنووسن کە هەڵوێستەکەیان دەربڕێت و ئەو بەرهەمەش کتێبی بنەماڵەی پیرۆزە. ئەمە دەرخەری هاوکاریی هەموو تەمەنی ئەم دوو کەسەیە. لەو کاتیدا ئەو کۆمۆنیزمەی ئەوان پشتیوانیان لێکرد بەردەوام لەژێر کاریگەریی قووڵی فۆێرباخدا مابوەوە، گەرچی ئەم کۆمۆنیزمە لەڕووی ئەو گرینگیە هێکجار فراوانەوە کە ئەم دوانە بۆ چینی کرێکار و سیاسەتیان دادەنا جیابوو.

سەرباری ئەمانە، لە سەرەتای 1845دا، لەژێر کاریگەریی ڕەخنەکەی شتیرنێر لە فۆێرباخ لە کتێبی من و ئەو خۆیدا، مارکس تاڕادەیەک هەڵوێستی تیۆریکی خۆشی لەپەیوەندیدا بە فۆێرباخ و هێگلیە گەنجەکانیشەوە ڕوونکردەوە. ئەمە دەرخەری سەرەتای تێگەیشتنێکی «مارکسیستی»ی جیاوازە لە مێژوو. بەپێی تەفسیری ئەنگێلس خۆی، دەورەکەی لەم ڕۆژەیەدا دواجارەکیە. بەسەر ئەوەشدا، کەرەکەی لە بەستێنی ئابووریی سیاسی و لە بەستێنی پەیوەندیی نێوان شۆڕشی پیشەسازی و پێگەیشتنی ووشیاریی چینایەتی لە ئینگلیزدا کۆمەڵێک توخمی ژیانبەخشی ڕۆکردە نێو سێنتێزی هەمەگیری مارکسەوە. زێدەباری ئەمە، ئەنگێلس بەڕادەیەکی بەرچاو یارمەتیی بەرهەمە هاوبەشە ناتەواوەکەیان ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی ی دا کە ئەم تێگەیشتنە نوێیەی هێنایەئاراوە.

لـه خولـی نێـوان 1845 و 1850دا یەکێـک لـه خولەکانـی هاوکاریـی زۆر نزیکـی نێوانیانـه. پەیوەندیـی ئەنگێلـس لەگـەڵ باوکـی دەپسـێنێت هەمـوو کاتـی خـۆی تەرخـان دەکات بـۆ خەباتـی سیاسـی بـه هاوڕێتـی لەگـەڵ مارکـس لـه بروکسـێل و پاریسـدا. بەرزەفـڕی و خەونـی هاوبەشـیان ئەمەیـه کـه ڕای ئەرێنیـی کۆمۆنیسـته ئەڵمانیـەکان بـەرەو هەڵوێسـتەکیان ڕاکێشـن و کۆمەڵێـک پەیوەندیـی نێونەتەوەیـی بگـرن لەگـەڵ بزووتنەوەکانـی چینـی کرێـکاری بیانـی بەپیـی پلاتفۆرمـی پڕۆلێتێریـی شۆڕشـگێرانەی هاوبـەش. بۆئـەم مەبەسـته، ئـەوان دەچینـه ڕیـزی «کۆمەڵـەی ئەڵمانیـی ئینسـاف» (کـه ناوەکـەی بووبـه «کۆمەڵـەی کۆمۆنیسـتەکان») و مانیفێسـتی حیزبـی کۆمۆنیسـت بـۆ ئـەم کۆمەڵەیـه لـه سـەرەتای شۆڕشـی 1848 [دەنووسـن و] بـەڵاوی دەکەنـەوە. لەدرێـژەی ئـەم شۆڕشـەدا، ئەنگێلـس لەگـەڵ مارکـس لـه کۆڵـن لـه نووێ ڕاینیشـێ زایتونـگ کار دەکـەن. ئەوکاتـەی کـه لـه سـێپتەمبەری 1848دا هەڕەشـەی لەسـەرە دەچێتـه فەرانسـا، بـەڵام لـه سـەرەتای 1849دا دیسـان دەگەڕێتـەوە و لـه مانگـی مـای تـا ژووییـه لـه قۆناغـه دواییەکانـی خۆڕاگریـی چەکدارانـه بەرامبـەر سـەرکەوتنی دژە شۆڕشـدا بەشـداری دەکات. ئینتیـمای بـۆ کار و بـاری سـەربازی هـەر لـەم خولـەوە دەسـتپێدەکات و تەفسـیرە گشتیەکەشـی لـه شـۆڕش لـه شـۆڕش و دژە شـۆڕش لـه ئەڵمانیـا (1851_ 1852) دەچەسـپێت.

پـاش ماوەیـەک مانـەوە لـه سـویس و لەنـدەن کـه لـەوێ لەکۆتاییـدا «یەکێتیـی کۆمۆنیسـتەکان» لەبەریـەک هەڵوەشـایەوە، ئەنگێلـس لـه 1850 لـه مانچێسـتێردا نیشـتەجێ بـوو سـەرلەنوێ چـووە دامـەزراوە بنەماڵەییەکـەی خۆیانـەوە و تـا 1870 لەوێـدا مایـەوە. سـەرباریی چالاکیـه بازرگانیـه سـەرکەوتووەکانی، یـاوەری سیاسـیی و فیکریـی سـەرەکیی مارکـس مایـەوە، و هەڵوێسـته هاوبەشـەکەیانی لـه کۆمەڵەیەکـی بەربـڵاوی وتـارە ژوورنالیسـتیەکاندا بەکارهێنـا. هەروەهـا لـه کۆتاییەکانـی دەیـەی 1850دایـه کـه زیـاد لـه پێشـوو دەبێتـه هۆگـری پەیوەندییـه دیالێکتیکیەکانـی نێـوان تێگەیشـتنی ماتریالیسـتی لـه مێـژوو و گۆڕانکاریەکانـی زانسـته سروشـتیەکان (بڕوانـنـه زانسـته سروشـتیەکان). بەرهەمـه ناتەواوەکـەی لەبابـەت ئـەم ناواخنانـەوە لەکۆتاییـدا کۆدەکرێنـەوە و لەدەیـەی 1950دا لەژێرنـاوی دیالێکتیکـی سروشـت لـه مۆسـکۆدا بڵاودەبێتـەوە.

ئەنگێلـس لـه 1870دا دەتوانێـت بەئاسـوودەیی خانەنشـین ببێـت و بـەرەو لەنـدەن بـڕوات. ئەوکاتـەی کـه تەندروسـتیی مارکـس خـراپ بـوو، ئەنگێلـس بەشـێکی گـەورەی کارە سیاسـیەکەیانی، بەتایبـەت بەڕێوەبردنـی ئەنتەرناسـیۆنالی یەکەمـی لـه دواسـاڵەکانیدا، گرتەئەسـتۆ. لـەم دەورە سیاسـیەدایە کـه ئەنگێلـس دژی ڕەوتـه پوزیتیڤیسـتەکانی نـاو حیزبـی سۆسـیال

مارکس و ئەنگێلس هێدی هێدی ئەندیشەیەکیان پەرەدا کە لە مانیفێستدا ئاماژەیان پێدابوو و هەر ئەوەیە کە پێیدەگوترێت «شۆڕشی بەردەوام». ئەم ئەندیشەیە لە جارنامەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراودا هێنرایە ئاراوە کە ئەم دوانە لە مارسی 1850دا بۆ «یەکێتی کۆمۆنیستەکان» ئامادە کرابوو

دێمۆکراتی ئەڵمانیا دەوەستێتەوە و ئانتی دۆرینگ بڵاودەکاتەوە، و ئەمە یەکەم هەوڵە بۆ نواندنەوەی گشتیی هەڵوێستی مارکسیستی. ئەم بەرهەمە و کورتەیەکی بۆنمووونە سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی و سۆسیالیزمی زانستی کۆڵەکەی ناوبانگی فراوانی پێکدەهێنێت لەناو بزووتنەوە سۆسیالیستیە نوێکانی نێوان ساڵانی 1880 و 1914دا. بەرهەمەکانی دیکە، بەتایبەت سەرچاوەی خێزان و لۆدڤیگ فۆێرباخ، پێگەکەی وەک فەیلەسووفێکی تاڕادەیەک گرینگتر لە مارکس لەدرێژەی خولی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم پتەو و قایم دەکات. پاش مەرگی مارکس لە 1883، ئەنگێلس زۆربەی کاتەکانی خۆی تەرخان دەکات بۆ ئێدیت و بڵاوکردنەوەی دووهەمین و سێهەمین بەرگی کتێبی سەرمایە لە 1885 و 1894دا. بەڵام هەروەها دەورێکی چالاکانە دەبینێت لە شکڵپێدانی ئەنتەرناسیۆنالی دووهەمدا (بڕوانە ئەنتەرناسیۆنالەکان)، کە ئەویش هەم وەک باشترین ئامراز دەبینێت بۆ پێگەیشتنی هەرچی زیاری سۆسیالیزم و هەم وەک بەربەستێک لەبەرامبەر مەترسیی جەنگێکی کاولکارانەی نێوان فەرامسا و ئەڵمانیا. رێک ئەوکاتەی ئەنگێلکس دەپەرژایەسەر بەرگی چوارەمی سەرمایە (کە پاشان لەژێرناوی تیۆرەکانی بەهای زیادە [تیۆرەکانی زێدەبایی] بڵاوبووەوە)بە نەخۆشی جەڵدە گیانی لەدەستدا.

ئەنگێلس پێش 1914 ناوبانگێکی بێوێنەی هەبوو. ئەو پتر لە مارکس بە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی مارکسیزم وەک دنیابینیەک لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا لەقەڵەم دراوە (بڕوانە مارکسیزم، پێگەیشتن). سەرباری هەموو ئەمانە، پاش 1914 و شۆڕشی ڕووسیا باوەڕپێکراوەیی و پێگەکەی پتر کەوتەبەر گومان و موناقەشەوە. مارکسیستەکانی سۆڤیەت جەغدیان لەسەر زانستگەرایی زەقی نووسینەکانی وەک بەشێک لە فەلسەفەیەکی فەرمی لەمەڕ «ماتریالیزمی دیالێکتیکی» دەکردەوە، لەحاڵێکدا سۆسیالیستە ڕۆژئاواییەکان بە پوزیتیڤیزم و ڕێڤیزیۆنیزم تاوانباریان دەکرد. ئەم دوو هێڵەی تەفسیر تاوانباران لەبابەت کەمایەسی و سەقەتیە جیددیەکانەوە، چونکە ئەنگێلس سەربە بەرەیەکی پێش پوزیتیڤیستی بوو. پاش مارکس خۆی، مامۆستاکانی هێگل و فێڤریێ بوون و دەبێت تەفسیرەکەی لە سۆسیالیزم لەژێر ئەم تیشکەدا تێبگەین.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کارڤێر، ترێل 1981، 1983، هەندێرسۆن، دەبڵیو. ئۆ. 1976، مەک لێلان، دێڤید 1977، مارکوس، ئێس. 1974، ستیدمەن جۆنز، گەرێت 1978، (1982).

گەرێت ستیدمەن جۆنز

ئایدیالیزم (idealism)

مارکس دژی ئایدیالیزم لە شێوە مێتافیزیکی، مێژوویی و ئەخلاقیەکانیدا بوو. ئایدیالیزمی مێتافیزیکی واقیع بەپێی زەینە بێپەڕ یان پەڕدارەکان [کۆتا و بێکۆتا] یان ئایدیا (تایبەت و بەرزەجێکان) لەقەڵەم دەدات، ئایدیالیزمی مێژوویی یەکەم هێزی بزوێنەر یاخود تاقە هێزی بزوێنەری گۆڕانی مێژوویی لە بکەرێتی ئایدیاکان یان ووشیاریدا دادەنێت، ئایدیالیزمی ئەخلاقی هەڵوێستێکی («بانتر» یان «باشتر») وەک شێوازی داوەری یان عەقڵانیکردنەوەی کردار دێنێتەئاراوە کە لەڕووی ئەزموونەکیەوە بنچینەی نیە. دژەئایدیالیزم، یان «ماتریالیزم»ی مارکس بەنیازی ڕەتکردنەوەی بوون و / یان کارامەیی هۆکارەکیی ئایدیاکانەوە نیە (بەپێچەوانەوە، لە ناکۆکیدا لەگەڵ ماتریالیزمی دابەزاندنەکیدا جەغد لەم خاڵە دەکاتەوە)، بەڵکو سەربەستی و / یان لەپێشبوونی ڕوونکردنەوەکەیان نینکار دەکات.

دەکرێت بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگەلێس لە میانەی ساڵانی 1843 و 1847 بە ڕەخنەیەکی پەرەپێدراوی ئایدیالیزم بزانین، کە تێیدا ئەو و ئەنگێلس حیسابی خۆیان یەکجارەکی لەگەڵ «وێژدانی فەلسەفیی پێش خۆیان» پاک دەکەن و پەرژانەسەر

نیگارکردنی ناوکۆیی توێژینەوە زانستیەکانی خۆیان. ئەم ڕەخنەیە لە جوواڵەیەکی دووئەوەندە پێکهاتبوو: بەپلەی یەکەم، کە بەتایبەتی بزۆزیەکی فۆێرباخیە، ئایدیاکان وەک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی زەینە و جیسمانکراوە پەڕدار و خاوەن کۆتاییەکان [لە پێگەیەکی دیاریکراودا] ڕەچاودەکرێن، بەپلەی دووهەم، کە بەتایبەتی بزۆزیەکی مارکسیە، ئەم زەینانە وەک بەرهەمگەلێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و مێژوویە پێگەیشتووەکان دەخرێنە [پێگەیەکی دیاریکرا وەوە].

ئەوکاتەی مارکس دەپەرژێتەسەر بزۆزیی یەکەم، سەرەتا ڕووی سەرنجی لە دیالێکتیکی هێگلیە و بنەمای کارەکەی ڕەخنەکردنی بەراوەژووییەکانی بابەت_ بارهەڵگری سیانەی هێگلە و ئاراستەی کارەکەی دژی ئۆنتۆلۆژیی ئایدیالیستیی موتڵەق، ئیپیستێمۆلۆژیای میستیکاڵی حەقڵگەرای هێگل و کۆمەڵناسیی ئایدیالیستیی خۆبەست و ڕەخنە لە هاوسروشتیی هێگلیی بابەتە بەراوەژووەکانە_ سەرەتا کورتکردنەوەی بوون بۆ زانین، کە مارکس لێڵیەکەی وەک پوزیتیڤیزمێکی ناڕەخنەگرانە بەڕەوا دەزانێت، پاشان دابەزاندنی زانست بۆ فەلسەفە، کە مارکس دەریدەخات لێکەوتەکەی نادەقبەستوویی تەواوەتیی ئایدیۆلۆژیایە. مارکس لەڕێگەی کاملکردنی ڕەخنەی فۆێرباخی لە ئایدیالیزم، لەبری گرفتی فۆێرباخیی سروشتی مرۆڤی نەگۆڕ، گرفتی مێژوویی_ ماتریالیستیی کۆمەڵگاگەراییەکی مرۆیی پێگەیشتوو دادەنێت: «جەوهەری مرۆڤ ئەبستراکت نیە کە بەشێکی جەهەریی هەموو تاکێک بێت، ئەم جەوهەرە لە واقیعی خۆیدا کۆمەڵەیەکە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان» (تێزگەلێک دەربارەی فۆێرباخ، تێزی شەشەم). هاوکات، مارکس جەغد دەکاتەوە کە مێژوو «هیچ نیە مەگەر چالاکیی مرۆڤەکان بۆ کەوتنە دوای ئامانجەکانیان» (بنەماڵەی پیرۆز)، ئەوکاتەی مارکس دەپەرژێتەسەر داڕشتنی تێگەیشتنی خۆی لە بەرهەمهێنانەوە و گۆڕانی فۆرمە کۆمەڵایەتیەکان و بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی مێژوویی لە پراکسیسی مرۆیی یان کاری مرۆیی، هەر ئەوەندە نیگەرانە کە حەزەربکات لە پێشگریمانە ئۆنتۆلۆژیکەکان کە لە تاکگەرایی جەوهەرگەرا، هەرئەوەندە نیگەرانی حەزەرکردنە لە بەشتبوون کە لە ئیرادەگەرایی.

ئەگەرچی هەم ئەنگێڵس و هەم لێنین کۆمەڵێک موناقەشەی بەهێزیان خستەڕێ دژی گومانگەرایی و ئایدیالیزمی زەینی، ئەو نەریتە ماتریالیزمە دیالێتیکیەی ئەم دووانە دایانمەزراند، پتر خزییەنێو ماتریالیزمێکی دۆگم و ناوەکی. لەلایەکی دیکەوە، مارکسیزمی ڕۆژئاوایی، کە لووکاچ و کۆرش دەسپێشخەری بوون، بۆ جەغدکردنەوەی دووبارە لەسەر لایەنە زەینی و ڕەخنەییەکانی ماتریالیزمی مارکس پتر بەرەو ئەم یان ئەو شێوەی ئایدیالیزمی ئیپیستێمۆلۆژیک ڕۆشتن. «سروشتگەرایی ئەخلاقی»ی مارکس هەم کانتیەکانی ئەنتەرناسیۆنالّی دووهەم ڕەتیانکردەوە و هەم زۆربەی فەیلەسووفانی ئۆمانیست و ئێگزیستانسیالیست کە لە خولی پۆست ستالینی پاش جەنگی جیهانیی دووهەم پەیدابوون. لەگەڵ ئەمەدا، مانا و پێگەی وردی ماتریالیزمی مێژوویی لەم سەرەمەدا جێگەی باس و موناقەشەیە. بەم چەشنە، لەهەر ڕێگەیەکەوە، بابەتی ئایدیالیزم، هەروەک لەسەرەتاوە، دوور نەکەوتەوە لە چەقی ئەندیشەی مارکسیستی. (هەروەها بڕوانە ناسین، تیۆر).

ڕۆی باسکار